
# مامۆستای کورد

له بەهاری شیلاناوێوه تا پاییزی ورمێ / سەید عەلی ئەصغەری کوردستانی / بازرگانێکی فرانسی / دیوانی شێخ ڕەزا / ئەسپ[illegible]ۆز / مۆمێکی نیوه تەمەن / هەژین / کرێوه / شاری پۆکان / به یادی مام هێمن / لانگستۆن هیوو[illegible] چەتە...

هەواڵنامەی کتێب



١٥

پاییزی ١٩٩٢

# مامۆستای کورد


ژمارە ١٥، پاییزی ١٩٩٢

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

ناونیشان: Address
Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: (حیسابی پۆست )
Postal Giro No. / Postgironr 43 55 59 – 0




تابلۆکانی ئەم ژمارەیە : هونەرمەند ڕێبوار سەعید

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| نامە | ٣ |
| سمایلە باشە : ئیسماعیل تەنیا | ٦ |
| لانگستۆن هیووز : سێ شیعر ( وەرگێڕ : ئاشتی ) | ٧ |
| لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی وەرمێ ( بەشی سێیەم ) | ٨ |
| بە یادی مام هێمن | ١٢ |
| سەعید عەلی ئەصفەری کوردستانی : ناسری ڕەزازی | ١٦ |
| ئەسپی پیرۆز: محەمەد فەریق حەسەن | ٢٥ |
| بازرگانێکی فرانسی : فەرهاد پیرباڵ | ٢٧ |
| دیوانی شێخ ڕەزا | ٣٧ |
| وەرامی دۆستان | ٣٨ |
| مۆمێکی نیوەتەمەن : نەجمەدین عەزیز بیانی | ٣٩ |
| شاری بۆکان: ئەنوەر سوڵتانی | ٤٢ |
| ڕانانی کتێبان : یووسف زەنگەنە | ٥١ |
| شیرین بۆزئەرسلان | ٦٤ |
| کتێبخانەی مامۆستای کورد | ٦٧ |
| هەژین : شێرکۆ بێکەس | ٧٢ |
| چەتە : کوردان | ٧٤ |
| کڕێوە : فەرهاد شاکەلی | ٧٨ |



ئەمە ژمارەی پاییزی ١٩٩٢ – ە ، بەڵام لە هەفتەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣ دا چاپ کراوە

ڕێکخستنی هونەری و مۆنتاژ : ئاسۆ گەرمیانی

# نامـــــە

پێویستی سەرشانی ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی گەلەکەمانە، کە زۆر چالاکانە لە ناوەوە و دەرەوەی ڕێکخراوەکان، بە گیان و بیرێکی تازەو پاک و دڵسۆزانەوە، جەماوەر وریا بکەنەوە. دیموکراسی واتە نەهێشتنی دیکتاتۆریی تاکە کەس و تاکە پارتی، واتە ئازادیی بیر و پێکەوە ژیان، پێشبڕکێی تاکە کەس و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، واتە کەم بوونەوە و بگرە بنەبڕکردنی چەک و کوشتنی مرۆڤ لەسەر بیروڕا، واتە دروستکردنی شووڕای گەڕەک و ناو شارەکان و پەرلەمان و ئەنجومەن لە لایەن خەڵکەوە، واتە گەڕانەوەی داد و دادوەری بۆ دادگاکان، شارەزایان بۆ شوێنەکانی خۆیان، سیاسەت بۆ سیاسەتمەداران، شیعر و ئەدەب بۆ نووسەران...

دەبێ ئەوە بە بیری سەرانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بهێنینەوە، کە ئەمڕۆ سەردەمی گۆڕکردنی دیکتاتۆرییە. با دوور بین لە بەرژەوەندیی تاکە کەس و تەسکبینیی تاکە پارتی. بە کردەوە، نەک بەقسەو نووسین، هەوڵی پێکەوە ژیانی دیموکراتییانە بدرێ. دوور لە فروفێڵ و گزی، بەرەو ئامانجی دروستکردنی پەرلەمانێکی کوردستانی هەنگاو بنێین و سوود لە ڕابردوو وەربگرن و ئیدی نەبنە پرد بۆ ئەوەی مشەخۆران بەسەر میللەتەکەمانەوە بلەوەڕێن و سامانی وڵاتەکەمان بدزرێ...

هاوڕێ ئەمەڵی - لەندەن
٣ / ٥ / ١٩٩٢

نازانم بە چ زمانێ سوپاسی هەوڵ و تێکۆشانتان بکەم. لە سایەی تێکۆشانەکانتانا دەبێ چاوەڕوانی شکانی قفڵی ژەنگاویی مێشکانی حەپس کراو بکەین. زۆر خۆشحاڵم بەوەی کە گۆڤاری مامۆستای کورد توانیویەتی هەنگاو بەرەو پێش هەڵبنێت و ساڵی چوار ژمارە بخاتە ژێر چاپ، ئەوە خزمەتی بێوچانی ئێوە دەگەیەنێت...

ساسۆن - ئیسرائیل : بێت شەمش
١٩٩٢/٧/٦

ئێمە ئامانەوێ سەرزەنشت و گلەیی‌یەکانمان ڕاستەوخۆ بەرەورووی دوژمنەکانی خۆمانی بکەینەوە، ئەوەندەی مەبەستمانە ڕووی دەممان بکەینە خۆمان و پەنجە بخەینە سەر زامەکانی خۆمان، تا بزانین ئەوەندەی زەبروزەنگمان لە دوژمنانەوە بۆ دێ، چەند ئەوەندە و زیاتر لە خۆمانەوە بەرەو ڕوومان دەبێتەوە. ئەمە وامان لێ دەکات کە پرسیار لە خۆمان بکەین بۆچی هەستی ئاسایشانەی نەتەوایەتیمان هێندە کز و لاوازە و بگرە هەر نییە..! بەڵێ ئەگەر سستی و لاوازیی هەستی ئاسایشانەی نەتەوایەتیمان نەبێ، ئەی یانی چی بەم ڕۆژگارە چاوچنۆکەکانی کورد پەیتا پەیتا تایە ( پێچکە ) ی تانک و لۆری بەرەو ئەو خوارانە ڕەوانە دەکەن ؟! زۆربەی زۆری ئەو تانک و لۆرییانەی ئێستا لەبەر کەمیی تایە لە جێی خۆیان ئابزوێن و لە کار کەوتوون، سبەینێ بە هۆی ئەو تایانەی لە کوردستانەوە پێیان دەگا، دەکەونە گەڕ. ئەی کەس بیری بۆ ئەوە چووە کە تا ئێستا لە ناو ئێمەدا هی وا هەن، هەر لەپێناوی گیرفان پڕکردندا، نەک تەنیا ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان بە ( ئەنفال کردن) دەدەن، بگرە هەوڵ دەدەن دار و درەختیشمان بە دەردی ئەنفال ببەن، ئەگەر لاوازیی هەستی ئاسایشی نەتەوەیی و ویژدان مردووییمان نەبێت، هەیە میللەتی خۆی بە دەستی خۆی ئاگری ئەنفالکردنێکی تری بۆ خۆش بکات؟! ئەوەتا چاوچنۆکەکانی کوردستان کەوتوونەتە ویزەی دارگوێزەکان و بە تەری توێخی لکەدارەکان لێ دەکەنەوەو بارە لۆریی لێ بار دەکەن و بەرەو کارگەکانی خوارووی عێراق ڕەوانەی دەکەن، گوایە بۆن و بەرامە و شامپۆ و داو و دەرمان و بابەتی ماکیاژی ئافرەتان و چەند کەرەسەیەکی تری کیمیایی‌ی لێ دروست دەکەن. ئەو چاوچنۆکانەی ناو خۆمان، جگە لەوەی زیان بە دارگوێزەکان دەگەیەنن، کە بەشێکن لە سامانی نەتەوایەتیمان، لە ڕوویەکی ترەوە ڕاستەوخۆ خزمەت بە کارگە و پیشەسازییەکانی دوژمن دەبەخشن و دەیانخەنەوە گەڕ و جارێکی تر ڕێیان بۆ خۆش دەکەن بابەتی کیمیاگەری و دەرمانی کوژندە بۆ گەلەکەمان دروست بکەنەوە. سەیر لەوەدایە هەموو دنیا ڕێ لە دوژمنەکەت بگرێ و نەهێڵێ بابەتی وای بۆ بچێ جارێکی تر بتوانێ کیمیایی بخاتەوە گەڕ، کەچی کەسانێک لێرەوە، بەڵێ هەر لە بناری هەڵەبجەی شەهیدەوە، کە تا ئێستاش

بۆنی کیمیایی لێ هەڵدەستێ، کەسانێکی بێویژدان و پارەپەرست، هەڵسن تونێکڵە گوێز بە سەوزی بار بکەن بۆ کارگە و دەزگا پیشەسازییەکانی دوژمنەکەت، باشە، ئەوا وتمان ئەوانە هەست و نەستیان لای پارە و گیرفان پڕکردنە، ئەی کاربەدەستانی گومرکی لای خۆمان دەوریان چییە؟! ئەی نابێ ئەمان هەستی ئاسایشانەی نەتەوایەتییان پلەیەک لە هی ئەوان بەرزتر بێ؟ لەبەر هیچ نا، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و دوا ڕۆژی خۆیان.

خۆزگە پەندێکمان لە ڕابردووی خۆمان وەردەگرت و بەوەش هەستی ئاسایشانەی نەتەوایەتیمان پلەیەک بەرز دەبۆوە..

ئەحمەد سەلام

یەکێتیی نووسەرانی کورد – سلێمانی

وا ئێمە لە کوردستان سەرمان قاڵە و خەریکین و ئەوەندەی پێمان بکرێ ئەجوڵێین. کارەکانمان لەبەر بێ دەرامەتی بە هەنگەشەلێ ڕێ ئەکات ! باری ئابووری و گوزەران خراپە و گرانییە، بەڵام لە ڕووی ئەمن و ئومانەوە « لە جاران باشترە ». مەترسیی هەرە گەورە نەبوونی سوتەمەنییە. لەویش ئەچێ ئەو بەڵێنانەی درابوون بۆ هەمووان نەبێ و تەنها ئاوارەکان و نەخۆشخانە و قوتابخانەکان بگرێتەوە. داروباری وڵاتەکەمان بەرەو فەوتان ئەچن. ئێستە لە سەرانسەری کوردستاندا هەر لێژنەدارە و هەڵچنراوە بو فرۆشتن. کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆن کۆتایی هات « بە هەزار ناری عەلی هەندێ بڕیاریان دا، خوا لێیان بەزیاد نەکات، لە ماڵی خۆیشمانا هێشتا هەر ئەوان خانەخوێن ».

ب . هـ هەولێر

١ / ١١ /١٩٩٢

## کەرکووک

ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی خوارووی لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا هیوایەکی گەشی لە دڵ و دەروونی هەموو نەتەوەی کورددا داگیرساند. نەتەوەی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی تازەدا بەشێکی وڵاتەکەی خۆی ڕزگار کرد و داگیرکەرانی ناچار کرد کوردستان بەجێ بهێڵن بۆ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی . ڕووداوەکانی پاشتر هەرچۆنێک بوون، هەموومان ئاگادارین و دوور تا نزیک لە گەڵیاندا ژیاوین.

ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکە ئەوە بوو کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان دوای شانزدە ساڵ ئاوارەیی و لاواز بوون و شکست و ئەزموونی تفت و تاڵ لەگەڵ دوژمن و دۆستی جۆربەجۆردا، بوون بە ڕێبەر و کارگێڕی کوردستانی خواروو. هەر دیسان لەسایەی ئەو هەلو مەرجەدا هەڵبژاردن کرا و حکوومەتی کوردستان دامەزرا. لە ناو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دیارە لە هەمووان لە پێشتر و بەهێزتر پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانیی کوردستانن بە ڕێبەریی کاک مەسعوود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی.



هەر بەو پێیەش ئەرکی هەرەگەورە و بەرپرسیاریی هەرەگرنگی ئەم قۆناخەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دوو هێزە و ئەو دوو سەرکردەیە. من نامەوێ ببمە ئامۆژگار و ڕێگە بەو برایانە پیشان بدەم کە بۆ ئەم سەردەمە چی پێویستە و دەبێ چی بکەن.

دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی و بووژاندنەوەی ئابووری و ڕۆشنبیریی کوردستان و پێگەیاندنی نەوەیەکی تازەی کوردانە لەو ئەرکانەن کە دەبێ، ئەگەر بیانەوێ گەل باوەڕی پێیان هەبێ، چاکی تێگەیشتبن. ئامانج و ئەرکێکی هەرە گرنگ، بە لای منەوە، پاراستنی خاکی کوردستانە. ڕاستە ئەمڕۆ بەشێک لە خاکی کوردستانی خواروو بەدەست کوردەوەیە، بەڵام ناوچە ستراتیجی و

گرنگەکان، کە شادەماری وڵاتەکەن، هێشتا بە دەست دوژمنەوەن.

کوردستانی خواروو بەبێ کەرکووک و خانەقین و شەنگار وڵاتێکی بێهێز و منداڵێکی شەل و دەست گۆچە. بە بێ کەرکووک و خانەقین و شەنگار کوردایەتی نەدەتوانێ قازانج و سوودی بۆ کەس هەبێت و نە زیانیش بە کەس بگەیەنێ، کە ئەمەش هاوکێشەی سیاسەتی ئەمڕۆی جیهانە. گەلێ جار سەرکردەکانمان ئەوەیان جەخت کردووە کە کەرکووک شتێک نییە سازشی لەسەر بکرێ. مام جەلال درووشمی «کەرکووک قودسی کوردستانە!»ی هەڵگرت و کاک مەسعوود گوتی کەرکووک شارێکی کوردە و قسەی لەسەر نییە. بەڵام ئێمەی نیگەرانی کوردایەتیی کەرکووک، تەنیا بەم قسانە دڵمان ئاو ناخواتەوە. دەبێ سەرکردەکانمان بە ئاشکرا و جار لە دوای جار کوردایەتیی کەرکووک و خانەقین و شەنگار دووپات و دە پات و هەزار پات بکەنەوە. دەبێ لە هەموو گفت و گۆیەکدا، ئەگەر لە پاشەڕۆژدا لە گەڵ هەر ڕژێمێکدا کرا، کوردستانی بوونی کەرکووک و شەنگار و خانەقین پێشمەرج Precondition بێت.

ئەوەی کەرکووک و شەنگار و خانەقینی بەدەستەوە نەبێ کوردستانیشی بەدەستەوە نییە.

گ . هاوڕاز

ستۆکهۆڵم ۱۱ / ۱۰ /۱۹۹۲

### بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی

" دەستەیەک موسوڵمانی کورد " لە کوردستانی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، نامە و پێشنیازیان لە بارەی مافە فەرهەنگی و کارگێڕی و ئابوورییەکانی گەلی کوردی کوردستانی ئێرانەوە داوە بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام داواو پێشنیازەکان هەر بێوەڵام ماونەتەوە. ئەگەرچی وێنەی ئەو نامانە نێردراوە بۆ دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی ئێرانیش، هیچ یەکێکیان بڵاوی نەکردۆتەوە. ئەو برایانە وێنەیەکی نامەکانی خۆیانیان بۆ مامۆستای کورد ناردووە و وا لە خوارەوە چەند بڕگەیەکی کورتکراوەی لێ دەکەینە کوردی و دەیخەینە پێش چاوی خوێنەران :

بسم‌الله الرحمن الرحيم

وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل.

وەک دەزانن ئێمەی موسوڵمانی کورد، سوننی و شیعە، لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشەوە، لە پێناوی بەهێزبوونی پێوەندیی برایانەی میللەتانی موسوڵمانی ئێراندا لە هیچ کۆششێک درێغیمان نەکردووە، بە تایبەت هێندەی پێوەندیی بە کوردستانی ئێرانەوە هەبووە، بۆ چارەی کێشەکان پێشنیازی یەک لەسەر یەکمان پێشکەش کردووە... بەڵام بەداخەوە دەنگمان بەهیچ جێگایەک نەگەیشتووە... هەر بۆ ئاگاداری، ئەو بیرخەرەوانەی کە پێشتر پێشکەشمان کردوون، لێرەدا ناو دەبەین :

۱- جۆزەردانی ساڵی ۱۳۶۳ بە سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی

۲- سەرماوەزی ۱۳۶۸ بەسەرکۆماری ئەوکاتە

۳- بەفرانباری ۱۳۶۹ بە پایەی بەرزی ڕێبەری ٤- جۆزەردانی ۱۳۷۰ بە پایەی بەرزی ڕێبەری

وەک لە نامەکانماندا نووسیومانە، داوامان کردووە بەندی ۱۲، ۱۵، ۱۹ ی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی بخرێتە کار. بەڵام ئێستاش پێشنیازە گرنگەکان جێبەجێ نەکراون وەک : خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگەکانی سەرەتایی و زانستگەکان، سپاردنی بەرپرسیاریی کارگێڕی و دەزگاکانی دەوڵەتی بە خەڵکی ناوچەکە، پەرەپێدانی بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، دامەزراندنی خوێندنگە و نەخۆشخانە و هەروەها دامەزراندنی دەزگایەک بۆ ژیاندنەوەی فەرهەنگی کورد و شتی دیکە.

لە نامەی جۆزەردانی ۱۳۷۰ دا ئەوەمان وەبیر هێناونەتەوە کە دانیشتووانی ئوستانە کوردەکان بە ئاشکرا لە بەرپرسیارانی نابوومی ( کە خەڵکی ناوچەکە نین ) نارازین. ئەگەر مادەی دوانزدەی قانوونی ئەساسی بخرێتە کار و هەڵبژاردنی لێپرسراوان بە هۆی شووراکانی ناوچەوە بکرێ، ئەم کێشەیەش لادەبرێ. ئێمەی کورد هیواداریین... کە گەلەکەمان لەدەستی ڕەگەزپەرستانی گومڕێ ، کە ماوەیەک ئەم میللەتەیان بە تورکی چایی یا کوڕی ڕەبیعە و قەحطان و جنۆکە یا کوڕی گرشاسب و ئەسفەندیار ناو بردووە، ڕزگاری ببێ.

موسوڵمانانی کورد ـ ۱۳۷۱

## سمایله باشه

### ماڵئاوای له شیعر و کۆترەکانی کرد

ئیسماعیل تەنیا / هەولێر

سمایله باشە، یەکێکە لە شاعیرە میللییە ناسراوەکانی ناوچەی دەشتی هەولێر. ناوی تەواوی ( ئیسماعیل عەزیز عومەر ) ە، لەبەر قسە خۆشی و ڕەفتار چاکیی لە ناو خەڵکدا بە سمایلە باشە ناسراوە. ئەم شاعیرە لە ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی (دووکەڵە)ی سەر بە پارێزگەی هەولێر لە دایک بووە. هەرچەندە خۆی نەخوێندەوار و دەروێشێکی دڵپاکی شێخ سەعیدی دیلێژە بووە بەڵام بە دەیان شیعری میللیی چیرۆک ئامێزی بۆ بە جێ هێشتووین. لە تەمەنی لاویدا هاوسەرەکەی کۆچی دوایی دەکات. شاعیر لە پاش کۆچی دوایی خێزانەکەی ژن ناهێنێت و بە ڕەبەنی ژیان دەباتە سەر. پیاوێکی ئایینی و لە خوا ترس بووە، بە ڕیشێکی درێژی وەک بەفرەوە. تا مردنیشی بۆ ئاگر کردنەوە هەر (بەردی ستێ)ی بە کار هێناوە. زۆر شیعری دژی ڕژێم هەڵبەستووە و تا ئێستا چاپ نەکراون. شاعیر لە گوندی (میرەکان) وەک پاشا دەژیا، باخچەیەکی گەورەی پڕ لە جۆراوجۆر داری بەردار و بێبەری هەبوو، نزیکەی سێ هەزار کۆتری هەبوو... لە بەهاری ١٩٨٧ دا، گوندی «میرەکان» یەکێک لەو هەزاران گوندانە بوو کە ڕژێم خاپووری کرد. کۆترەکانی شاعیری میللی، سمایلە باشە پەڕاکەندە بوون و خۆیشی بە خەم و کەسەرێکی زۆرەوە بەرەو هەولێر هەڵکشا... زستانە تووشەکەی ڕابردوو سمایلە باشەی شاعیر گەڕایەوە میرەکان و وەسیەتیشی کرد گەر مرد هەر لەوێ بینێژن... ئەوە بوو شەوی ٢٥ـ٢٦ / ١ / ١٩٩٢ بۆ دوا جار و لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، لە باوەشی گوندە وێرانەکەی چاوەکانی لێک ناو لە دوای خۆی کۆمەڵێک شیعری بێناز و هەزاران کۆتری داغانی بەجێ هێشت و لە سەر داواکەی خۆی هەر لە گۆڕستانی میرەکان نێژرا.



قاڵیچنەکەی هاوسێمان

نیگاری ڕێبوار سەعید

## لانگستون هیووز ۱۹۰۲ ـ ۱۹٦۷
### سیٚ شیعر
( ئاشتی ) له ئینگلیزییەوە کردوونی به کوردی

دەربەدەر

ئێمە ئەو خەڵکە لیقەوماوەین
کە گوێ نادەینیٚ،
ئێمە ئەو برسیگەلەین
کە هیچ کوێمان نییە
تێیدا بخۆین،
شوێنمان نییە لێی بخەوین،
ئێمە ئەو خەڵکە بێفرمێسکەین
کە گریانیشمان
لە دەست نایە.

تاسە

تاسە بۆ ئێمە
چەشنی مەرگێکی دوو هێندە بوو،
مەرگێکی خێرای هەناسەکانی تێکەڵبوومان،
هەڵمی
عەترێکی سەیر و نامۆ
لە نێوانی ئێمەدا،بە پەلە
لە دیوێکی رووت و قووتدا.

هێڵی سنوور

جاران بە دەم پرسیارەوە بیرم دەکردەوە
سەبارەت بە ژیان و مردن ـ
ئێستا پێم وایە
جیاوازیی ئەم دووانە
وەک جیاوازیی فرمێسک و گریان وایە.
جاران بە دەم پرسیارەوە بیرم دەکردەوە
سەبارەت بە ئێرە و ئەوێ ـ
ئێستا پێم وایە
ئەوەی کە لە هیچ کوێ نەبیٚ مەودایە.

# لە بەهاری شیلاناوێوە

– ئێستە کە ئەندامی پارتی نییت، یا ئەندامی پارتییەک نییت، زۆرتر باسی سیاسەت و باشتر باسی سیاسەت دەکەی. ئەودەم بۆ نەتدەکرد...؟! لە تاریک و روونیشدا وات نەگوتووە، یا پێشانت نەداوە کە سانسۆری حیزبیش و کوردایەتیش تەنسیری لێ کردووی...

– ئەوەش هەر سانسۆری حیزبە کاکە (پێدەکەنێ)، مەگەر تاریک و روون کێ بڵاوی کردۆتەوە؟! حیزب بڵاوی کردۆتەوە، خۆ من بڵاوم نەکردۆتەوە.

– ئەی ئێستە چۆن سەیری تەجروبەی سیاسیی خۆت ئەکەی؟!

– قەرار وا نەبوو لە سیاسەت قسە نەکەین...؟!

– نا... مەبەستم ئەوە نییە بە درێژا باسی بکەی، تەنیا وەک یەکێ لە تەجروبەکانی، سەرچاوەکانی شیعر لای تۆ. هەڵبەتە سیاسەتیش دەورێکی بینیوە. ئێستە چۆن سەیری ئەو ژیانە دەکەی کە لە سیاسەتدا بردووتەتە سەر؟!

– وەڵڵاهی من ئەلعانیش بە جێی شانازیی خۆمی دەزانم، چونکوو پێم وایە کورد هەر بە شیعر رزگاری نەدەبوو... لە رژێمی تاغووتیدا، پێم وا بوو کە دەبوو سیاسەتیشی بۆ بکەی، حەتتا چەکداریشی بۆ بکەی. وە لە شەڕی سێ مانگەی لەگەڵ لیبرالیزم و بەنی سەدرا من چەکداریشم کرد، بەو پیرییەی خۆمەوە. ئەلعان بەردە هێمن مەشهوورە، کە لە بن بەردێکی دانیشتووم و هیلیکۆپتەرم وە بەر تفەنگان داوە. بە دەست و تفەنگیش خوێڕی نیم، ئەمما پێم وا بوو بە نەفعی ئیمپریالیزم کورد نابێ دەست بداتە چەک ئیدی. من دەو بڕوایەدام، ئەلعانیش هەر دەو بڕوایەدام کە ئیمپریالیزم دەیتوانی لە شەڕی ئەووەڵی جیهانیدا کوردستانێ بە وجوود بێنێ، زۆر بە ئاسانی دەیتوانی، نەیکرد، بە تایبەتی ئەو ئیمپریالیزمەی کە ئێمە دەمانگوت قەتمان تاقی نەکردۆتەوە؛ یانی ئیمپریالیزمی فەرەنسە، کە بە حاڵەتێکی برا کوردەکانی سووریەمان بە لەش و خوێن و هەموو شتێکی خۆیانەوە ئیحساسیان کردووە. تاریخ نیشانی داوە ئەگەر ئیمپریالیزمی فەرەنسە یاریدەی کەمال ئەتاتورکی نەدابا، بەو زووانە شۆڕشی کوردی تورکیەی دانەدەمرکایەوە. ئێمە چۆنمان هیوا بەوەی بێ. ئەوەیە کە من، راستییەکەی، وەکوو ئینسانێکی دژی ئیمپریالیزمی ئەلعان لە سیاسەتدام.

– ئەوجا با بچینە سەر شیعری کلاسیکی کوردی یا هەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی...

–بەڵێ

– چەند شارەزاییت لێی هەیە؟

– بەڵێ، وەڵڵاهی هەر لە پێشداش گوتم من کەلاسیک ناڵێم، کاکە، چونکوو... من دەڵێم عەرووزی، کۆن، نازانم... هەرچی دەڵێی... وەڵڵاهی زۆر شارەزام من.

# تا پاییزی ورمێ ۷

– کلاسیک کە دەڵێم، لێرەدا مەبەستم تەنیا شەکل، یا بڵێین فۆرمی شیعر نییە، بەڵکە هەر وەک قۆناغێکی تاریخی ناوی کلاسیک دەبەم... هەر ئێمەش نین، میللەتی دیکەش هەموو وان...

– ئێمە دوو نەوعمان ئەدەب هەیە، بەڕاستی... ئەدەبیات، شیعر هەیە... نابێ بڵێین ئەدەبیاتمان هەیە بە تەواوی مەعنای کەلیمە... دوو نەوعمان ئەدەبیات هەیە؛ نووسراو و نەنووسراو، یانی ئەوانەی کەپێیان دەڵێن فۆلکلۆر، یا ئەوانەی وەک شاعیرەکانی لە جەزیری، فەقێی تەیران و جزیرڕا دێیە خوارێ... ئەگەر ئەوانە دەڵێی من شاعیری زۆر گەورە دە نێو وانەدا دەبینم. ئەگەرچی زۆر چاک لەهجەی گۆرانی نازانم من – با ئەو حەقیقەتەش بڵێم –، بەڵام وەختێکی بەراوردێکم کردووە لە بەینی شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی و نیزامیدا، هیچ بە کەمی نازانم لە نیزامی، لە نیزامی بە کەمترم نایەتە بەرچاوێ. وەختێکی مەم و زینی لە موقابیلی یەکێک لە پێنج کتێبەکانی نیزامیدا دادەنێم، ئەگەر مەم و زین دە موقابیلی لەیل و مەجنوونی کە هەر لەسەر ئەو وەزنە دانراوە، موقابیلیان بکەین، ئەمن پێم وایە لە باری مەعناوە مەم و زین چێتر و فەیلەسووفانەترە. وە بۆیەش زۆری بە موەفەق دەزانم قارەمانەکانیشی کوردن، صەحنەی داستانیشی هەر کوردستانە، فەرهەنگ هەر فەرهەنگی کوردییە، داب و رەسم هەر داب و رەسمی کوردییە. بەڵام نیزامییەکی لە گەنجەیڕا دەچێ بۆ چۆڵی عەرەبستانی نەیتوانیوە ئاداب و رەسوومی عەرەب وەکوو عەرەبێک بەیان کا. دیارە فارسییەکەی زۆر رێک و دروستترە لە کوردییەکەی خانی. دەگەڕێینەوە بۆ نالی و مەحوی و ئەوانە، بەڕاستی پێم وایە شاعیری زۆر گەورەن، وە زۆرم ئیمان پێیانە... شاعیرەکانی قەرنی بیستوممان...

– ئەی شێخ رەزا...؟!

– وەڵاهی کاکە، شێخ رەزا بەڕاستی نازیمێکی چاکە...

– نازیم...؟!

– نازیم، فەرقی هەیە بە عەقیدەی من. یەعنی توانیویەتی وەزن و قافیە و قاڵب زۆر جوان دروست کا. بەڵام شیعرەکانی سەرفی نەزمر لەوەی هەجوون، تەنز نین...

– ئەی ئەوە، بە رەئی تۆ، تازە نییە؟! شتێکی تازە نەبوو لە ئەدەبی کوردیدا؟!

– نەخێر... دە ئەدەبی کوردیدا تازەن، بۆچی...

– ئەی زمانی شێخ رەزا، بۆچی پیاو باسی ئەوەش نەکا...؟!

– ئای... زۆر، زۆر... بە راستی رەوانە...

– زمانێکی زۆر سوارە...

– زۆر رەوانە... زۆر سوارە... عەرزم کردی، من لە

باری وەزندا شێخ ڕەزای زۆر بە گەورە دەزانم، وە لە باری وەیدا کە تەعبیری کوردانەیشی هێناوەتە ناو شیعری خۆیەوە، کە لە پێش ویدا دیارە لە شیعری نالیدا کەم تا کورتێک دەبینری، لە بیرت نەچێ، بەڵام:

کارێ کە غەم و دەردی فەراقت بە منی کرد
سەرما بە هەتیو، با بە دەواری شڕی ناکا،

ئیدی کوردی کوردییە. لەبەر وەی من شێخ ڕەزاشم... بەڵام بە داخەوە شیعرەکانی زۆریان ڕووی مەجلیسیان نییە ئیدی... دەڵێی چی... تو خوداکەی... ئەوە لە کن خۆمان بێ ئینشائەڵڵا، خۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس لێ نادەی... ڕۆژێکی کچەکانی تەلەبەی بەشی کوردیی دانشکەدەی بەغدا هاتنە لام هەموویان پێدەکەنین...

– جا کوا کچمان هەبوو...؟!

– بە دی، سێ چواریکمان هەبوو...

– نیویان لە پیاو دەچوون...

– ها ها... وا... هاتنە لام، پێدەکەنین سەیر. کوتم بە چی دەکەنن؟! کوتیان وەڵڵا مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەوڕۆ لەسەر دەرس باسی شێخ ڕەزای بۆ کردووین و ئەو شیعرەشی بە نموونە خوێندۆتەوە:

بەو جووتە گونە من کە دەڵێی عەنتەری نێرم
لێم لادە ئەوەک بتخەمە بەر حەملەیی کێرم،

دەیگوت مامۆستامان بۆ خۆمان وەک عەنتەری نێر هاتبووە بەرچاو (هەموومان پێدەکەنین)... هەموو پێدەکەنین، بە ڕاستی ئەگەر لە بیرت بێ ڕەنگبێ، مامۆستا ئەگەر ڕووت کردباوە، ڕەنگبێ لە شتێکی سەیری بکردایە... بەڵێ... شێخ ڕەزا ، بە داخەوە، شیعرەکانی، بڵێم چی، بۆ پێکەنین دەبن، بۆ خۆشی دەبن. بەڵام کاکە، شێخ ڕەزا، ئەو کەسەی شارەزای ئەدەبی فارسی بێ، زۆر شاگردی عوبەیدی زاکانی بووە، زۆریش لەوی شاعیرتر بووە، یانی، موسەللەتتر بووە بەسەر وەزن و قافیە و... بەڵام ئی شیعری عوبەیدی زاکانی لە عەینی حاڵدا کە جنێوی داوە، کە هەجووی کردووە، نەتیجەیەکی موسبەتی لە شیعرەکانی وەرگرتووە، بە داخەوە شێخ ڕەزا هەر جنێوی داوە، بۆ خۆت دەزانی... ئەم جنێودانە وە نەبێ بۆیە بووبێ ئیسلاحی جامیعەی پێ بکا... دەنا حاجی قادری کۆییش جنێوی داوە... ئەگەر کوردێک زمانی خۆی نەزانێ، جنێوێکی گەورەیە. بەڵام هێمن لە مەقابیلی وەیدا دەڵێ: وەکوو باڵی پەری پاکە جنێوت... چونکوو جنێوەکەی موسبەت بووە. لەبەر وەی ئەو تەقدەم لە شێخ ڕەزا هەیە... وە پێم وایە، با ئەوەش دەربارەی شێخ ڕەزادا بڵێم: هیچ کوردێک لە شێخ ڕەزای، ئەلعانیش، فارسی چاتر نازانێ...

– فارسی؟

– بەڵێ... بە عەقیدەی من، ئەلعانیش، لەو کوردستانە ئیرانەیدا، کە هەموومان بە فارسیمان خوێندووە، هیچمان ناتوانین شیعری فارسی وەکوو وی بڵێین. مەحشەرێکە لە شیعری فارسیدا کە پیاو هەر سەری... تەعەججوب دەمێنێ. ئەڵبەتە من دەگەڵ فیکرەکەی یەک نیم، بەڵام تەماشای ئەو دوو شیعرە، دەڵێ:

رسم فرنگیان کله از سر فگنداست
تعظیم چون کنند خداوند جاهرا
من اکتفا بشیوهء ایشان تمیکنم
هم سر به پایت افگنم و هم کلاهرا

کە ڕەنگبێ شاعیرە مەدداحەکانی فارس بۆ خۆیان مەدحی وای پادشایان نەکردووە، ئەمما پێم وایە هیچی نەداوەتێ چونکوو کورد بووە... (پێدەکەنێ)... بەڵێ...

– ئەی مەلای جەزیریت پێ چۆنە؟

– وەڵاهی کاکە، تو خواکەی من شتێکی نەزانم بۆ دەبێ زۆری... من کرمانجی وا نازانم... حەتتا کاک هەژارم ئینتیقاد کرد، کە تۆ دەڵێی ئەوە لەگەڵ مەولانای ڕۆمی هاوشانە... پێم وایە برێک زێدەڕەویت کردووە لەوەیدا. بە ڕاستی شیعرێکی بۆ خوێندمەوە کە من موتەوەججیهی نەبووم. ئەلعانیش لە بیرم نییە، هەر وەتا دیوانەکەشی، بە داخەوە فرسەتی وام نییە تەماشای بکەم، بۆم نابینرێتەوە. تەماشام کرد بە ڕاستی عارفێکی گەورە بووە. ڕەنگبێ جەلالەددین شیعری وای نەبووە. کە وا بوو هەژار بە خۆڕایی هێندەی پیا هەڵنەکوتووە. بەڵام ئەوەی ئەگەر مامۆستایەکی کرمانجی چاتر دەزانن لە من، ئەگەر بەوان بڵێی... من گۆرانی چاتر دەزانم لە کرمانجی. بە ڕاستی لە کرمانجیدا زۆر کۆڵم... ئەگەر

عەرزت دەکەم برێک لە خانیدا شارەزاترم ئەوەیە کە ئەوەڵا زۆر پترم خوێندەوە... دە بێکاریدا توانیم مەم و زین چاکتر بخوێنمەوە.

– بە کرمانجییەکەی یا ئەوەی هەژار؟

– بە کرمانجییەکەی . هی هەژاریش یارمەتیی دام ، پیاو حەق بڵێ، ئەویش یارمەتیی داوم ئیدی. وەختێکی شیعرێکی تێ نەگەیشتووم چووم تەماشای هەژارەکەشم کردووە. تەماشام کردووە، ئەگەرچی ئەگەر تەماشای پێشەکیی توحفەی موزەففەری بکەی هەژارم نەقد کردووە کە نەیتوانیوە فەلسەفەکەی خانیمان پێ نیشان بدا.

ئەم رۆژانە تووشی ئەدیبێکی زۆر گەورەی کورد بووم بە ناوی سەیید تاهیری هاشمی، کە ئێوە نایناسن... بە راستی گەورەیە. بە راستی زۆر گەورەیە. ئەو، حەتتا ئینتیقادی لە مامۆستا مەلا کەریمی بوو کە بە خۆرایی شەرحی لەسەر نالی کردووە. دەبێ شاعیر لێی گەڕێی، هەر کەسە، وەکوو دەریایێک، بەشی خۆی لێ هەڵێنجێنێ. حەیفە... حەیفە ئەو کەسەی لە نالی ناگا، تێی بگا... لێی گەڕێ با تێی نەگا... بە راستیش ئەوەندەی جوان فەرموو. حەتتا لە سەر مەلای جزیریی کاک هەژاریش ئەو نەقدەی هەر هەبوو. دەیکوت مامۆستا هەژار دەبوو ئەو کەلیمانەی بۆ ئێمەی گۆران موشکیلە بۆمان بکاتە فارسییەک، یا کوردییەکی سۆرانی، با تێی گەیشتباین. ئیدی لازم نەبوو ئەو شەرحەی لەسەر بکا. ئەو عەقیدەی وایە...

– سەیید تاهیری هاشمی...

– بەڵێ... بە راستی ئەدیبێکی گەورەی کوردە. ئەدەبناسێکی گەورەی کوردە.

– رەخنەگرێکی باشیشە وا بزانم...

– رەخنەگرێکی باشە...

– وتارەکانی لە رادیۆی کرماشانەوە دەیخوێندنەوە شتێکی بە راستی نایاب بوون.

– بەڵێ. عەرزت دەکەم، ئەوجار کتێبخانەیەکی زۆر عەزیمی کوردیی هەیە. دەیکوت پتر لە بیست دیوانی مەولەوی...

– دەستنووس مەبەستت...

– دەستنووسم هەیە. بەڵێ، وە دەیکوت وەختێکی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس خەریکی مەولەوی بوو، لە منی نووسی کە ئەتۆ عەقیدەت چۆنە... بنووسە، ئەو شتانەی کە مەشکووکی هی مەولەوین، یا هی مەولەوی نین. کوتی وەڵا هەمووم بۆ نووسی، بە داخەوە هەمووی چاپ کردووە (پێدەکەنێ)... کوتی ئەوەی ئێوە لە سرووەتاندا چاپ کردووە- ئێمە بەهارێکیمان لە سروەدا چاپ کردووە- کوتی ئیتیفاقەن ئەوە یەکێک لەوانە بوو کە ئەمن بە مەشکووک پێم موعەررەفی کردبوو. وە من دڵم ئەهات دەو مەجلیسە خوسووسییەیدا بڵێم کتێب لە عێراقیدا هەتا ئەستوورتر بێ پتری پووڵ لێ وەگیر دەکەوێ... دڵم ئەهات ئەوەی عەرز بکەم (پێدەکەنێ)، بەڵێ، کوتی، زۆریان بە مەشکووک دەزانم ئەوی ئەو هەیەتی. من شتی چاترم هەیە. وە ئەوەی کە ئێمە لە صەفحەی دووهەمی...

– سروە،

– سروەدا نووسیومانە: هەر چەن مەواچان...

– ئەوە هی خانای قوبادییە...

– خانای قوبادییە، خەڵک بە نەوعی دیکەی بۆ ناردووین: مەحزووزەن هەر کەس وە زوان خوێش، ئەو دەڵێ: دڵشادەن... عەرزت دەکەم، دەڵێن (ئەورەنگ) وای دروست کردووە. ئەوەمان لە زمانی مامۆستا تاهیری بیستووە، دەڵێ من دەستم لێ نەداوە، وەرن نوسخە ئەسڵییەکەتان پێ نیشان دەم، خۆی وای نووسیوە. ئەم کەسانەی تەسەرروفیان تێدا کردووە پاش وی تەسەرروفیان کردووە...

– ئەی مەولەوی...؟! سەیید عەبدولڕەحیم

– بەڵێ... سەیید عەبدولڕەحیمیش هەر ئەو چاکی دەزانێ.

– نا، مەبەستم وەکوو شاعیرێک چۆنی دەبینی؟

– من زۆر بە گەورەی دەزانم. زۆر سەیرە. بارەها، لە بیرتە، کە لە عێراقیش ئەگەر دەیانکوت بە موناسەبەتی، مەسەلەن، وەفاتی (ئەلفەکە بە شێوەیەکی گاڵتە ئامێز درێژ دەکاتەوە. ف) تەوفیق وەردی شیعرێک بڵێ (پێدەکەنێ)، من شیعرم بۆ نایێ بە موناسەبە، دەمکوت من شاعیری موناسەبات نیم، کەچی ئەم کابرایە هەموو شیعرەکەی موناسەباتە، کەچی دە هەموویدا، بۆ خۆت دەزانی، گەیوەتە ئەوج، پێم وایە...

– راستگۆ بووە، ئەوەیە مەسەلە...

– بەڵێ زۆر ڕاستگۆ بووە...

– بەلام ڕەنگە لە هەمووی جوانتر ئەوانە بن کە بۆ عەنبەر خاتوونی نووسیون؟!

– پەک، پەک، پەک، پەک... بەڵێ، بەڵێ، پێم وانییە... دیارە لە بیرت نەچێ کە، نازانم شیعری کامەیانە، پێش وی، حەماغای دەربەند فەقەرەیە، نازانم چی، کە ئەویش لە سەر گڵکۆی تازەی لەیلی...

– ئەحمەد بەگی کۆماسی...

– کۆماسی بێ، یا نازانم، بەڵێ... گڵکۆی تازەی لەیل دەپێش عەنبەرخاتووندا کوتراوە. ئەگەر ئەوە نەبا، یانی ئەوەشمان لە ئیختیاردا نەبا، دەبوو بە قەتعە شیعرێکی عالەمی ناسرابا، بە ڕاستی. پێم وانییە کەس شینی بۆ خۆشەویستی خۆی وا گێڕابێ، وەک ئەو دوانە هەردووکیان گێڕاویانە. هەردووکیان زۆر چاکن... بەڵێ... وە خۆشەویستیی عەنبەر خاتوونی هەر لە مەرگەکەیدا دیار نییە، ئیدی، لە نەخۆشییەکەیدا کە جەرگی بۆ دەکاتە، دڵی بۆ دەکاتە هەنار و دەڵێ کون کونی کەو بۆنی پێوە کە، هەنار بۆ هەلامەت...

– ئەویشی هەر بۆ عەنبەرخاتوون نووسیوە؟!

– بەڵێ ئەویشی هەر بۆ عەنبەرخاتوون نووسیوە... بەڵێ... نەخێر، شتێکی سەیرە. باوەڕ بفەرموو شیعرێکمان... قەرار وایە مامۆستا تایەر بۆمان بنووسێ، ئەگەر ئینشائەڵڵا سروە گەیشتە فەسڵی زستانێ. بۆی خوێندینەوە، مەفهوومەکەم لە بیرە ئەگەر شیعرەکانم لە بیر نەبن؛ مەفهوومە، بۆ خۆت دەزانی، کە... ئەگەر بیکەیە زبانێکی دیکەش ئەو تام و بۆنەی هەر هەیە، دەڵێ: زستانە و عوزری هەیە بۆ دیتنی... بچێتە خزمەت شێخەکەی، شێخی سەراجوددین. زستانە، ناتوانم بێم، پیرم، نازانم چم، ئەمن ناتوانم بێم، بەفر ڕێگای گرتووم، بەلام ئەو کەسانەی شەوقی زیارەت زۆری بۆ هێناون، من ڕێگایەکیان پێ نیشان دەدەم زۆر بە ئاسانی بڕۆن بۆ لای وی، ئەویش ئەو ڕێگایەیە کە هەناسەی من بۆ خزمەت شێخ کردوویەتییەوە، ڕەشانگە... هێند گەرمە هەناسەکەم... بە ڕەشانگەکەیدا بڕۆن دەگەنە تەوێڵە... ئایا تا ئێستا فکری وا ناسکت... پێم وایە زۆر کەم هەیە. لەسەر زستانی ناشیرینی چەند جوان ... ئەوی کردووە... بەڵێ....

# به یادی

# مام هێمن

فەرهاد شاکەلی

هاوینی وا گەرم و ناخۆشم دەمێک بوو نەدیبوو.(١) قرچە و گڕەیەک بوو مرۆڤی بە جارێ هەراسان دەکرد. هەر کە لە فڕگەی « میهراباد» هاتمە دەرەوە، وام دەزانی هەموو گیانم هالاوی لێ هەڵدەستێ. شەقام و ڕێگەویان بە جۆرێ تاویان سەندبوو، دەتگوت ئاگریان لە بندایە. ئەمە یەکەمین جار بوو، دوای هاتنە ئەورووپام، دەچوومەوە بۆ کوردستان. هەشت ساڵ بوو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستم بەجێ هێشتبوو، دە ساڵی ڕێکیش بوو کوردستانی ئێران و عێراقم نەبینیبوو. ئەو حەوت ڕۆژەی لە تاران مامەوە بە حەوت ساڵم لێ بەسەر چوون؛ خواخوام بوو ڕۆژێ زووتر بگەمە کوردستان و بە دیداری خەڵک و ئاو و خاک و دار و بەردەکەی شاد بیمەوە. کوردستانی ئێرانم پێشتریش دیتبوو. ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتی ( بەهاری ١٩٧٤ تا بەهاری ١٩٧٥ )، سێ چوار جارێ سەری ئەوێم دابوو، زۆربەی شار و شارۆچکەکانی گەڕابووم و دۆست و ناشنام لێ پەیدا کردبوون. هەر لەو دەمەوە و هەتا ئێستاش کوردستانی ئێران جێگەیەکی تایبەتی لە دڵمدا هەیە، خۆشم نازانم بۆچی ! هەر جارێ دەچمەوە ئەوێ وا دەزانم بۆ زێدی منداڵی و مەڵبەندی لاوێتیم دەگەڕێمەوە.

لە ورمێ یەکەم شت، دەمویست چاوم بە مام هێمن بکەوێ. بیستبووم ناوەندی سەلاحوددینی ئەییووبی دامەزراوە و گۆڤاری سروە دەردەچێ. ڕۆژی ٢١ / ٦ / ١٩٨٥ چوومە ئەو ناوەندە. باوەڕم نەدەکرد دوای ئەو هەموو ساڵە، مام هێمن بمناسێتەوە. بەلام هەر کە بیستی لەوێم هاتە خوارەوە و گەرم و گوڕی و خۆشەویستییەکی یەکجار زۆری پێشان دا. چووینە سەرێ و بە دۆستانی ئەوێی ناساندم. باسی سروەی

کرد و هیوا و بەرنامەیەکی زۆری بۆ پاشەڕۆژ هەبوون. دوای تاریێ ، دەبوو بچمەوە هۆتێل بۆ لای دۆستانم. بەڵێنم دایێ جارێکی دیکە بچمەوە و سەری ماڵیش بدەم.

مام هێمنم لە بەغداوە دەناسی. ئەو ساڵانەی لە زانستگەی بەغدا دەمخوێند ئاشنایەتیمان پەیدا کردبوو. لە سەرەتادا هەر ئەوەندە بوو لە کۆڕە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا چاومان بە یەکدی دەکەوت و سەڵاو و چاک و خۆشیمان دەکرد. جارێکیان لە کۆڕێکی شیعردا شیعرمان خوێندەوە. نازانم ئەویش شیعری خوێندەوە یان نا، بەڵام دەزانم قسەی کرد . لە سەر مەسەلەیەکی ئەدەبی ناخۆشییەکی بچکۆلە لە نێوانماندا ڕووی دا. ناخۆشییەکە هی ئەوتۆ بوو کە هەر لەوێدا لەبیر بکرێ، دڵئێشان نەبوو. دیارە مامۆستا لای ئێمە زۆر بەڕێز و خۆشەویست بوو. بێجگە لەوەی کە شاعیرێکی گەورە و خاوەن ئەزموون بوو، نیشانەی خەبات و تێکۆشان و ئاوارەییش بوو. دواتر لە گەڵ ئێمە، شاعیرانی لاو و نوێخوازی ئەو کاتەی کوردستانی خواروو، پێوەندییەکی دۆستانە و بتەوی دامەزراند؛ ڕێنوێنی و پشتگریی دەکردین.

کە شەڕی ئازادیخوازانەی گەلی کورد دژی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ١٩٧٤ دا دەستی پێ کردەوە، ئێمە هەموو ڕوومان کردە شاخ. هاوینی ئەو ساڵە بۆ مام هێمنی تەنیا و لە بەغدا بە جێ ماو یەکجار سەخت و ناخۆش بوو بوو. لە شاخ بووین کە شیعری « ناڵەی جودایی »مان بە دەستنووس پێ گەیشت. لە خوێندنەوەی تێر نەدەبووین. بریا دە هاوینی دیکەی وا سەختی دیتبایە و دە ناڵەی دیکەی بۆ کورد بکردایەتە شیعر. جوانی و بەرزیی ئەو شیعرەی مام هێمن لەوەدایە بێ گرێ و گۆتاڵ دەردی دڵ دەردەبڕێ. پیرێکی زۆرهانی سەرگەشتە و وێرانەماڵە، مەیدۆستێکی جەرگسووتاوە. نەهاتووە وەک شاعیرێکی سیاسەتاوی خۆیمان لێ بکا بە پاڵەوانێکی پۆڵاناسای لە شکان نەهاتوو.

دوای هەرەسەکەی بەهاری ١٩٧٥ زۆربەمان گەڕاینەوە سەر خوێندن و کاری خۆمان. ئەم جارە مام هێمن بە خۆشەویستی و ڕێزێکی زیاترەوە پێشوازیی کردین . ئەگەر جاران ئێمە کۆمەڵێ شاعیری لاو بووین، ئێستا بووبووینە دۆستی هاوتەمەن!. وا دیار بوو ئەو ساڵەی پێشمەرگایەتی ئێمەی لە بەر چاوی مام هێمن گەورەتر، بە تەمەنتر و ئەزمووندارتر کردبوو. کە یەکەم جار بینیمەوە باسی مەهابادم بۆی کرد. وتم صەلاحی کوڕتم لە دوورەوە بینیوە. بە تاسە و خەمێکی زۆرەوە گوێی دەگرت. وتی « تاریک و ڕوون »م بۆ داناوی. ڕۆژێ لە دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی چاوم پێ کەوتەوە. ساکەکەی دەستی کردەوە، دانەیەکی لە تاریک و ڕوون بۆ هێنابووم.

بە هۆی کاری سیاسییەوە، من ئەو هاوینە لە بەغدا مامەوە. یەک دوو جار سەری کوردستانم دایەوە. لە گەڵ مام هێمن وا ڕێک کەوتین دەمەو پاییز، کە هەوا خۆش دەبێ ، پێکەوە بچین بۆ گوندەکەی ئێمە، شاکەل، بەڵام قەتیش ڕێک نەکەوت. ڕێک لە ناوەڕاستی هاویندا بوو ، کە بەعس لێمان وە ئاگا هات، وەک دێو کەوتە ڕاونانمان. ئێمەیش خۆمان لەبەرچاوان ون کرد و کەوتینە « خەباتی ژێرزەوی ». حەفتەی جارێ لە گەڵ هاوڕێیانی سیاسیدا یەکمان دەبینی. بە تاکسی هاتوچۆمان دەکرد و زۆرتر لە باغچەکانی ئەبوو نوواس کۆ دەبووینەوە. پێمان وابوو ئەوە کەمتر گومانی لەسەرە. ئێوارەییکیان، وابزانم ئاخر و ئۆخری مانگی ئۆگوستی ١٩٧٥ بوو، لە ئەبوو نوواس چاوەڕوانی هاوڕێیەک بووم، کەچی لە پڕ دیتم وا مام هێمن بەرەو ڕووم دێ. دیار بوو تەنیا بوو. پیاسەیەکی باشمان کرد. من زۆر دەترسام و دەمویست هەرچۆنێ بووە خۆ بدزمەوە و بڕۆم. لە ڕووم نەدەهات هەر لە خۆوە لێی جیا ببمەوە، نەشم دەتوانی ڕاستییەکەی پێ بڵێم کە ترسی گیرانم هەیە. ئیدی نازانم ئەو هەستی بە نیگەرانی و ترسەکەی من کرد یان نە؟! گوتی تازە لە بەیرووت هاتۆتەوە. داوای لێ کردم پێشەکییەکەی تاریک و ڕوون، لە کوێوە بۆ کوێ، بکەمە عەرەبی. دوای ئەو ئێوارەیە ئیدی مام هێمنم نەبینییەوە تا هاوینی ١٩٨٥، کە

له ورمیٚ چوومه سەردانی.

ڕۆژی ٢٥ /٦ /١٩٨٥ سەرلەنوێ چوومەوە بۆ لای. ئەم جارە کاک فازڵ کەریمیش هاوڕێ بوو. بە مام هێمنمان وت ئێمە دەچینە تەماشای شوێنەواری قەڵای دمدم و ئێوارە دەگەڕێینەوە و دێین بۆ ماڵ. هەر واشمان کرد. ئێوارەی پێنجشەممە و سبەینێکەی هەینی بوو، مام هێمن نەدەچووە کار، دەمانتوانی تا درەنگانێ دابنیشین.

## ئەم گفتوگۆیە:

دەمویست مام هێمن بە جۆرێکی دیکە بدوێنم و بیهێنمە قسە کردن. دەمویست دڵی خۆی بکاتەوە و لایەنە شاراوە و نادیارەکانی بیری بخاتە ڕوو. نەمدەویست باسی نەریتانە و بێتامی چیرۆکی ژیان و ژمارەی کتێبی لە گەڵ بکەم. حەزم دەکرد باسی تەکنیکی شیعر و زمان، ئیستەتیکی وشە و دەربڕین و پاشخانی سایکۆلۆژی بکەین. پرسیاری ئامادەکراو و نووسراوم نەدایێ. هەر یەکسەر و ڕاستەوخۆ قسەمان دەکرد و دەچووە سەر کاسێت. پاش نووسینەوەی، تەنیا وردە دەسکاریی زمانم کردووە، بایی ئەوەی هەندێ شڵەژاوی و ناڕێکیی زمانی قسەکردن بشاردرێتەوە... لە چەند جێگەیەکدا ئەوەشم نەکردووە، چونکە پێم وابووە مانەوەی وەک خۆی تامێکی کوردانەتری دەداتێ. هیچ سنوورێکمان دانەنابوو، تەنیا پێی خۆش نەبوو باسی سیاسەت بکات، بەڵام دیسانیش هەر خۆی پێ نەگیرا و سیاسەتیشی تێکەڵ کرد ( دەردە کوردەکەیە!! )

## ڕاسپێری :


* لە باسی شیعری « ناڵەی جودایی » دا، مام هێمن حەزی دەکرد ئەوە بە خوێنەرانی کورد ڕابگەیێنم کە ئەو تێکستەی لە دیوانە چاپکراوەکەدایە، یەک دوو کەم و کوڕیی تێدایە :

١- ئەو بەیتەی کە دەڵێ :

ئەو کەسەی خواردی و لەبن سێبەر ڕما
شەو بە نیازی کەیف لە ماڵی خۆی نەما

مام هێمن دەیگوت بەیتەکە لە ڕاستیدا ئاوایە :

ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر کەوت
شەو لەبۆ کەیفێ لە ماڵێ دەرکەوت



بەڵام کاک محەممەدی مەلا کەریم پێی وابووە « لەبن سێبەر کەوت » بۆ سەگ دەگوترێ، نەک بۆ ئینسان، لەبەر ئەوە پێشنیازی کردووە مام هێمن بەیتەکە بگۆڕێ و ئەم، گۆڕینەکەی بە دڵ نەبووە. دەبێ پێ لەوە بنێم کە من ئێستاکە پشت بەو دەستخەتەی مام هێمن دەبەستم کە لەسەر پەرە کاغەزێک نووسیویەتی. دیارە بە هۆی ماندوێتییەوە و لەبەر ئەوەش کە هەر بەدەم قسەکردنەوە ئەو شتانەی دەنووسی، هەندێ وشەشی بە هەڵە نووسیوە.

٢- لە کاتی چاپکردندا بەیتێک لە شیعرەکە دەرهاوێژراوە، نەمزانی هۆیەکەی چی بووە، بەڵام بە

قسەکەی مام هێمندا کە گوتی « نەیانهێشت » ، دەبێ هۆیەکی سیاسی بووبێ... بەیتەکە ئەمەیە :

ڕوو لە هەر لایە دەکەم بێگانەیە
ژین لە نێو بێگانەدا تەنگانەیە

جێگەکەیشی دەکەوێتە پێش ئەو بەیتەی کە دەڵێ :

ڕوو لە هەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێژوان و کەونە لانی خۆم .


* مام هێمن بۆ شەهیدبوونی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد خوا لێخۆشبوو

شەهابی شێخ نووری بەیتێکی نووسیوە کە کەم کەس دەزانێ ئەوە شیعری وییە :

نالی لە کوێ ببینێ کە پاتەختی شارەزوور
ئە ستێرەکانی ڕادەکشێن وەک شەهابی نوور.

(١) مامۆستا هێمن لە سەرەتای چاپی کوردیی شەرەفنامەدا وتارێکی بۆ نرخاندنی وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار نووسیوە و بەم وشانە دەستی پێ دەکات : ( تەرەسالی وام نەدیبوو... ).
هەر لەم بووارەدا بە پێویستم زانی ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە هەڵبژاردنی سەرناوی ( لە بەهاری شیلاناوێوە تا پاییزی ورمێ ) وەبیرهێنانەوەی پێشەکیی دیوانی تاریک و ڕوونە کە مامۆستا نێوی نابوو ( لە کوێوە بۆ کوێ).

نالی لە کوێ ببینێ کە پاتەختی شارەزوور
ئەستێرەکانی ڕادەکێشن وەک شەهابی نوور



# سەیید عەلی ئەصغەری کوردستانی

# نەوایەک لە بەهەشتی کوردەوارییەوە

ناسری ڕەزازی

سالی ۱۲٦۰ی هەتاوی (۱۸۸۱ی زایینی)، لە گوندی "سەلواتاوا"ی جگەرگۆشەی **"خاتوو شیشەری"**، لە مالباتی یەکێ لە سەیدە بەنێوبانگەکانی ئەوێ، کە نێوی **"سید نظام‌الدین"** بووە، کوڕیەک لە دایک دەبێ، نێوی دەنێن **"أصغر"**. سال دێت و سال دەڕوا، کوڕ گەورە دەبێ و هەلدەدا. لەو سەر و بەندەدا، زۆربەی ئێواران، لە باخی **"ئاوگەلووەوە"**، دەنگێکی سەراسا و دلگیر بۆلە پێچەلپێچەکانی سەلواتاوا دادەگرێ و خەلکی ئاوایی دێنێتە سەر بانان. ئەو دەنگە لە ماوەیەکی کورتدا، هەرێمی سنەش دەگرێتە بەر و، زار بە زار، ئاوازەی دەگاتە ناوچەکانی دیکەی کوردستان. لە ڕاستیدا دەنگی سەیەسکەر، بە شنەبای بەیانیانی کێفسانەکانی سەلواتاوا، بە بۆنی گولەباخ و هەوای هەستبزوێنی هەوارەکانی ئەوێ و کانیاوی خوڕنەوەز و خوڕەی شەتاوان و چریکەی مەلانی ئەو ناوچەیە لە داپێژگە دەردێ. ئەو دەنگە، ئەوەندە بە سۆز و دلڕفێن و لە دلان خۆش دەبێ، کە لە لایەن دانیشتووانی ناوچەکەوە، سەرنێوی "داوود"ی دووهەمی بە سەردا دەبڕێت. پاش ماوەیەک، سەی نیزامەددینی بابی، کە پیاوێکی دیندار و لە ناوچەکەدا بەنێوبانگ بووە، پەلی دەگرێ و دەیهێنێتە شاری سنە. لەوێش لە مزگەوتی جامیعە (دارالاحسان)، کە یەکێ لە مزگەوتە گەورە و بەنێوبانگەکانی شاری سنەیە، لە لای (شێخ عبدالمومن)، بابی (ئایەتوللا مەردۆخ)، لەبەر خوێندنی دادەنێ، هەتا فێری قورئان و دەرسە ئاینییەکانی دیکە بێ. ئەویش دوای چەند سال، لە لای شێخ، قورئان لە بەر دەکا و دەبێ بە وەستایەکی بێهاوتا لە قورئان خوێندندا.

سەیەسکەر لە بەر ئەو ورێنگە خۆشەی هەیبووە، لە ناو خەلکدا خۆشەویست و جێگای ڕێز بووە. لەو سەردەمەشدا سەرتۆپی گۆرانیبێژە کوردەکان و سەرپەڕنشینی دیوەخانانی ئەشراف و ئەعیانەکانی هەرێمی سنە و پیاوێکی ئەهوەن و بێ فیز و بیز بووە. جگە لە گۆرانی گوتن لە دیوەخانان، لە هەر شوێنێکدا کە دەستی دابێ، دلی لایەنگرانی خۆی نەشکاندووە و گۆرانیی بۆ چڕیون.
باوکی زۆر جار لە سەر گۆرانی گوتن بەسەریدا هاتووە و لۆمەی کردووە کە، واز بێنێ و لە پێش چاوی خەلک، گۆرانی نەلێت. چونکە بۆ ئەوان کە سەییدن و زاڕۆلەی پێغەمبەرن!، کارێکی ناشیرینە و بەجێ نییە! بەلام بەو پەڕی ڕێزەوە، لە وەلامی باوکیدا گوتوویەتی: دەنگی من بەهرەیەکی خودایییە و نابێ لە خەلک بشاردرێتەوە. کە وایە خەلک دەبێ لەو دەنگە کەلک وەرگرێ.

ئەوەی بۆ ئەو هونەرە هەلکەوتووە و لواوە، بۆ کەسی‌تر دەستی نەداوە و نەڕەخساوە. ئەو هونەرمەندە پاش چل و وردە سال تەمەن، لە لایەن (میرزا إبراهیم خانی سەردار أعظم)، کوڕی (آصف دیوان)ی سنەوە، کە شەیدای دەنگی بووە، هەلی سەفەرێکی بۆ هەلدەکەوێ بەرەو تاران. لەو سەردەمەدا، برای سەردار ئەعزەمی ناوبراو، (فەرەجوللاخانی سەردار معظم)، نوێنەری (مەجلیسی شووڕای میللی) دەبێ، لە تاران. بەرەبابی ئاسەفەکانیش لە بنەمالەی (میرزا عەلی نەقی‌خانی ئاسەفدیوان)ن، کە لەو سەردەمەدا، خاوەنی سنە و ناوچەکانی سەر بە ئەو شارە و لە دەولەمەندە دەسەلاتدارەکانی ئێران بوونە. جارێکیان بنەمالەی یەکێ لە گەورەپیاوە دەسەلاتدارەکانی تاران، لە سەردار ئەعزەم دەگێڕنەوە بۆ بەشداری لە جەژنێکی گەورەدا. سەرداریش لەو سەفەرەدا سەیەسکەر لە گەل خۆی دەبا بۆ ئەوێ. لەو جەژنەدا، زۆر کەس لە هونەرمەند و ئەدیبە نێودارەکانی فارسیش میوان دەبن: ئەو دەمی، سیمای سەرتۆپ و بەنێوبانگی ئاوازی ئێران، لە ناو ژناندا، (قەمەرملووکی وەزیری و شازدەی تەلع "طلع") بوونە کە قەمەریان لەوێ دەبێ. مەجلیس گەرم دادێ و قەمەر دەست پێ دەکا. پاش تەواوبوونی گۆرانییەکانی قەمەر، سەردارئەعزەم، سەیەسەکەر دەناسێنێ بە دانیشتووان و ئەوانیش داوای گۆرانیی لێ دەکەن. سەیەسکەریش هەر چەند غەریب و کزڕەکەش هەموو فارسزمان دەبن، ناچار بانگ هەلدەدا: ئەو سازبەند و مووزیکارانەی کە لەوێ دەبن، شارەزای گۆرانیی کوردی نابن. لە بەر ئەوەش کە سەیەسکەر کورد بووە و ئەوانیش یەکەم جاریان بووە تووشیان ببێ بە تووش گۆرانیبێژێکی کوردەوە، دەشلەژێن و نازانن چی بکەن! ئاخرەکەی سازەکانیان کۆک دەکەن و وەدووی دەکەون. دەنگی سەیەسکەر تەواوی دانیشتووانی کۆڕەکە دادەگرێ و سەریان سووڕ دەمێنێ کە چۆن پیاوێک لەو تەمەنەدا دەنگێکی ئاوای هەیە. لە کاتێکدا قەمەر ملووک، سالی ۱۹۰۵ی زایینی لە دایک بووە و ۱۹۵۹ کۆچی دوایی‌ی کردووە و سەیەسکەر ۲٤ سال لە قەمەر زووتر لە دایک بووە.
پاش ئەوەی لە گۆرانییەکە دەبێتەوە، دانیشتووانی مەجلیسەکە زۆری تەشویق دەکەن و لە سەر داوای ئەو چەند مووزیکارە، کە نێوی دوو کەسیان لە زاراندا ماوەتەوە: "کەمالی تارژەن و حەسەنی کەمانچەکێش"، ماوەی مانگێک لە تاران دەمێنێتەوە و لە بەشکۆی (پۆلیفۆن)، کە شەریکەیەکی ئینگلیزی بووە، نزیکەی ۳۰ گۆرانی لە سەر دەسیلەی گرامافۆن، کە بە فارسی دەبێتە (صفحه

و بە عەرەبی إسطوانە)، تۆمار دەکا و دوایی دەگەڕێتەوە بۆ سنە. ئەو سازبەندانەی کە لە تەکیا لێیان داوە، نەزانراوە کێن، مەگەر ئەوەی ئارشیڤی گۆرانییەکانی رادیۆ تاران ئەو رازەمان بۆ بخاتە روو. بە وتەی (حاجی سید عبدالاحد) کوڕەگەورەی سەیەسکەر، کە ئێستا نەماوە و کۆچی دوایی‌ی کردووە؛ سەیەسکەر هەموو کات تاریفی ئەو دوو سازژەنەی کردووە کە لە سەرێ ئێوم بردن. ئەو سازانەش کە لە تەواوی گۆرانییەکانیدا لێ دراون، بریتین لە: تار، کەمانچە، فلووت و زەرب. (سیلْ)ی گۆرانییەکانی سەیەسکەر، دواتر بە ناو بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی کوردستانا بلاْو دەبێتەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە سنۆقاوازەیان هەبووە. لەو کاتەشدا لە سنە جگە لە بنەماڵەکانی ئاسەفدیوان و سادقوەزیری و وەکیلْ و ئەردەلاْن و موعتەمەد وەزیری و چەن بنەماڵەیەکی‌تر، لە چەند چایخانەی بەنێوبانگی شاری سنە وەکوو: چایخانەکانی حاجی حەمەیلی، حەمە سمێلی، ئەلیکەرەم، سنۆقاوازە هەبووە کە هەندێ رۆژ گۆرانییەکانی سەیەسکەریان لێ داوە و ئەوانەی کە سنۆقاوازەیان نەبووە، لە دەنگی بەسۆز و خەمڕەوێنی ئەو هونەرمەندە لەزەتیان بردووە.

هەرچەند گۆرانییەکانی سەیەسکەر بە سنۆقاوازە، لە چایخانەکان لێ دراوە و خەڵک گوێیان لێ گرتووە، ئەو هونەروەرە، بڕێ شەوان لە چایخانەکاندا گۆرانیی گوتووە کە هیچ جێگای لۆمە و سەرکۆنە نەبووە و رێزیشیان گرتووە. ئەو چایخانەیەش کە زۆربەی شەوان گۆرانیی تێدا گوتووە، چایخانەیەک بووە لە لای بەفرەچاڵی کۆن، بەرانبەر بە گەڕەکی ئاغەزەمان، کە روانیویەتی بە سەر (کانی دووشەم)دا و هەر وەسا هەندێ جار لە چایخانەی (قەوپاڵ)، بەرانبەر بە باخەنمامەی سنە، کە ئێستا هەر هەموویان کراونەتەوە بە ماڵ و نەماون. لە هەر کام لەو چایخانەگەلەشدا، کە گۆرانیی گوتبێ؛ تێکمە بووە و رێی رێداری تێدا نەبووەتەوە. زۆرتریشی لە بەر ئەوە بووە کە نە رادیۆ هەبووە نە زەبت و تەسجیل. تەنیا کەرەسەی گوێگرتن لە مووزیکا، سنۆقاوازە بووە و هیچی‌تر. سەیەسکەریش تەمەنی لە ٦٠ ساڵ سەرووتر بووە کە سنۆقاوازە گەیشتۆتە کوردستان. لەوانەشە تا ئەو کاتەی کە ژیاوە نەگەیشتبێ. ئەو گۆرانییانەی کە لە سەیەسکەر بە جێ ماون: ١٣ گۆرانین. ئەویش دوای دامەزرانی رادیۆی سنە کە دەکاتە ١٣٢٧ی هەتاوی (١٩٤٨)ی زایینی، لە ماڵی ئاسەفدیوان دۆزراونەتەوە و دراون بە رادیۆی سنە کە خەڵک ئێستا لە سەر کاسێت گوێی لێ دەگرن. دەنا ئەگەر بە هۆی ئەو بنەماڵەیەوە نەبا، ئێستا ئەو چەند گۆرانییەش نەمابوون و لە ناو چووبوون. لەوانەشە پاش ئەوەی کە حکوومەتی شۆڤێنیستی فارس کەوتۆتە پاوانکردنی جل و بەرگ و زمان و ئەدەبی کوردی لە ناویان بردبێ! بەلاْم من بۆ خۆم دڵنیام کە ئەو گۆرانییانە ئەگەر کەسێکی دڵسۆز وەدووی کەوێ لەوانەیە لە ئارشیڤی رادیۆ تاران، یان کتێبخانەی لەندەن کە زۆر بەڵگەی نووسراوی کوردی و دۆکومێنتی لە سەر کورد تێدا هەیە، بیبێژرێنەوە.

لە سەردەمی سەیەسکەردا، لە سنە گۆرانیبێژێک هەبووە کە ویستوویەتی لە دژی سەیەسکەر گۆرانی تۆمار بکا. وەک پیاوەکۆنەکان دەیگێڕنەوە: ویستوویەتی بەریەرەکانێی لە گەڵ بکا،



ئەو گۆرانیبێژە، نێوی "حاجی ئافەزێ" و تارژەنیش بووە. لە راستیدا تارژەن بووە نەک گۆرانیبێژ. وەک باسی دەکەن لە زمانی مۆسیقای زانیوە و چەند گۆرانییەکیشی لە سەر سیلْ لە تاران تۆمار کردووە، کە شیعرێک لە تێکستی یەکێ لە گۆرانییەکی ئەمە بووە:

جفتێ کەوشی رەش، با ئاڵچەدار بێ
بینە لە جەرگم، شوێنی دیار بێ!!

ئێستاش لە سنە، پیاوە کۆنەکان، کە باسی دەنگی سەیەسکەر و بەرزیی کارەکەی دەکەن، ناشێ باسی ئەو (حاجی ئافەزێ)یە نەهێننە گۆڕ و گاڵتەی پێ نەکەن. چونکە لەو سەردەمەدا، لە بەر ئەوەی گۆرانییەکانی سەیەسکەر سۆفییانە بووە و وشەی هەڵیت و پەڵیتی تێدا نەبووە، زیاتر پەسن بووە.

* * *

حاجی سید عبدالاحد، کوڕەگەورەی سەیەسکەر، گوتوویەتی: باوکم سەرەڕای ئەوەی کە هیچ مامۆستایەکی نەبووە و دەرسی مووزیکی نەخوێندووە، بەلاْم لە دەزگاکانی مووزیکی زانیوە و شارەزای قەتار و هەستانە کوردییەکان بووە. ئەو گۆرانیانەش کە چڕیونی، کوردیی رەسەنن و بە سەر بناغەی مێلۆدییە کوردییەکانەوە دانراون. ئەو هەڵبەستانەش کە بۆ گۆرانییەکانی هەڵبژاردوون، شیعری مەولەویی تاوگۆزی و وەفایی‌ی مەهابادی و تاهیر بەگی جاف و بابا تاهیری هەمەدانی بووە.
بەڵێ وەک بە مەقامەکانیدا دەردەکەوێ، سەیەسکەر گوێی بە مووزیکی ئێرانی ئاشنا بووە! بەلاْم چۆن و بە چ شێوەیەک دەزگا ئێرانییەکانی وەرگرتووە، ئەویش لەو کاتەدا کە دەرەتان کەم بووە

و لە سنە و بە تایبەت لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا کە کەسێک نەبووە وەکوو ئێستا شارەزای مووزیکی ئێرانی بووبێت، جێگای باس و لێکۆڵینەوەیە. لەوانەشە تا ئەو کاتەی چۆتە تاران، هیچ سازێک لە تەکیا لێی نەدابێت و لە گەڵ مووزیکا گۆرانیی نەگوتبێ. چونکە گۆرانییەکانی سەیەسکەر، لەو گۆرانییانە نین کە بە ساز و زوڕنا و دەهۆڵ و بالابانەوە گوترابێتن یان بگوترین. سەیەسکەر شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبووە و تا رادەیەک گۆرانییەکانی جگە لە فۆلکلۆرەکان شێوەی عیرفانییان هەیە. بۆ نموونە: گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی «نای لە لەنجەی یە و دەنا کورتێ و هەی نابێ نابێ و یار غەزاڵ»ی وەها گوتووە، کە کردوونیەتە گۆرانیگەلێکی سەنگین و لە سەرەخۆ و لە حاڵەتی شایی و هەڵپەڕکێی دەرهێناون. لە سەرتاسەری کوردستانیش ئەو شێوازە، تەنیا لە گوندی سەڵواتاوادا هەیە!.

من کاتێک لە دەبیرستانی ئەبوو عەلی سینا لە سنە، لە پۆلی حەوتی ناوەندیدا بووم، کوڕێکی خەڵکی سەڵواتاوا کە ناوی نووری سەڵواتی بوو، لەو دەبیرستانەدا دەرسی دەخوێند. ئۆباڵ بە ئەستۆم دەنگێکی پێوە بوو کە کەس لە سەیەسکەری جیا نەدەکردەوە. بەڵام، ئەژنۆی شکاوم، کورد بوو. لە کۆمەڵگایەکی بندەست و دواکەوتوودا دەژیا، بۆیە ئێستاش نەمدیتەوە کە گۆرانی تۆمار بکات، یان درێژەی پێ بدا. نازانم لە کوێیە و خەریکی چییە؟! دڵنیام ئەگەر کەوتبایە شوێن گۆرانی، جێگەنشینی سەیەسکەر لەو شێوازەدا ئەو بوو. دیسان چە کەردەن؟!

بێجگە لە نووری سەڵواتی، شێتێک هەبوو، پێم وابێ خەڵکی سەڵواتاوا بوو. ئەویش ناوی سەید عەلی بوو و لە سنە پێیان دەگوت: (سەیەلی). بەڕای من سزاوار نەبوو، پێی بڵێی شێت، چونکە تا بڵێی هێمن و لەسەرەخۆ بوو. هیچ کات پێکەنین لە سەر روومەتی نەدەبڕا. ئازاری بۆ هیچ کەس نەبوو. ڕۆژان دەهاتە شاری سنە و ئێواران دەگەڕاوە گوندی (دەگایەران یان دگەران) لە لای خوارووی باخەکانی (گریاشان)ی سنە. ئەو ئینسانە بێئازارە، کۆمەڵێک شڕکە و پڕکەی لە خۆی دەئالاند و بە ناو بازاڕەکانی سنەدا دەگەڕا و هەرکەسێک کە پێی خۆش با، چایەکی بۆ دەکڕی و دوو سێ قەرانی دەدایە گۆرانیی بۆ بڵێ. ئەویش دەیچریکاند و گۆرانییەکانی سەیەسکەری دەگوتەوە. دەنگی کوت و مت دەنگی سەیەسکەر بوو. هەندێ جاریش شتی وای دەگوت، کە بڕێ پیاوی کۆن دەیانگوت قەتمان لە سەیەسکەر نەبیستووە. جا نازانم ئێستە ماوە یان نە؟ چونکە کاتێک دیومە کە تەمەنم ١٥ ساڵ زیاتر نەدەبوو. ئەویش سەر و ریشی سپی کردبوو و لە ٤٥ ساڵ زۆرتر دەهاتە بەر چاو.

* * *

لە تاران هونەرمەندێکی کوردی کوردینەزانمان هەبووە کە لە دام و دەزگای دەوڵەتدا کاری کردووە و بە هۆی هونەرەکەیەوە گەیشتۆتە پلە و پایەی باڵا و ماوەیەکی زۆر بەرپرسی دەفتەری سەرەکوەزیران بووە لەوێ. ئەو هونەرمەندە ناوی (عبدالحمید ملک‌الکلامی) بووە کە نازناوی (امیرالکتاب) واتە «میری نووسەران»یان بە سەردا بڕیوە و لە ئەدەبی فارسی و خۆشنووسی و نیگارکێشیدا، توانا و بەناوبانگ بووە. لە شیعریشدا سەرناوی (شەرقی) هەبووە و ساڵی ١٩٤٩ لە تاران کۆچی دوایی کردووە. ئەو (امیرالکتاب)ە، مووزیکناسێکی زەبەردەس بووە و تەواوی دەزگاکانی مووزیکی بە سەر کۆوویەکی باریکی «تەلین»ەوە، تۆمار کردووە و بۆ بارەگای مووزیکی «فارس»ی بە جێ هێشتووە! کاک سارم خان دەڵێ: امیرالکتاب زۆر کەڕەت بۆی باس کردووم کە سەیەسکەر دەزگاکانی مووزیکی بێ کەم و کووڕی زانیوە و زۆرکەسیش بۆ دروووست بیستن و فێربوونی چوونەتە لای. سەیەسکەر لە تافی لاویدا، لە لای (علی اکبر خانی اعزازالسلطنە)، مامی سارم خانی سادقوەزیری، کە ماوەیەک حاکمی سەقز و بانە بووە و لە دەورەی دووهەمی مەجلیسی شوورای میللیدا وەکیلی کوردستان بووە، ماوەتەوە. کاک سارم خان دەڵێ: لە تەمەنی پێنج، شەش ساڵاندا بووم، سەیەسکەر جارێکیان لە لای ئێمە، لە (ماڵەکانی خەسراوا)ی سنە، کە پێیان دەگوت: «عومارەتەکەی خەسراوا، یان خەسرەو ئاوا»و ئێستاش هەرماوە، میوان بوو. لە سەر داخوازی باوکم، بەو دەنگە رەسا و بەسۆزەی، چەند گۆرانیی بۆ چڕین، کە هیچ کات ئەو ڕۆژەم لە بیر ناچێ، بەڵام دوای ئەوە نەمدیتەوە.

* * *

ساڵی ١٩٧٦ لە مەهاباد، لە گەڵ کاک "ڕەحمانی عیمادی"ی چایچی، کە لەو شارەدا سەرناسە، لە مەڕ سەیەسکەر گوت و بێژێکم ساز کرد؛ چونکە ئەو سەردەمەی کە سەیەسکەر چۆتە مەهاباد، ئەو کاک "ڕەحمان"ە، چل ڕۆژ سەردەمداری سەیەسکەر بووە و خزمەتی کردووە. ئەو گوت و بێژە لە سەر کاسێت تۆمار کراوە و ئێستاش ماوە. کاک عیمادی دەڵێ: دەرویش کەریم و ئەحمەدی قاوەچی، لە یەکێ لە باغەکانی سابلاغ، کە بە باغی شەریفی حاجی ڕەشید بە ناوبانگ بوو، چایخانەیەکی گەورەیان دانابوو. چایچییەکان، بڕیاریان دا، ئاغا سەید عەلی ئەسغەر دەعوەت بکەن. لەو سەردەمەدا، لە ماڵان تەلەفۆن نەبوو. خەڵک لە تەلەفۆنخانە تەلەفۆنی دەکرد. ئەگەریش هەبا بە مەرکەزەوە بەسرابووەوە. ئەمەش ناچار چووینە تەلەفۆنخانە و تەلەفۆنمان بۆ سنە کرد. ئەو ڕۆژە ئاغا سەید عەلی ئەسغەر، تەشریفی لەوێ نەبوو. بەڵام سەختیمان کرد بەیانییەکەی بێتە پای تەلەفۆن کە قسەی لە گەڵ بکەین. بەڵێ بەیانییەکەی چووینەوە بۆ تەلەفۆنخانە و قسەمان لە گەڵ کرد. ئاغا بانگهێشتنەکەمانی قبووڵ کرد، بەڵام گوتی: «ئەشێ پیاگێک لە خوەتان بێ بە شۆنما». دەرویش کەریمی قاوەچیش خۆی ساز کرد و بە ماشینێک کە ئەو دەمی بە نادر وەچنگ دەکەوت، بەرەو کوردستان ## وە ڕێ کەوت. دیارە پێش ئەوەی سەید عەلی ئەسغەر بێتە مەهاباد، گۆرانیبێژێکی خەڵکی کرماشان کە ناوی "عەلی ئەشرەف" بوو، هاتە ئێرە و لەو چایخانەیە گۆرانیی گوت و خەڵک بە گەرمی پێشوازییان لێ کرد. ئەلحەق ئەویش دەنگی خۆش بوو، بەڵام هەر کە سەید عەلی

ئەسفەر هات، ئەو بارگە و بنەی تێکەوە پێچاو ئەوەستا و چوو! پاشی چەند ڕۆژ ئاغا سەید عەلی ئەسفەر گەیشتێ. ئەو ڕۆژە خەڵکی سابلاغ) بۆ ڕێزگرتن لە وی، بازاڕ و دووکانیان داخست و چوونە پێشوازی. خەڵکەکە لووزەویان بردە سەری و بە پەرۆش بوون ببینن. ئەویش ڕووی لە خەڵکەکە کرد و بە ڕێزەوە فەرمووی: **«فرەیێک فراوان تەشەکورتان لێ ئەکەم وخوەشحاڵم کە بە دیارتان شا بووم. ئیسە شەکەتم، بەیانی تیمە خزمەتتان»**. بەڵێ هێنامان لە خانوویەک کە بۆی دیاری کرابوو، ژوورێکمان بۆ تەرخان کرد. ئاغای سەید عەلی ئەسفەر پیاوێکی ڕەشتاڵەی شیرنگۆڕێ و بە واتا پیاو بوو. لە ماڵان نەدەمایەوە و بە دەگمەن نانی کەسی دەخوارد! ئێمە حەوت شاگرد قاوەچی بووین. دەروێش کەریم هەموومانی ڕیز کرد، لە نۆژ هەر هەمووماندا، منی هەڵبژارد و دەستی ڕاکێشا، فەرمووی **«ئا ئەوە یانەی گەرەکە!»** ئەوسا دەستووراتی خۆی پێ گوتم و منیش تەواوکەماڵیم بە جێ هێنا. بەڵام ڕۆژێکیان سوێندی دام کە خەیانەتی پێ نەکەم و دەرمان و شتی وای دەرخوارد نەدەم! ئەو شتەی زۆر بە لاوە گرینگ بوو!.

بەیانییەکەی لە باغی جێگەیان بۆ ئامادە کرد و لە سەر تەختێکی بڵیند، قاڵیمان ڕاخست و ئاغا تەشریفی هێنا. ئەو دەمی تارژەنی مەهابادێ، میرزا قادری عەولا بوو، کە دوایی بوو بە نەقاش و دووکانی نەقاشیی دانا! قادری عەولا، بە تار قسەی دەکرد! ئەوەندە قابیل بوو. بە تار بەخێراتنی خەڵکەکەی دەکرد! بەڵێ میرزا عەولا تارەکەی هەڵگرت و بە تەلەکانیدا وەرگەڕا. ئاغای سەید عەلی ئەسفەریش ئەو ڕۆژە سێ گۆرانیی گوت و دوایی خەڵکەکە هەر وازیان نەدەهێنا و بڵاوەیان نەدەکرد و حەزیان دەکرد قسەی لە گەلا بکەن و پرسیاری لێ بکەن. بڕوام پێ بکە ئەو شەوە هەتا لای سەعاتی پێنجی سبحەینێ نەخەوت و لە گەڵ خەڵکەکە دانیشت و قسەیان کرد. لەو سەردەمەدا سابلاغ دوو دەنگخۆشی بە نێوبانگی لێ بوو: سەعیدی ماملێ، بابی کاک محەممەدی ماملێ و حوسێن قاقی. ئەوانیش هاتنە دیتنی ئاغا سەید عەلی ئەسفەر و لە لای مانەوە. لە ماوەی ئەو چل ڕۆژەدا کە لەوێ بوو، دەهاتن و سەریان دەدا. ئاغا سەید عەلی ئەسفەر لە ڕادە بەدەر ڕێزی بۆ دادەنان. بە تایبەت بۆ سەعیدی ماملێ، بابی محەممەدی ماملێ؛ چونکە حەزی لە دەنگی دەکرد. ئەگە سەعیدی ماملێ و حوسێن قاقی، داوای گۆرانییان لێ دەکرد، دەیفەرموو: **برا ئێوە خوەتان ئاوازەخوێنن و لە من خاسترن، ئێوە بێژن ئەوسا منیش ئێژم!.**

لە پێشدا کە بانگمان هێشتە مەهاباد، تار و دەمبەکمان بۆ هێنا، گوتی: **ئاوازەکانی من دمبەکی گەرەک نییە!** بەڵام پیاوانە ڕووی کرد لە عەبدوڵڵا دەروێش، کە ئەو دەمی باشترین دەمبەکژەنی سابلاغێ بوو، دڵی نەشکاند و گوتی: **«تۆ عاجز نەوی برا گیان، هەر چێ پووڵت گەرەکە، لە منی بسێنە و بۆ خوەت لە تەکمانا بە!»**

ئەو باغەی کە ئێمە چایخانەکەمان لێ دانابوو، پەرژینی هەبوو. ژنان لەودیو دادەنیشتن و پیاوانیش لەم دیو. ئەو دەمی مەهاباد سەرهەنگێکی فارسی لێ بوو، کە ژنەکەی زۆر جوان بوو. ڕۆژێکیان ئەو ژنە، ئاغا سەید عەلی ئەسفەری دەعوەت کردە باخ و میوانییەکی باشی دا. شەربەتی گوڵگوڵاو و چای و بەستەنی و قاوە و قلیان، بە هەر دوو باخچەکەدا دەگەڕا و سەید عەلی ئەسفەریش لە سەر چۆکان دەتگوت خەریکە زەوینەکە لە باوەش بگرێ، یارغەزاڵی دەگوت. ژنی کابرای سەرهەنگیش بێ ئەوەی لە کەس بپرسێ، لە پەرژینان وەسەر کەوت و هاتە بەشی پیاوان و یەکسەر چوو سەید عەلیی ماچ کرد! خەڵکەکە زۆریان پێ سەیر بوو بەڵام ژنی پیاوی دەوڵەت و کوردیش نەبوو، کێ دەوێرا خۆ لە قەرەی بدا! پاش ماچکردن، ١٤ لیرەی ئەو کاتەی دایە و بانگی هێشتە ماڵی خۆیان. بەڵام سەید عەلی ئەسفەر بانگهێشتنەکەی قبووڵ نەکرد!.

سەید عەلی ئەسفەر خۆی تارژەنێکی هەبوو کە لە بەر نەخۆشی نەیتوانی بێت. بە وتەی سەید عەلی ئەسفەر خۆی، چاک لە بیرمە گوتی نێوی "ئەمیر ئەرسەلان"ە. بەڵام زۆری لە سەر نەچووم کە بزانم کوردە، یان نە!

لە کاک عیمادیم پرسی وەفایی‌ی شاعیر لەو سەردەمەدا لە کوێ بوو؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەو دەمی وەفایی نەمابوو، چونکە چووە حەجێ و، ئیتر نەگەڕاوە و لەوێ مرد.

* * *

سەید عەلی ئەسفەر لە بەر ئەو هونەرەی، دەستی زۆر دەچوو. ئینسان کوشتن و دەستدرێژیی لێ دەرچێ، دەیتوانی ئەوانەی کە لە سەر کاسپی و بە بێتاوان دەخرێنە زیندان، لە بەند دەربێنێ!

ڕۆژێکیان ژنێک هات و منداڵێکی لە کۆشی هاویشت و گوتی مێردەکەم گیراوە قوربان. بە خاتری خودایە کارێکم بۆ بکە. منی لە گەڵ خۆی برد و چووینە ماڵی سەرۆکی زیندان کە کابرایەکی سنەیی بوو. کە لە دەرگامان دا، ژنەکەی لە پێشدا بە فارسی قسەی کرد. دوایی کە زانیی سەید عەلی ئەسفەرە، بە پێخاوسی هاتە بەر دەرگا و چووینە ژوورێ. پاش ئەوەی چایەکمان خواردەوە، ڕووداوەکەی بۆ ژنەکە باس کرد و ئەویش گوتی: قوربان گیان، دڵتان خەتەر نەکا. هەر ئیمشەو ئەیێژم مەرەخەسی بکات! تۆ عەزیز ئیمەی ...!.

یەکەمین دەوڵەمەندی مەهابادێ ئەو کاتە، میرزا ڕەحمەت بوو. بڕوا بکە چەند جار داوای لێ کرد بڕواتە ماڵیان و دانیشتنێ بکەن، قبووڵی نەکرد! ئێوارەیەک، یەکێ لە بەقاڵەکانی مەهاباد، کە نێوی (دەروێش سمایل) بوو، بانگی کردم و گوتی: ئێمە بەقاڵەکان لە ناو خۆماندا بڕیارمان داوە کە سەید عەلی ئەسفەر دەعوەت بکەینە چایخانە و گۆرانیمان بۆ بڵێ، تۆ دەتوانی پێی بڵێی؟ منیش گوتم باشە بەسەرچاو، هەر ئەوڕۆ پێی دەڵێم. شەوێ پێم گوت ئاغا بەقاڵەکانی سابلاغ دەیانەوێ دەعوەتت بکەن، وەڵامی تۆ چییە؟! لە وەڵامدا گوتی: **ئەی بە یان چاو، من باڵای پێ نەکەم بۆ ئەو بەقاڵگەلە گۆرانی بێژم! من لە تەک دەوڵەمەنا داتەم ناکوڵێ! ئەوانە کاسپن، زەحمەت ئەکێشن!** بەڵێ هاتنە چایخانەکە و گۆرانیی بۆ گوتن و ئەوانیش زۆریان ڕێز لێ گرت.

تا بڵێی دڵتەڕ و زەوقی بوو. جوانپەرست بوو. هەندێ جار کە لە سەر زەوق دەبوو، بۆ گاڵتە شانانی هەڵدەتەکاند و گۆرانییەکی کرژی لە ژێر لێوەوە، بە نارە نار دەگوت، کە ئێستاش تێنەگەیشتم چییە؟! دەمگوت ئاغا ئەوە چییە ئەو گۆرانییە. بۆ من تێناگەم؟ دەیگوت: **ئەوە حەمەکەچەڵیانەس باوکەکەم! ئەگەر لە سەر زەوق بم بۆم تێ!** بیست و چوار سەعاتەکە دەبوو قلیاناوی بۆ ساز کەم. جگە لە کاتی خەوتن هیچکات ئاگری قلیانی نەدەکوژاوە. بەڵام ئەو هەموو قلیاناوە و ئەو هەموو دووکەڵەی دەکێشا، ئێستاش نازانم کوێڕا ئەو دەنگەی دەردێنا! جل و بەرگیشی جوان بوو. کەوا و پانتۆڵی کوردیی لە بەر دەکرد و مێزەری سەوزی دەبەست و گیوەی سپیی لە پێ دەکرد، پاشان عەبایەکیشی دەدا بە سەر جلەکانیا. وەکوو مەلایان دەچوو.
ئەو شۆفێرەی کە بردیەوە بۆ کوردستان، هەرچیمان کرد و کۆشا، پارەی وەرنەگرت. ئاغا سەید عەلی ئەسغەریش، بەر لەوەی وەڕێ کەوێ، گۆرانییەکی بۆ گوت و ئەوسا وەڕێ کەوتن!.

* * *

*(کاک عەباسی کەمەندی لەو نووسراوەیەدا کە لە سەر سەیەسکەری نووسیوە دەڵێ: سەیەسکەر بەر لەوەی بڕوا بۆ تاران، لەوانەیە لە لای (عارف قەزوینی) مووزیک فێر بووبێ، بۆچی؟ چونکە عارفی قەزوینی یەکێ لە شاعیر و گۆرانیدانەرەکانی ئێران بووە کە بۆ ماوەیەک دەوڵەتی و قاجارە هەڵیداشتۆتە کوردستان و لە شاری سنە ژیاوە. ئیتر ڕوونی نەکردۆتەوە کە لە چ ساڵێکدا لەوێ ژیاوە! جا دەڵێ لە بەر ئەوەی کە عارف هاتوچۆی ماڵە خان و ئەعیانەکانی سنەی کردووە، لەوانەیە لە گەڵ سەیەسکەر تووشی یەکتر بووبێتن و پێکەوە گۆرانییان گوتبێ؛ یان بووبێتنە ناسیاری یەکتر و شەوتی دەنگی عارفی نیشتبێتە سەر و دەزگا ئێرانییەکانی لە ئەو وەرگرتبێ یان لە وی فێری مەقامە ئێرانییەکان بووبێت! دیسان عەباسی کەمەندی دەڵێ: شێوەی لەرانەوەی دەنگی سەیەسکەر لە گۆرانییەکانیدا، دەچێتەوە سەر گۆرانییەکانی عارفی قەزوینی. دەنا ئەگەر وا نەبێ، سەیەسکەر خۆی داهێنەری ئەو شێوازەیە. لەبەر وەی ئەو شێوەدەنگە و ئەو لەرانەوەیە کە سەیەسکەر لە دەنگیدا بە کاری هێناوە، تایبەت بە خۆیەتی و شێوازێکی ئاوا، جگە لە گوندی سەڵواتاوا، لە هیچ شوێنێکی کوردستان، نەبیسراوە. ئێستاش جگە لە خەڵکی سەڵواتاوا، هیچ کەسێکی‌تر ناتوانێ لاسایی‌ی ئەو دەنگ و شێوازە بکاتەوە و مەقامات یان هەستانگەلێکی وەکوو غەمەنگیز و حیجاز و بەیات تورک، کە ئەو وتوویەتی، لە کوردیدا نییە. شێوەی لەرانەوەی دەنگ و کێشهێنانی قورگ لە کۆتایی‌ی رستەکاندا تایبەت بە سەیەسکەرە و بەس. هەر گۆرانییەکیش کە بەو شێوازە گوترابێ و بگوترێ لە سەر ئەو شەقڵەیە.)*

جارێ شتێکی سەیر نییە کە سەیەسکەر هەوای فارسی کاری کردبێتە سەر گۆرانییەکانی یان عارفی قەزوینیی دیتبێ و شتی لێ فێر بووبێ یان شتی لێ وەرگرتبێ. پاوەانی جوغرافیایی‌ی سنە، یان کوردیتر بڵێم، سنە لە باری جوغرافیایی‌یەوە وا هەڵکەوتووە کە لە شارەکانی (کرماشان و هەمەدان و زەنجان یان زەنگان)ەوە نزیکترە هەتاوەکوو شارە کوردنشینەکانی تری وەکوو سەقز و مەریوان و بانە و بۆکان. لە باری ئابووریشەوە، زۆرتر لە گەڵ ئەو شارانە دان و ستانی هەبووە هەتا ناوچەکوردییەکانی‌تر. داب و کرداری ئەو شارانەش زۆرتر کاری تێ کردوون. زمانی کوردی و فارسیش دوو زمانی ئەوەندە دوور لە یەک نین و ساڵەهای ساڵە، کورد بندەستی حکوومەتی فارسە و بەو زمانە خوێندوویەتی و هەڵس و کەوتی کردووە. تەنانەت حکوومەتە خانخانییەکانی سنەش لە پاڵ زاراوەی گۆراندا، هەر بەو زمانە نووسیویانە و خوێندوویانە و کەرەسەی پەیوەندی نێوان هەردوو لاش، هەر ئەو زمانە بووە، بۆیە هەوای فارسی کاری کردۆتە سەر گۆرانییەکانی. ئەگەر سەیەسکەر بە هۆی نێوبانگ و دەسەڵاتی بنەماڵەی ئاسەفدیوانەوە بۆی هەڵکەوت کە ئەو چەند گۆرانییەی لە سەر سیلێ تۆمار بکا، حکوومەتی شۆڤێنیستی فارس لە هەر دەرێکی کوردستان کە بۆی لوابێ و توانیبێتی، لە پل و پای ئەوەدا بووە کە کورد و فەرهەنگی کوردی لە ناو بەرێ و بیتوێنێتەوە.
بە رای من مووزیکی فارسی کە شۆڤێنیستی فارس ئەوەندە خۆی پێوە هەڵدەکێشێ، مووزیکی پتر لە حەوت نەتەوەیە، نەک تەنیا فارس. میرزا عەبدوڵڵای فەراهانی، تارژەنی بە نێوبانگی ئێرانی، ئەوەی کە حەوت دەزگای مووزیکی (ئێران)ی تەڤکۆ کردووە و نووسیویەوە، نزیکەی ٥ مانگ لە کوردستان ماوەتەوە. باشە ئەم کابرایە جگە لەوەی کە هاتبێ قەتار و هەوا و هەستانە کوردییەکان کۆ بکاتەوە، ئیشی چی بووە بە کوردستان؟! کێ دەزانێ عارفی قەزوێنیش هەمان کاری نەکردبێ؟! بەشێک لە گەلی کورد کە دوو هەزار ساڵ زیاترە لە ژێر چەپۆکی حکوومەتێکی داگیرکەردا بێ لە ئێران و بۆی نەبێ لە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی خۆی کەڵک وەرگرێ، چۆن زمان و فەرهەنگی نەتەوە داگیرکەرەکەی کاری تێ ناکا و چۆن زمان و داب و کردارەکەی خۆی لە بیرەوە ناچی و ونی ناکا؟! ئێستاش دەبینین کە چۆن بناغەی مووزیکی «سوننەتی»ی فارسییان بە سەر مووزیکی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانەوە دامەزراندووە و دواییش مووزیکی هەر ئەو نەتەوە بندەستە بە (محلی) دادەنێن!!
سەیەسکەر هەرچەند کورد بووە و بە کوردی گۆرانیی گوتووە، بە فارسیش هەر گوتوویەتی و تەنانەت هەندێ شیعری عەرەبیشی بە موناجات چڕیوە. لە بەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا هەڵکەوتووە و جیا لەوەش تۆبەکار بووە. بەڵام سەرەڕای ئەوانە، بە وتەی شێخ عوسمانی بیارە کە حوزووری بۆی باس کردووم، سەیەسکەر ئینسانێکی وشک و کەللەڕەق نەبوو. هەرچەند سۆفی و تۆبەکار بوو، بەڵام هەستی کوردانەشی هەبوو. وا بوو کە نێوبانگی گەیشتە وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکە و بانگیان هێشت بڕوا بۆ میسر کە لەوێ بێ بە قورئانخوێن، بەڵام نەهاتە رەدایە و کوردستانی بە جێ نەهێشت و لە چوون پاشگەز بووەوە.
جێگای خۆیەتی، لێرەدا ئاماژە بە دەنگی هونەرمەندی کورد، کاک

عەزیز شارۆخ بکەم، کە ماوەیەک گۆرانییەکانی سەیەسکەری دەگوتەوە و، ئەو شێوازەی گرتبووە پێش. جیا لەوەی کە عەزیز شارۆخ، یەکێ لە گۆرانیبێژە دەنگخۆش و تواناکانی کوردە و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە گۆرانیی کوردیدا، ئەگەر ئەویش وەکوو گۆرانیبێژە کوردەکانی دیکە، لیقەومار نەبا و کورد خاوەنی دەسەڵاتی خۆی با، دەیتوانی ئەو شێوازەی سەید عەلی ئەسغەر، زیندوو بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە وازی لێ هێنا!

(عومەر خەزان)ی گۆرانیبێژیش کە تەنیا چەند گۆرانییەکی گوت و دوایی شتی‌ترم لێ نەبیستەوە، کە مەقامی دەگوت، چ دەنگی، چ گرتنەکەی، لە شێوازی سەیەسکەر دەچوو.

* * *

گۆرانییەکانی سەیەسکەر بریتین لە:

(مەقامی سەدای زیل و بەم: هەوای سیگا، شیعری مەولەوی تاوگۆزی):

**سەدای زیل و بەم، زەنگ دڵ، مەکا مات**
**ماچـــۆ زەوارەن بارگـــەردەی یســـات**

(مەقامی غەمەنگیز: هەوای غەمەنگیز، شیعری بابا تاهیر):

**هـر آن یاری کە دلدارش دگر بی،**
**مدامـن عاشـقـانش خـونجگربـی**

(مەقامی یارغەزال: بەیات تورک، شیعری مەولەوی ):

**غـەزال چێشـــم کــەرد دڵت لێم رێشـــەن،**
**خوەت ساحیب تیشەی، تەقسیر من چێشـــەن**

(مەقامی زەردیی خەزان: بەیات تورک شیعری مەولەوی):

**زەردیی مـــن ئەنـــەوزە ردیی خـــەزانـــان،**
**یـاران هـەر دوو رەنگ وەک یەک مـەزانـــان**

(گۆرانیی خەمگین و دڵپەشێوم، مەقامی کوردیی بەیات، شیعری وەفایی)؛ (گۆرانیی ئەی رەفیقانی تەریقەت، مەقامی شوور «بەیات» شیعری وەفایی)؛ و (گۆرانیی دەردی هیجران و چەند گۆرانیی دیکەی فۆلکلۆر.)

لەو کاتەدا کە سەیەسکەر چۆتە تاران و پاش ئەو دانیشتنە، گلیان داوەتەوە گۆرانی تۆمار بکات، سەردەمەکە سەردەمی بەر لە کۆماری کوردستان بووە و وەکوو ئێستا کەرەسەی هات و چۆ، مشەمەر نەبووە و ماشێنیش تەنیا دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان هەیانبووە. سەفەر لە سنەوە بۆ تاران، چەند رۆژی خایاندووە و هەموو رۆژێکیش ماشێن نەبووە. هیچ دوور نییە سەردەمی درووشکە و گاری بووبێت. لە بەر ئەوە رۆشتنەکەی لەپڕ بووە و ئامادە و تەیار نەچۆتە ئەوێ. ئەشێزانیوە کە ئەو دانیشتنەی دەبێتە هۆی ناسینی ئەو ئینسانانە و لە ئاکامدا تۆمارکردنی ئەو چەند گۆرانییانە. ئەگەر هەڵە یان کەم و کوورییەکیش لە گۆرانییەکانیدا هەبێ، یان ئەگەر شیعرێکی دووجار لە دوو گۆرانیدا دووپات کردبێتەوە، هۆی ئەوە بووە کە دەسەیاری بە کوردستان نەگەیشتووە و دیوانی شاعیرەکانی دەست نەکەوتووە و کەسێکی ئەوتۆ نەبووە کە یارمەتیی بدا. ناچار هەر ئەو شیعرانەی گوتوون کە تاک وتەرا لە بەری کردوون و لە مێشکیدا ماونەتەوە. بۆ نموونە ئەو شیعرانەی خوارەوەی ئاوەها چڕیوە کە سەرواکانیان یەک نین و هەر بڕگەیەکی لە شیعرێکە:

هەر دوو ئەبرووی خوێنڕێژت، بوون بە جەلاوی گیانم
بە فتـوای چـاوی مـەسـتت، قـەتڵم واجب کــراوە

یان

پاییـــزی زەردی جانان، سەردی کـــردە سەری من
زمستانـــی فیــــراقت تێکـــــی دا بازاڕی دڵ

جیا لەوەش، لە تارانیکدا ماوەتەوە کە دواتر حکوومەتی رەزاخانیی ئێران، تەخت و بەختی هەموو ئەو خان و ئەعیانانەی کە بۆ نموونە یارمەتیی سەیەسکەریان داوە و سەرەڕای ئەوەی ئاغا و دەسەڵاتدار بوونە، دڵیان بۆ کورد و کولتووری کوردەی کۆرەی هاتووە، داپڵۆسیوە و لە ناوی بردوون و دواتریش کولتووری کوردیی پاوان کردووە و کەوتۆتە داماڵین و لابردنی جل و بەرگی کوردی.

* * *

حاجی عبدالاحد کوڕەگەورەی سەیەسکەر وتوویەتی:
ئەو شتەی کە جێگای رەخنەیە لە بابم، ئەوەیە کە، لە گۆرانییەکیدا دوو بڕگە شیعری بە کار بردووە کە مەجازین:

لە بیـرت مەیـــز شـەوەکەی سـەرجۆ
عەزیەتکردن من، مـەکە و لاوەی تۆ؟!

عەباسی کەمەندیش دەڵێ ئەوانەی کە مەولەویی شاعیری بەنێوبانگی هەورامان بناسن، دەزانن کە ئەم شیعرەی بۆ یەکێ لە شێخەکانی ماوچاخی خۆی گوتووە و مەجازی نییە. گوایە رۆژێک شێخ خەمبار بووە و چووە لە قەراخ جۆگەئاوێک دانیشتووە. مەولەویش بۆ ئەوەی کە شێخ لەو حاڵەتە دەربێنێ، لە گەڵ شێخ دەیکا بە گاڵتە و گەپ و شێخیش ئایەتە رەدایە و مەولەویش بەو بۆنەوە ئەو شیعرە دادەنێ!

جارێ مەولەوی هەورامی نەبووە و جاف بووە و خەڵکی تاوگۆزە، بەڵام بە هەورامی و جافی و هەندێ جار ئەردەڵانیش شیعری داناوە. ئەو شیعرەش شیعری مەولەوی نییە. لە دیوانەکەشیدا نییە و لە بنەڕەتدا ئاوەهایە:

لە بیرت مەیـــز شـەوەکـەی سـەرجۆ
شفا و لاڵەی من مەکە و لاوەی تـۆ؟!

ئەو شیعرە خۆی لە خۆیدا تابلۆیەکی رەنگینی هەستبزوێنە کە هاوار دەکا و پێویستی بە پاکانە نییە. جەرەیانەکەش لە شەودا

رووی داوە، نەک رۆژ!
لە سەر سەیەسکەر هەندێ ڕەوایەت هەیە کە دیارە لە خەڵکی سادە و عەوام بیسراوە و دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە، دەنا وانییە و پێوەنانە و لە واقعیەت دوورن. یان ئەگەریش ڕاست بێ بەو چەشنە نییە کە خەڵکی سادە و عەوام بیری لێ دەکەنەوە.
بۆ وێنە عەباسی کەمەندی نووسیویە:
*دەڵێن برێ جار لە باخی ئاوگەڵووەوە گۆرانیی گوتووە، هەرچەند ئەو باخە دوو کیلۆمیتر لە ئاوێنییەوە دوور بووە، بەڵام دەنگی گەیشتۆتە ئەوێ.*
منیش دەڵێم ڕەنگە وا بووبێ. بەڵام دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگیرێ کە ئەو هونەرمەندە لە چ سەردەمێکدا ژیاوە؟! سەردەمی ئەو سەردەمێک بووە کە نە بەرق و کارەبا هەبووە، نە کارخانە و کارگەیەک هاتۆتە کوردستان و ماشێنیش لە گۆڕێدا نەبووە. شەوان لە پیادەڕێکانی شاری سنە، لە بەر نەبوونی بەرق، (چرائینگلیسی)یان هەڵواسیوە. شار کپ و بێدەنگ بووە! ئێستاش لە شارەکان دوور بکەوە و بچۆرە ئەو گوندانەی کە دوور لە هاڕە هاڕی کارگە و ماشێنن، ئەو کارە تاقی بکەوە، بزانە هەر هەمان شتە یان نە؟! واتە لە سەر چیایەکی دوور لە بەرق و کارگە و ماشێن دەنگ هەڵبڕە و گۆرانی بڵێ، بزانە دەنگت دەگاتە دووکیلۆمیتر یان نە؟ بەڵام ئێواران لە کانی شەفا و ئامانییە، کە دوو سەیرانگای بەنێوبانگی شاری سنەن و لە چیای ئاویەر هەڵکەوتوون و ئێستاش شوێنەواریان ماوە، گۆرانیی گوتووە، دەنگی گەیشتۆتە ماڵەکانی خەسراوا. نێوان ئەو دوو سەیرانگایە و ماڵەکانی خەسراواش، ئەوەندە دوور نین و هەر دوو سەیرانگاکە سوارن بە سەر شاردا.
*عەباسی کەمەندی دیسان نووسیویە کە سەیەسکەر لە سەفەرێکدا بۆ بەغدا، بێ پووڵ و پارە دادەمێنێ و لە ئوتێلێک نان دەخوا و نەیبووە پارەکەی بدا! بە خاوەن ئوتێلەکەی گوتووە کە بە جێگای پارە ئامادەم گۆرانیت بۆ بڵێم. کابراش گوتوویەتی گۆرانی نابێ بە پارە و نان و ئاو بۆ من. سەیەسکەریش دەڵێ ئەگەر چڕینی من نەبوو بە نان بۆت ئەوسا شەرعی خۆمان دەکەین. کابرای خاوەن ئوتێل ڕازی دەبێ و سەیەسکەریش دەست پێ دەکا. بە بیستنی دەنگی سەیەسکەر خەڵکێکی زۆر ڕوو لە ئوتێلەکە دەکەن و پارەیەکی باش دەگاتە خاوەن ئوتێل. پاشی ئەم ڕووداوە خاوەن ئوتێل لە سەیەسکەر داوا دەکا کە ڕۆژێ نیو سەعات لەوێ گۆرانی بڵێ و ئەویش پارەیەکی بداتێ، بەڵام سەیەسکەر قبووڵی ناکا. کابرای خاوەن ئوتێلیش پارەی سەفەرەکەی بۆ دابین دەکا و بەڕێی دەکاتەوە بۆ ئێران!.*

ئەو بوویەرە بەو شێوە نییە و ڕاستەکەی ئەمەیە:
ساڵی ١٩٧٩ ئەو کاتەی کە من لە کوردستانی بندەستی حکوومەتی عێراق بووم، شەوێکیان لە ماڵی کاک (ئەحە میرزا)ی خەڵکی سلێمانی میوان بووین، بۆی گێڕاینەوە کە: ساڵێکیان سەیەسکەر لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە دێ بۆ کوردستانی بندەستی عێراق و لە هەڵەبجە دەگیرێ و دەخرێتە زیندان. سەردەمیش سەردەمی سەعید قەززاز وەزیری ناوخۆ دەبێ. لەو سەردەمەدا شێخ خالیدی نەخشبەندی، قایم مەقامی هەڵەبجە دەبێ و شێخ نووریی شاعیریش، کە بە شێخ نووری شێخ ساڵەح بە نێوبانگە، لە هەڵەبجە بەرپرسی دارایی دەبێ. کە خەبەری گرتنی سەیەسکەر بڵاو دەبێتەوە، شێخ خالیدی نەخشبەندی سەختی دەکاتە سەر سەعید قەزاز و سەیەسکەر بەر دەدەن. ئەوسا لە سەر داوای شێخ خالید و شێخ نووریی و کۆمەڵێکی‌تر لە ئەدەبدۆست و هونەرلۆستانی سلێمانی و هەڵەبجە، کۆڕێکی گەرم ساز دەکرێ و سەیەسکەر بانگهێشتن دەکەن و لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە. شێخ نووری جیا لەوەی یەکێک لە شاعیرە بە نێوبانگەکانی کوردە، یەکێکیش بووە لە پیاوە جوانشیرینەکانی سلێمانی و یەکێک لە هەرە دەنگخۆشەکانی کوردستان و مەقامی سەفەر کە (مەحموودەی تۆفیق شلک)ی خەڵکی سلێمانی گوتوویەتی، هی شێخ نوورییە و لە بنەڕەتدا، ئەو چڕیویەتی. لە کۆڕەکەدا داوا لە سەیەسکەر دەکەن کە گۆرانی بڵێ. ئەویش دەیڵێت و پاش ئەو لە شێخ نووری داوا دەکەن. کە شێخ نووری دەست پێ دەکا، سەیەسکەر بە هەر دوو دەست دەدا بە سەری خۆیدا و دەڵێ: ئا ئەمە چەس، باوکەڕۆ! من چۆن لە بەرانبەر ئەم دەنگ و ئاوازا، دەم بکەمەوە؟!
کە چی کاک حەمە ڕەسووڵ هاوار کە ئێستا لە لەندەن دەژی، لە کوێرەوەری و بیرەوەرییەکەیدا، هەرچەند کوردییەکەی هەڵەی تێدایە و من وەکوو خۆی نووسیومەتەوە، نووسیویە:
(جارێک حەسەن بەگی جاف بۆی گێڕامەوە وتی: ساڵێک لە هەڵەبجە هاوین بوو، سەعید قەزازی قایم مەقامی هەڵەبجە میوانم بوو، لە ناو چیمەنی حەوشەکە دانیشتبووین، لە پڕ تماشامان کرد پۆلیسێک زەلامێکی ڕیش سپی بە خۆی و گۆچانێکەوە پێش خۆی داوە و هاتە ناو چیمەنەکە. کابرای پیر یەکسەر ئانیشکی نایە سەر گۆچانەکەی و چریکەی گۆرانییەکی لێ بەرز بووەوە کە بە ڕاستی هەموومانی مەست کرد و لە جێی خۆمان تاس دەبیردینەوە. تومەز ئەمە سەی عەسکەر بوو لە سەر سنوور هات و چۆی ئەو دێهاتانەی کردووە و پۆلیس گرتوویەتی و هێناویەتی بۆ هەڵەبجە و بۆ ئەوەی لێرەوە بینێرێتەوە بەو دیوا و، وتی حەسەن بەگ هاتووم ببی بە کەفیلم کە ئەمشەو حەپسم نەکەن هەتا سبەینێ دەڕۆمەوە.....!!! سەعید قەزاز هەڵی دایە و وتی باوکم من خۆم دەبم بە کەفیلی و بە پۆلیسەکەی وت بچۆ بە قومیسەر بڵێ قایم مەقام کەفیلێتی و بەری دەن با بۆ کوێ دەچێت ئارەزووی خۆیەتی.....).

دەبێ بڵێم کاک حەمە ڕەسووڵ، سەیەسکەر نە کاکەبەش بووە، نە چەرچی. لە گەڵ ڕێزمدا کە توێژێکن لە کۆمەڵگای ئێمە، لە «چاوەش و شایەرە» گەڕاڵەکانی کۆنیش نەبووە، هەتا بە لادێکانا گەڕابێ و سواڵی کردبێ و لە سەر سنووری دەستکردی ئێران و عێراق بیگرن و بیخەنە زیندان. ئەگەر ئەدیب و نووسەرانی کورد، ئاوەها باسی دەنگخۆش و گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی کوردمان بۆ بکەن، دەبێ بڵێین هەزار ڕەحمەت لە کفندز!!

هەر لەم کتێبەشدا دەڵێ: لە کوردستانی ئێران لە سنەی پایتەختی ئەردەڵان گەلێک دەنگخۆشی بەرزی تیا هەڵکەوتووە لەوانە سید علی اصغری کوردستانی (کە بە سنە دەوترێت کوردستان) کە لە ناوچەی سلێمانیدا بە (سەی عەسکەر) بە ناوبانگە. دەنگخۆشێکی ئێجگار زۆر بەرزە و بووە بە قوتابخانەیەکی تایبەتی ئەو ناوچەیە و کوردستان کە ئێستە مظهری خالقی یەکێکە لەو دەنگخۆشانەی کە بە راستی ئەو قوتابخانەیەی تازە کردەوە و رۆح و گیانی سەیعەسکەری بووژاندەوە و هیتر!.
لە گەڵ ڕێزمدا بۆ کاک مەزهەری خالقی، کە یەکێکە لە هونەرمەندە دەنگخۆشەکانی کورد و شێوازێکی دیار و تایبەتی هەیە لە گۆرانیی کوردیدا، سەیەسکەر شێوازێکیترە و خالقیش شێوازێکیتر، دەنگ و شێوازی ئەو دوو هونەرمەندە یەک نین و نابێ لە گەڵ یەک هەڵیانسەنگێنی! ئەگەر کاک حەمە رەسووڵ وایان هەڵسەنگێنێ، دەبێ بگوترێ: (درەختی ئەز هندووستان بورپیدەم، ئافەرین شارەزوور بۆ پەمووت!).

* * *

بەڵێ سەیەسکەر پاش ماوەیەک، دەچێتە کەرکووک و بەغدا و لە کەرکووک، عەلی مەردانیش دەبینێ.
ساڵی ۱۹۸۰ لە گەڵ چەند دۆست و برادەر چووین بۆ بەغدا، بۆ دیتنی مامۆستا عەلی مەردان. بە داخەوە ئێمە کاتێک چووینە لای، کە پیر و نەخۆش و لاکەوتە بوو. ئاگای لە خۆی نەبوو. لە راستیدا ئەگەر لە بەر من نەبوایە کە میوان و لە کوردستانی بندەستی ئێرانەوە هاتبووم، نەیاندەهێشت بیبینین، چونکە حاڵی باش نەبوو و دوکتۆر گوتبووی نابێ ماندووی بکەن و دەبێ پاڵ کەوێ. ئەوەندە حاڵی خراپ بوو، پرسیاری شتێکمان لێ دەکرد، شتێکی دیکەی وەڵام دەداوە. بە هەزار زەحمەت برێ قسەی بۆ کردین بەڵام بە داخەوە ئەوەی کە من دەمەویست دەسگیر نەبوو!. لە نێوان قسەکانیدا کە پچڕ پچڕ، باسی ژیانی خۆی دەکرد، باسی گۆرانیبێژەکانی کوردستانی بندەستی ئێران هاتە گۆڕێ کە لە پڕ چووە سەر سەید عەلی ئەسغەر. بەڵام ئێمە ئەو کاتە زیاتر بە پەرۆش بووین باسی خۆیمان بۆ بکا و برادەران قسەکەیان پێ گۆڕی و کەوتە سەر باسێکیتر. دەنا عەلی مەردان لە سەر سەید عەلی ئەسغەر شتی زۆری دەزانی بەڵام داخەکەی گرانم، عەلی مەردان مرد و لە دەست دەرچوو، ئەو رازانەش چوونە ژێر گڵ!
مامۆستا عەلی مەردان گوتی: سەردەمی نووری سەعید بوو. دەم بەدەم خەبەر گەیشتە کەرکووک کە سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هاتۆتە سلێمانی. من بە پەرۆش بووم بیبینم، بەڵام زۆری نەخایاند هاتە کەرکووک. دوو سێ کەسی لە گەڵ بوو، کە پێم وابێ بنەماڵەی شێخ مەحموود، رەگەڵیان خستبوو.
کەرکووک کزمەڵێک نەجاڕ و خەیات و شتی وای لێ بوو کە خەڵکی سنە بوون و سەید عەلی ئەسغەر لە لای ئەوان دەمایەوە. بۆ خۆم چوومە خزمەتی و چەند رۆژ پێکەوە بووین. رۆژان لە دووکانی کوڕێکی سنەیی کە لە ناو بازاڕی نەجارەکانا بوو، دادەنیشت. زۆرمان گۆرانی بۆ یەکتر گوت. ماڵم قەبرە، گۆرانیبێژ نەبوو بیگاتێ. هەرچەند دەنگی هەڵدەهێنا، ئەمن کپ و بێدەنگ دەبووم. من لە گەڵیا دەرنەدەچووم. دوو شێوازی جیاوازمان هەبوو. ئەو گۆرانییانەی کە ئەو وتنی، ئێستاش وێنەیان نەهاتەوە روو!.
ئاخ ..... لە کەرکووک دەعوەتیان کرد بۆ خانەقای حاجی شێخ عەلی. ئەو شەوە موناجاتی کرد. بڕوا بکە، لە بەر دەنگی ئەم کابرایە، دەروێش کردیان بە سکاتێک، کە بە کەس دانەدەمرکان.
بە داخەوە ئەو دەمی وەکوو ئێستا دەرەتان و ئیمکانات نەبوو. تەنیا لە بەغدا گۆرانی تۆمار دەکرا و ئەویش، بۆ سەید عەلی ئەسغەر هەندێک دژوار بوو، چونکوو دەبوو بگەڕێتەوە و نەیدەویست بمێنێتەوە. ئەگەر بمابایەوە، بنەماڵەی شێخ حیسامەدینی بیارە، بە هەموو شێوەیەک یارمەتیان دەدا، بەڵام بۆ خۆی حەزی نەدەکرد بمێنێتەوە و لە راستیدا بۆ زیارەتی حەزرەتی غەوس هاتبوو!.
قەرار بوو لە سەر سیلْ گۆرانی تۆمار بکات بەڵام نەکرا! شەریکەی ئیستوانەی ئەو کاتە، بەشکۆی (سۆدوا) بوو، کە هی ئاڵمانییەکان بوو. رادیۆ وەکوو رادیۆی ئێستا نەبوو. گۆرانی تەنیا لە سەر سیلْ دەمایەوە. مەسەلەن لە رادیۆ، گۆرانیمان دەگوت بڵاو دەبووەوە، بەڵام نەدەما. چونکە خۆحەن بڵاو دەبووەوە و زەبت و تەسجیل دەس نەدەکەوت تا لە سەری تۆمار بکرێ! لە هەمووی سەخڵەتتر، نەبوونی مووزیکاری کورد بوو. ئەو سەردەمە بە دەگمەن کوردێک دەس دەکەوت مۆسیقار بێ، یان سازێک لێ بدا. گۆرانیبێژ زۆر بوون بەڵام سازژەن و سازبەند کەم بوون. مۆسیقارەکانمان زۆرتر کوردە مەسیحییەکان، یان باشتر بڵێم ئەو مەسیحی و جوولەکەگەلەی بوون کە لە کوردستان مابوونەوە و لە ناو کوردا ژیابوون و داب و کردار و فەرهەنگی کوردییان هەبوو. خزمەتی هونەر و گۆرانیی کوردی لە سەر شانی ئەوانە بوو!.

ئەو سازبەند و مووزیکارانەی کە لە رادیۆی بەغدا لێیان دەدا، زۆربەیان جوولەکە و فەلە بوون. غانم حەداد و مونیر بەشیر، ئەو دوو مووزیکارە پایەبەرزە، کوردی فەلەن. گۆرانیبێژە کوردە جوولەکە و مەسیحییەکانی ئەو کاتەش، سیوە و مریەم خان و مەریێن و قەشە شابیل و نازدار و ئەسمەر فەرهاد بوون.

من پێش ئەوەی گۆرانی بڵێم فەقێ بووم. من تازە جل و بەرگی فەقێیەتیم فڕێ دابوو کە سەید عەلی ئەسغەرم دیت. لە ناو کوردا گۆرانی گوتن بە عەیب دەزانرا. وەکوو ئێستا نەبوو!! ئەو گیر و گرفت و کەند و کۆسپانە، زەرەری زۆری لە مە دا. سەیەسکەر ئەو هونەروەرە بەرزە، کاتێ گۆرانیی دەگوت، کوڵ و کۆی دایکی جگەرسووتاوی دادەمرکاند، کەچی لێرە گیرا و خرایە زیندان و بۆی نەڕەخسا، کە ئەو دەمی لێرە دەرەتان هەبوو، چەند گۆرانییەک لە سەر سیلْ تۆمار بکا! ئەی برا......! لێرەدا عەلی مەردان دەستی بە گریان کرد و ئێمەش وازمان هێنا.

* * *

*لە سەر سەیەسکەر شتی زۆر دەگێڕنەوە کە راست نین و درۆن و*

*دەرمێنان و پێوەنانی خەڵکە لە بەر هەستی خۆشەویستی.*
*عەباسی کەمەندی نووسیویەتی: ئێژن گوایە سەیەسکەر شەوێکیان لە یەکێ لە چایخانەکانی سنە گۆرانیی گوتووە. هەر کات دەنگی هەڵێناوە، مشکەکان هاتوونەتە دەرێ و گوێیان داوە. هەر کە گۆرانییەکەی بڕیوەتەوە، خزاونەتەوە کونەکانی خۆیان.*
*یان جارێک لە ماڵێکدا گۆرانیی گوتووە، هەرچی کاسەی مسین هەبووە لە باڵای رفەی ماڵەکەوە، هەمووی بەر بۆتەوە و زۆر شتیتر!*
ئەم شتانە عەقڵ قبووڵیان ناکا و بڕوایە بە خورافات و دوورکەوتنەوە لە واقیع. کەس ناڵێ سەیەسکەر دەنگی خۆش نییە و نەبووە. ئەوانەی کە شارەزای مووزیک بن و گوێیان لەو چەند گۆرانییەی بووبێ کە لەو هونەرمەندە ماوەتەوە، دەزانن کە تۆنی دەنگی سەیەسکەر لە سەرێ بووە و دەنگی بەرز بووە. بەڵام ئەو باسکردن و ئەو چەشنە وەگێڕان (روایت)انە، بەو شێوە نین و رووداوەکان دەسپێرنە دەستی خورافات و لە سنووری عەقڵ و بڕوای دەبەنە دەرێ.
بە داخەوە لە بەر بەربەستکردن و پاوانکردنی زمان و ئەدەبی کوردی و لە لایەکی دیکەش پیری و بێپرستی، سەیەسکەر چیتر نەیتوانیوە گۆرانی تۆمار بکا و وردە وردە مەرگ بەربینی پێگرتووە و کۆچی دوایی کردووە. بەڵام بە داخەوە کەس نازانێ چ ساڵێک مردووە و ئێستاش نازانرێ گڵکۆی ئەو هونەرووەرە دەنگسۆزە لە چ جێگایەکە. هەندێ کەس دەڵێن لە گۆڕستانێکی سەڵواتاوا نێژراوە و بڕێ کەس دەڵێن لە گۆڕستانی تایلەی شاری سنە بە خاک ئەسپێردراوە. بە هەر حاڵ لە هەر لایەک نێژرابێ و لە هەر شوێنێک بێ، دەنگی ئەو هونەرمەندە، هەتا هەتایە زیندووە و نامرێ و بە بیستنی گۆرانییەکانی، یادی هەمیشە لە دڵاندا زیندووە.

**سەرچاوەکان:**

– کاسێتی گوت و بێژێک لە گەڵ کاک (رەحمانی عیمادی)ی چاپچی، خەڵکی مەهاباد.
– کاسێتی دانیشتنێک لە گەڵ مامۆستا (عەلی مەردان) لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٩.
– (سید علی اصغر کردستانی) نووسین و کۆکردنەوەی عەباسی کەمەندی.
– بیستنی گێڕانەوەی هەندێ رووداو، لە پیاوە بەساڵاچووەکانی شاری سنە.
من گوتەکانی مامۆستا عەلی مەردان و کاک عیمادیی چاپچیم جگە لە گۆڕینی وشە عەرەبی و فارسییەکان، وەکوو خۆی نووسیوەتەوە و دەستم لە ناوەڕۆک نەداوە. قسەکانی سەیەسکەریشم هەر بە زاراوەی سنەیی‌یانە نووسیوەتەوە.

## حکوومەتە دەسەنیاکانی قاجاڕ و پەهلەوی، لەو سەردەمەدا، کوردستانی ئێرانیان تەنیا بە ناوچەی سنە بڕیبووەوە و دەیانەویست ئەو پاشماوەکەی‌تری بکەن بە ژێر لیچەوە. لە کاتێکدا بەشی زۆری کوردستانیان خستبووە سەر ناوچەکانی ئازەربایجان و بەشی لای خوارووشی کە کرماشان و ئیلام و بەشێک لە هەمەدان و زەنگان بوو، هەر بە کوردستان حیساب نەدەکرد و ئێستاش حیسابی ناکەن و ئەو سیاسەتە شوومە هەر بەردەوامە! ئێستاش لە سەقز و کرماشان و مەریوان و هەندێ شوێنی‌تر، لە گاراژەکان کە بانگ دەکەن بۆ موسافیر، ناڵێن سنە، دەڵێن کوردسان، کوردسان، کوردسان!.

**تیکمە:** پڕ، جمکوت. (ئەونە خەڵکی ها تێیا، تیکمەس، جێیە نارێتەو دانیشی.).

**خاتوو شیشەڕی:** ناوی ئەو کێفسانەیە کە کەوتۆتە پشت سەر سەڵواتاوا.
**خۆجەن:** راستەوخۆ، 'دیرێکت، مستقیم'. (ئەو ڕێگەیە خۆجەن بگرە و بەری مەدە.)
**دەسەپاو:** دەسڕەسی، توانا.

**سابلاغ:** ئەم وشەیە دیاریی مەغۆلەکانە و لە دوو وشەی (سووغ) کە دەبێتە سارد و (بلاغ)یش چاوکە یان سەرچاوە، پێک هاتووە. کە بە سەر یەکەوە دەبێتە سەرچاوەی سارد یان چاوکەی سارد.
**سکات:** شیوەن، کار و ڕەهات. (بۆ مردنی ئەو برایەی کردی بە سکاتێک مەپرسە!).

**سنۆقاوازە:** بەو گرامافۆنە کۆنانەیان دەگوت کە بە هەندل کاری دەکرد و کەڕنایەکی گەورەی بە سەرەوە بوو. سنۆقاوازە، لە ناوچەی سنە و شارۆچکەکانی دەور و بەریا بەکار براوە و وشەی داتاشراو نییە.

**سەردەمداو:** خاوەن دەسەڵات، خاوەن ئیختیار. بە کەسێک دەگوترێ کە دەسەڵاتی سەردەمێکی بە دەست بێ، یان دەسەڵاتی شوێنێکی تایبەتی بە دەست بێ.

**سەڵواتاوا:** گوندێکی گەورەیە لە پەنای شاری سنە.
**مشەمەر:** مشە، فرە، زۆر.

**نارە ناو:** مزرە مزر؛ لۆرە لۆر؛ گۆرانیگوتن لە بەر خۆوە؛ (زەمزەمە).

**ناوگەلوو:** نێوی هاوینەهەوارەکانی گوندی سەڵواتاوایە، کە باخێکی زۆر خۆشە.

# ئەسپی پیرۆز

محەمەد فەریق حەسەن

شای ئەسپان ئێستا لە ماڵە گەورەیەک میوانە. بەرناکەوێ، خەڵکی وەک عەزرەتی دەخوازن بێنە سەیری و لێی ڕابمێنن.. ماڵەگەورە، تا چەند مانگێک بە تەنگێوە هات و خەمی خوارد. ڕۆژێک مەیتەری ماڵەگەورە نالبەندی هێناو ناڵی کرد. قەیچیی نا لە بژی و یاڵی کرد .. وەک چارەوای ماڵی ئاخوڕیان بۆ هەڵبەست.. پاییز هات. مەیتەر، شای ئەسپانی کردە تەویلەی ڕەشەوڵاخان و دەرگای لەسەر داخست. ئەسپی پیرۆز لە توخمی خۆی بێئاگا ما.. ڕۆژێک تەواو تینووی بوو.. بە یادی جاران کەوتە کوڕژن و سمکۆڵان. تەویلەی ئەژنۆیەک چاڵ کرد بەڵام نەگەیشتە سەر ئاو.. یادی جارانی کردەوە و گەڕایەوە دواوە.

* * *

جاری جاران ئەسپ لەو کێو و بەندەنە دەژیاو تێکەڵ ئاوەدانی نەدەبوو. ئەوسا ئەسپ جوانتر و خۆشبەزتر بوو.. لە حیلەی کوڕژنیان چیا دەنگی دەدایەوە. ئەسپی پیرۆز پاشاو پێشەنگیان بوو.ئەسپی پیرۆز سپیی بێنیشان، چاو کووژەکەیی، گوێ گچکە و قوت.. یاڵی بە شەپۆلی وەک چوڕی شیر.. بە سەر ملیدا چین چین.. جووتێک شاباڵی پێوە بوو.. شاپەڕ سپی.. کاتێ باڵی دەگرت زەوی دەکەوتە ژێر چەپۆکانییەوە، لە کن ئەو بەرزاییی قەندیل و تەختاییی قەراج چوونیەک بوون.. ئەسپی پیرۆز هەرگیز ماندوو نەدەبوو. لە هەر ڕەقەن و بەیارێک بیکردایە بە سمکۆڵان، تافەتاف کانییەک هەڵدەقوڵا.. ڕێبوار و گیانداری تینوو بینیان پێوە دەنا. شڵپ و هووڕ خۆیان تێدا دەشت. ئەوکەسەی بە ڕێکەوت ئەسپی پیرۆزی بدیایە بەختەوەر بوو. کە دەگەڕایەوە دێ، بە تانیدا دەهاتەوە خوار و بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. خەڵکی ئەو چیاو دۆڵە وەهای بۆ دەچوون کاتێ دەحیلێنێ ئەوە نزایان بۆ دەکات. کە شاخیش دەکات و بە دەم چوارناڵەوە ئاگر لە سمەکانیوە برووسکە دەهاوێ ئەوە سەبارەت بە نارەوایییەکان تووڕەیە و بێزاری هەڵدەڕێژێ.

* * *

کەس نازانێ گورگی گۆشتخۆر و ئەسپی گیاخۆر لە سەرچی لێیان بوو بە هەرا .. شەوێکی سەربەهەورە. ڕەوەیەک ئەسپ لە دۆڵێکدا لاڵ وپاڵ لێی کەوتوون. بە چاوێک نووستوو و بە چاوێک بە ئاگان. گەلە گورگێک لە چوار کەنارەوە لە پشت گابەرد و دەوەنەکانەوە سەر دەردێنن.. چاو دەگێڕن. دۆڵەکە دەخەنە ژێر سەرنجی تیژی خۆیان.. لە پڕ لووت بۆ ئاسمان هەڵدەبڕن و دەبێتە لوورەلوور و کلک بادان.. گورگی ئەم باسک بۆ گورگی ئەو باسکی دەسەنێتەوە. سام دەبێتە تیغی دەبان و بۆ دڵی ئەسپان دزە دەکات. ئەسپ لە حیلە دەدەن، بە کوڕژن و پێکۆڵ ئەو دۆڵە پڕ دەکەن. دەلەرزن. بە چاوی سوورەوە هەڵدەسنە سەر پاشوو. شەو ئەنگوستەچاوە. چاو چاو نابینێ، بەڵام گورگ نێچیر دەبینێ.

گەلە گورگ کردیانە چوار سەرە و داباریــنە دۆڵەوە.. فڕکان فڕکانە.. لەمسەری مەیدانەوە بۆ ئەوسەر.. ڕەوە ئەسپ شەق و پەق بوون و لێک دابڕان.. ئەسپێکی سپی هەڵساوەتەوە سەر پاشوو.. دەست دەنێتە زەوی و بە لووشکان بەرگری دەکات.. گورگێکی هار، یەختە.. زاری یەک بە خۆی بەش و لێک دەچێنێ. چاوەکانی کراوە و سوور. لە سەر یەک هەڵدەبەزێتەوە و لمۆزی دەگاتە کەفەڵی ئەسپی سپی.. ئەسپ لە حیلە دەدا.. ئەسپ لە چوار ناڵە دەدا.. بە سەر بەرددا.. بە سەر دەوەندا.. بە ناو زەبەنگ و بە بان جۆگەلەدا باز دەدا و هەڵدەخاتەوە. ڕووگەی لە

باسکێکە ملی پێوە دەنێ و گورگ لە شوێنی..لەوەدایە بیگاتێ و نایگاتێ. کۆتایی‌ی باسکەکە هەڵدێرە.. ئەسپی زامدار دەگلێ. تا ناوەندی خەرەند بە تەپاوتل دەروات و برینی تێ دەبێ. کفت و کەنەفت درێژ دەبێ و گورگەبۆر دەگاتە سەری..

* * *

ڕۆژێک ئەسپی پیرۆز ڕەوە ئەسپەکانی لە تەختایی‌یەکدا کۆکردەوە. تاکوو پێکەوە بیر لە چارەیەک بکەنەوە. دوای گفت و گۆیەکی زۆر، ڕەوەیەک وتیان:
– لە ئێمە و لە گورگان، کام دەستەیە پێشتر ئەم چیاوچۆڵە بەجێ بهێڵێ، ئەو دۆڕاوە. چار هەر ئەوەیە بەرەنگار بین.

ڕەوە ئەسپی دووەمیش گوتیان :
–چەند بەهێز بین.. بە لەش و لار جوان و لە غاردا چاپووک بین، هەر بەرەی مرۆڤ لە ئێمە وریاترن. با پەنا بۆ مرۆڤ بەرین.. با مرۆڤ بکەینە داڵدە و پەنا..
ڕەوەی سڵۆک، ماندوو، بریندار و ترساو دوای ڕای دووەم کەوتن. پشتیان کردە چیاو چۆڵ و ڕووە و ئاوەدانی ملیان پێوە نا.

* * *

ئێستا ئەسپی پیرۆز لە تەویلەیەکدایە. بۆگەنی ڕیخ و هالاوی ئاژەڵ مێشکیان پڕ کردووە.. ڕۆژێک خاوەنەکەی لە تەویلە دەریهێنا. سەرکەلەی بە گوڵینکەی لە سەر نا.. ڕستێک مووروی شینی لە مل کرد. لغاوی زیوی لە زارکرد.. زینێکی نەخشینی بە ئاوزەنگی زیڕی لەسەر نەرمەزین هاوێشت. تەنگاوتیلکەی دا و سوار بوو. لە دەشت ئەسپی بینی بارکێشن. ئەسپی بینی نیلەیان ڕادەکێشا. کلک هەڵکرووزاو، تەنگە قوپاو، یاڵ هەڵپاچراو. هەیانبوو لە سەر گوفەکان داڵ لێی دابوون.. بەزەیی بە خۆی و توخمی ئەسپاندا هاتەوە.. ئۆزاقی خۆی دا و هەڵسایە سەر پاشوو. لە حیلەیەکی دوورودرێژی دا. سوار لەوەدا بوو بگلێ. جارێکی دی هەڵسایەوە سەر پاشوو، هەردوو دەستی بۆ ئاسمان هەڵبڕی. بەڵام وەک جاری جاران نەیتوانی بفڕێ. چوارپەلی لە زەوی نەبڕا.

ئەم نیازی بوو بە یادی جاران یەکسەڵەف هەتا بەرزایی‌ی چیا نەنیشێتەوە. سوار قامچییەکی سرەواندە ملی و هێندە توند جڵەوی ڕاکێشا، لغاوەی ئەسپی پیرۆز خوێنی تێ زا. بە خۆی زانی خراپی لێ قەوماوە. باڵەکانی سست بوون و توانای فڕینی نەماوە. بەردەوام دەیحیلاند، بەڵام هیچ ئەشکەوت و باسکێک بۆی نەدەسەندەوە و دەنگدانەوەی نەبوو.

* * *

کاتێ گەڕایەوە، لە تەویلەکەیدا بیری لە کۆکردنەوەی بەرەی ئەسپان کردەوە. تاکوو جارێکی دی ڕوو بکەنەوە چیا. بەڵام چەندی کۆشا، نە ڕەشمەی بۆ ترازا.. نە پێوەندی بۆ شکا. دەرگایشی لەسەر داخرابوو. ئەسپی پیروز لە داخا سوێی بۆوە.. ئەوانی دیکەیش باڵیان کرا دەنگیان نەکرد. کلکیان گرێ درا دەنگیان نەکرد. ماینیان لە کەر چات کرد هەر دەنگیان نەکرد.. ئێستا نە حیلەیان لە چیا دەنگدانەوەی هەیە. نە شێوەشیان وەک ئەوسایە. تەنگەیان ئەستوور. ملیان خوز.. پشتیان قوپاوی ژێر بارە.
گورگ ئێستایش دەستی لێ هەڵنەگرتوون. لە ڕێ و بانان.. لە تەویلەو یەختەخانان ئامبازیان دەبێ و دەیانخوات.
ئێستا گەڕانەوەی ئەسپ بۆتە خەون و نایەتە دی.. هەرچی بەرەی گورگیشە، تاکو نەو کەس بیری لە ڕامکردنیان نەکردۆتەوە.

سلێمانی شوبات/ ١٩٨٧

**{تێبینی: بۆنووسینی ئەم چیرۆکە سوودم لە ڕستەیەک لە کتێبی (المخرج في المسرح المعاصر) وەرگرتووە، نووسینی سعد اردش}.**

# بازرگانیکی فەڕەنسی لە کوردستان

لە ساڵی ١٦٣٢دا

ئامادە کردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە:
فەرهاد پیرباڵ


«شتێکی زۆر خۆشە بە سەفەر بێیتە وڵاتی کوردان»
J. B. TAVERNIER بەرگی دووەم، لاپەڕە ٣٠-٣١.

«.. ئەو وڵاتەی کە لە هەموو وڵاتێکی دیکە بە هێزترو سەرنجڕاکێشترە، لەبەر ئەوەی نە سەر بۆ سوڵتانی عوسمانی دادەنەوێنێ، نە پاشای فارسەکانیش بە هیچ دەزانێ. ئەمە لە کاتێکدا هەموو میرەکانی دیکە، سەر بە یەکێک لەم دووانەن »
J. B. TAVERNIER ( ١٦٠٥ - ١٦٨٩ ) بەرگی دووەم، لاپەڕە ٢٨.

نەتەوەی کورد، سەبارەت بەوەی کە هەمیشە نیشتمانەکەی لە ژێر نیڵی داگیرکەرە عەرەب و فارس و تورکەکاندا بووە، هەرگیز مێژووی ژیانی نەنووسراوەتەوە. ئەمڕۆ باشترین ڕێگە بۆ لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەییمان ئەوەیە کە بتوانین پشت بە کتێب و سەرچاوە کۆنە ئەوروپاییەکان ببەستین، بە تایبەتی جوگرافیاناس و گەشتەوەرە ئیتالی و ئەڵمانی و هۆڵەندی و فەرەنساییەکان، کە لە دەوروبەری سەدەی دوانزەهەم بەم لاوە، پەیتا پەیتا، بە سەفەر ڕوویان کردۆتە کوردستان و یاداشتنامەو گەشتنامەکانی خۆیان نووسیوەتەوە.(١)

لێرەدا مۆڵەتی ئەوەمان نییە کە کرۆنۆلۆژیای سەفەرنامەکانی ئەو گەشتەوەرە ئەوروپاییانە بۆ کوردستان بنووسینەوە، بەڵکە دەمانەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ کتێبی (سەفەرنامەی) یەکێک لەو گەشتەوەرانە ڕابکێشین کە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٢دا بە کوردستاندا تێپەڕیوەو چەندین بەشی کتێبەکەی (سەفەرنامەکەی) تەرخان کردووە بۆ ئاخافتن لە بارەی سروشتی ژیانی نەتەوەی کوردەوە.

ئەم گەشتەوەرە (ژان - باپتیست تاڤێرنییێ / Jean - Baptiste TAVERNIER) بازرگانیکی فەڕەنسی بووە، لە ساڵی ١٦٠٥ لە پاریس لە دایک بووە، واتە هاوسەردەمی لویسی چواردەهەم بووە.(٢)




چاپی سێیەمی کتێبەکە، پاریس ١٩٨١

تاڤێرنییێ TAVERNIER کە کوڕی بازرگانیکی فرۆشیاری نەخشەی جوگرافی بووە، لە ماوەی ساڵانی ١٦٣٢ تا ١٦٦٣ دا شەش جاران هاتۆتە وڵاتی ئێران و تورکیا، لە دووەمین و پێنجەمین سەفەریدا بە ناو جەرگەی کوردستاندا تێپەڕیوەو باسی ژیان و شێوەی ژیانی کوردەکانی کردووە، تەنانەت - وەک دەگێڕێتەوە - چووە سەری لە شەرەفخانی پاشای بەتلیسیش داوەو لە دیوەخانی شەرەفخانی بەتلیسیدا میوانداری کراوە.

تاڤێرنییێ TAVERNIER لە سەرەتای مانگی چواری ١٦٣٢ دا گەیشتۆتە ئەستەمبوڵ، لەوێوە بەرەو ئەرزەرۆم، تەورێز، ئەمجا لە کۆتاییی بەهاری ساڵی ١٦٣٢ دا دەگاتە ئەسفەهان، واتە لە سەردەمی چوارەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیی (سەفی عەلی شا )دا کە بە یەکێک لە یەکەمین پاشایانی سەفەویی ئێران دەژمێردرێ. لەم سەفەرەی یەکەمیدا، خۆی نەک وەک بازرگان، بەڵکە وەک توریستێک پیشان دەداو تەنیا دوو-سێ مانگێک لە ئەسفەهان ماوەتەوە.(٣)

لەو سەردەمەی ئیمپراتۆریەتی سەفەویی ئێراندا، قزلباشییەکان «سەرسوورەکان» کە فیداکارانی شیعەگەری و شیعە مەزهەب

بوون، ماوەیەکی زۆر بوو جڵەوی حوکمدارییان گرتبووە دەست.
شایەنی باسە، سەردەمی ئەم سەفەرەی TAVERNIER بەرەو کوردستان، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی شاعیری گەورەمان ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) و مێژوونووس شەرەفخانی بەتلیسی (١٥٩٦) و هەروەها گەشتنامەکەی ئەولیا چەلەبی (١٦٥٥) بە کوردستاندا.
گەشتنامەی ئەم نووسەرە فەرەنسییە، لە پاڵ سەفەرنامەکەی ئەولیا چەلەبی ، بە یەکێک لە گرنگترین و دانسقەترین کتێب لە قەڵەم دەدرێن بۆ ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مێژووی ژیانی نەتەوەی کورد لە سەدەی حەڤدەیەمدا.
فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسا، ڤۆڵتێر، لە کتێبەکەی خۆیدا ( Essai Sur Les Moeurs des Nations ) دەڵێ:
( تاڤێرنییێ TAVERNIER لە گەشتنامەکەی خۆیدا باسی بازرگانیتیمان بۆ دەکا نەک باسی فەلسەفە. جگە لە شارەزایی لەبارەی ڕێگاو شارێگاکانی بازرگانی، هیچی دیکەی لێ فێر نابین) (4). بەڵام لەگەڵ ئەوەش تاڤێرنییێ لە بواری ڕۆژهەڵاتناسیدا بە یەکێک لە گەورەترین گەشتەوەرە فەرەنسییەکان لە قەڵەم دەدرێ لە ماوەی سەدەی حەڤدەیەمەوە تاکو سەدەی نۆزدەیەمیش، بە یەکێک لە یەکەمین ئەو گەشتەوەرە فەرەنسییانە دەژمێردرێت کە شارەزایی و ئاگانامەی لە بارەی وڵاتی ئێران بە زمانی فەرەنسی بڵاو کردبێتەوە (5). هەر بۆیەش فەیلەسووفی ناوداری فەرەنسی مۆنتسکیۆ MONTESQUIEU بۆ نووسینی کتێبە ناودارەکەی خۆی بە ناونیشانی (چەند نامەیەکی فارسی /-Lettres Per sanes) لە ساڵی ١٧٢١ دا سوودێکی زۆری لەم گەشتنامەیەی تاڤێرنییێ وەرگرتووەو وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی بەکاری هێناوە. (6).
بایەخی ئەم کتێبەی تاڤێرنییێ بۆ کوردان لەوەدا نییە کە چەند لاپەڕەیەکی درەخشان دەخاتە پاڵ لاپەڕە دەگمەنەکانی دیکەی نووسینەوەی مێژووی ژیانی نەتەوەی کورد لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا، بەڵکە چەند تیشکێکی تازەش دەخاتە سەر هەندێ گۆشە و لایەنی تاریکی ژیانی نەتەوەکەمان لەو ڕۆژگارە دێرینەدا: ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، بازرگانی، سیاسی، داب و نەریت ئارکیۆلۆژیا...تەنانەت لە رووی زمانەوانیشەوە، دەتوانین سوودو بەرەنجامی زۆر دانسقە لەم کتێبەوە هەڵبهێنجێنین. لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە، ئەم کتێبە بینێن و گۆشە نیگای بابایەکی ڕووناکبیری ئەورووپایی دەردەخات بەرامبەر کۆمەڵی کوردەواری و مرۆڤی کورد. ئەم کتێبە بابەتێکی سەربەخۆو تا بڵێی گرنگە لە بواری لێکۆڵینەوەی کوردناسیی فەرەنسیدا.
ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو بەشانەمان وەرگێڕاوەتە سەر کوردی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی کوردان دەکەن. بە داخەوە نەمانتوانی ئەو بەشانەی دیکەی کە باسی هەندێ شاری دیکەی کوردستان دەکەن وەربگێڕین. هەوڵمان داوە خۆمان لە تەرجەمە کردنی ئەو بابەتانە بە دوور ڕابگرین کە لە سەفەرنامەکەی (ئەولیا چەلەبی) دا باس کراون: زیاتر ئەو کۆپلە و پەرەگرافانەمان وەرگێڕاون کە زانیاری و ئاگانامەی تازەن، لە سەفەرنامەکەی ئەولیا چەلەبی و لە شوێنی دیکەدا باس نەکراون (7) وەرگێڕانەکەشمان دەقاودەق کردووە، بە بێ زیادو کەم کردنەوەی هیچ وشەیەک. (8).
گەشتنامەکەی TAVERNIER لە دوو بەرگ پێک هاتووە. بەرگی یەکەم دوو کتێبە، کتێبی یەکەم: دووازدە بەشە، کتێبی دووەم: دە بەشە.
بەرگی یەکەم، کتێبی یەکەم :

بەشی یەکەم : ڕێگای فرانسا بەرەو ئاسیا ، تا ئەستەمبوڵ ، ل٣٩-٤٤
بەشی دووەم : لە ئەستەمبوڵەوە تا ئەسفەهان (ئەمە سەفەری یەکەمیەتی) ل٤٤-٧٣
بەشی سێیەم : لە ئەسفەهانەوە بەرەو یەریڤان ، ل٧٣-٨٧
بەشی چوارەم : لە یەریڤانەوە تا تەوریز، ل ٨٧-١١٢
بەشی پێنجەم :لە تەورێزەوە بەرەو ئەسفەهان، ل ١١٢-١٢٠
بەشی شەشەم : لە تەورێزەوە بەرەو ئەسفەهان (ئەمجارە بە ڕێگای شاری زنجان و سوڵتانییەوە) ، ل.١٢٠-١٣٥
بەشی حەوتەم : لە ڕێگای Smyrne بۆ ئەسفەهان (بەڕێگای ئەنادۆڵەوە) ، ل١٣٥-١٥٩
بەشی هەشتەم : باسی ژیانی کشتوکاڵ و پیشە دەستیەکانی ئەو ناوچانە ل١٥٩-١٦٥
بەشی نۆیەم: کرمان-ئەسفەهان
بەشی دەیەم و یازدەم: کاروان و کاروانسەراکان، پۆلیس، حوشترو ماڵات بە خێو کردن، سروشت (لە کرمان و ئەسفەهان) ل ١٧٣-١٩٠
بەشی دوازدەهەم: پارەی ئێرانی، ژیانی دارایی ل ١٩٠-١٩٥.
بەرگی یەکەم، کتێبی دووەم :

بەشی یەکەم: سەفەری دووەمی نووسەر لە پاریسەوە تا ئەسفەهان ل١٩٥-١٩٧
بەشی دووەم: وەسفی شاری حەلەب ل ٢٠٩-٢١٨
بەشی سێیەم: ڕێگا گرنگەکانی دیکە بۆ چوونە حەلەب ل ٢١٨-٢٣٨
بەشی چوارەم: لە حەلەبەوە تا ئەسفەهان بە ڕێگای میزۆپۆتامیادا (ئەمە ئەو بەشەیە کە نووسەر لە سەفەری سێیەمیدا نووسیویەتی) ل ٢٣٨-٢٥٨
بەشی پێنجەم: هەمان ڕێگا (بە شاری ئەینەوا دا تا ئەسفەهان) ل ٢٥٨-٢٧٦
بەشی شەشەم: لە پاریسەوە بەرەو ورمێ (لە سەفەری چوارەمیدا نووسیویەتی) ل٢٧٦-٢٨٩
بەشی حەوتەم: هەمان سەفەر، بەڵام بە ڕێگای کەناری دیجلەوە تاکو شاری بابل Babylon ل ٢٨٩-٣٠٣
بەشی هەشتەم و نۆیەم: لە بەغداوە تا بەسرا، لە بەسراوە تاکو هورمز ل٣٠٣-٣٣٢
بەشی دەیەم: سەفەری پێنجەمی نووسەر، ل ٣٣٢ - ٣٣٧ پێش ئەوەی گوڵبژێرە تەرجەمەکراوەکانی ئەم کتێبە بخەینە بەرچاو،

پێویستە پەنجە بۆ ئەوە رابکێشین کە دەزگای بڵاوکردنەوەی چاپی سێیەمی ئەم گەشتنامەیە، واتە دەزگای La Decouverte ژمارەیەکی زۆر لە تێبینی و پەراوێزی بۆ ئەم کتێبە نووسیووە. ئێمەش پوختەی ئەم پەراوێزانەمان، لە کاتی پێویستدا، لە دامێنی وەرگێڕانە کوردییەکەدا بە ناوی ( د.ب/ دەزگای بڵاو کردنەوەی La Decouverte) وەکو خۆی نووسیوەتەوە.

هەر سێ نەخشـەکەی لێرەدا پیشان دراون، لە چاپی سێیەمی پاریس (La Decouverte ١٩٨١) وەرگیراون، وێنـەی ژمـارە (١) و (٢) و (٣) یش لە بەرگی یەکەمی چاپەکەی ئەمستردام (١٦٧٨) وەرگیراون.

ئێستاش ئێوە گوڵبژێرێک لە گەشتنامەکەی (٩)

Jean-Baptste TAVERNIER:

Less Six Voyages en Turquir et en Perse, 1 er edition, Amstrdam, chez Johannes Van Someren,1678.

بەرگی یەکەم

لە لاپەڕە (٧٠-٧٣)دا باسی سەفەری /ڕێگای بەرەو ئەرزەڕۆم و یەریڤان دەکات، پاشان ڕێگا و مەڵبەندەکانی سەر سنووری تورکیا-ئێران و دەورو بەری شاری قارس و ڕووباری ئاراس.

لە لاپەڕە (٢١٨)دا دەڵێ: «پێنج ڕێگای بنچینەیی هەن کە لە شاری حەلەبەوە بتگەیەننە ئەسفەهان، ئەو پێنج ڕێگایانەش لەگەڵ دوو ڕێگای دیکە یەکتر دەگرنەوە. واتە بە هەمووی حەوت ڕێگا هەن بۆ گەیشتنە وڵاتی فارس لە شاری ئەستەمبوڵ و حەلەبەوە». «یەکێک لەم ڕێگایانە، لە شاری حەلەبەوە، دەکەوێتە لای چەپ، واتە ڕێگای بەرەو دیاربەکرو پاشان تەورێز. دووەمین ڕێگا، بە لای ڕاستەوە، بەرەو میزۆپۆتامیا، بە ڕێگای مووسڵ و ئامێدی » ل ٢١٨.

لە لاپەڕە (٢٤٧) دا پێش ئەوەی جارێ بگاتە ناو شاری ماردین، وەسفی ئەو دەورو بەرە دەکات و پاشان دەڵێ «لە ڕۆژی بیست و شەشەمی سەفەرەکەماندا، لە شاری Cousasar دا ڕامانگرت، (×) چونکە لەوێ دەبوایە گومرگی چوونە ناو دیاربەکر بدەین. بازرگان دەبوایە دوو قرووش و چارەگێک بۆ هەر بارگەیەک بدات- ل٢٤٩.

لە وەسفی شاری ماردیندا دەڵێ « ماردین ئەوەندە لە Cousasar دوور نییە. شارێکی بچکۆڵەیە لە سەر شاخێک قوت بۆتەوە شوورەیەکی جوانی بە دەوردا کراوە، ئافوورەیەکی جوانیشی لێیە کە لە قەڵاکەیەوە دادەڕژێتە خوار. قەڵاکەی، لە لای باکووردایە، لە سەر لوندێکی بەرز هەڵکەوتووە. ل٢٤٩».

«ماردین پاشایەک بەڕێوەی دەبا. ئەو پاشایە دوو سەد سپاهی و چوار سەد سەربازی ئینکشاریی لە ژێر دەستدایە» «ماردین ئەو شوێنەیە کە سینۆرا (خاتوو ) مانی ژیۆرید Maani Gioerida یەکەمین ژنی پیەترۆ دیلا ڤاللا Pietro della VALLA بەوێدا ڕەت بووە (١٠ ). ئەم ژنە، بە سەفەرە خۆشەکانی، زۆر بەناوبانگە - ل ٢٤٩».

پاشان لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێ «من تەنیا لە سەفەری چوارەمدا بەم شارەدا تێپەڕیم».

لە لاپەڕە (٢٥٢) تا (٢٥٤) باسی شاری نوسەیبین Nesbin دەکات «دەبوایە بەڕێ کەوین و یازدە سەعات بەڕێوە بین بۆئەوەی بگەینە مووسڵ، کە هێندە لە ئەینەوای کۆنەوە دوور نییە - ل٢٥٤».

«مووسڵ شارێکە کە لە دوورەوە، بە خۆی و شوورە بەردینە بەرزەکانییەوە زۆر جوانە، بەڵام لە ژوورەوە هەمووی هەر کەلاوەیە. لە چەند بازاڕێکی بچکۆڵانەی «گومانلێکراو» زیاتر، لەگەڵ قەڵایەکی بچکۆڵانە کە لەسەر ڕووباری دیجلە هەڵکەوتووە ماڵی پاشای لێیە، هیچی دیکەی لێ نییە -٢٥٤».

«هیچ شتێکی ئەوتۆی دیتنی لە ناو شاری مووسڵدا نییە. شوێنەکە هیچ شتێکی وای لێ نییە سەرنجت ڕابکێشێ، جگە لە دیمانەی شکۆمەندی بازرگانەکان، بە تایبەتی بازرگانە کورد و عەرەبەکان. کوردەکان ئەو کەسانەن کە خەڵکی ئاسیریای کۆنن Assyrie و ئەمڕۆ بە کوردستان Curdistan ناو دەبرێت (١١)، ئەو شوێنەی کە ئەمڕۆ بەرووبوومێکی کشتوکاڵیی گەورەی تێدا دەهێندرێتە بەرهەم، هەروەها بازرگانێتیی گوێزو مازووی لێ دەکرێ -٢٥٤».

«مووسڵ چوار جۆرە مەسیحیی لێیە: یۆنانییەکان، ئەرمەنییەکان، نەستورییەکان، هەروەها مارۆنییەکان Maronites -٢٥٤».

نووسەر کاتێ لە مووسڵەوە بەرەو هەولێر بەڕێ دەکەوێ، دەڵێ «ڕۆیشتین، گەیشتینە ڕووبارێکی دیکە بە ناوی زابی گەورە. بەسەر پردی ڕووبارەکەدا پەڕینەوە، ئەو پردەی کە بە بیست و نۆ قەنتەرەی بەردین Arcade دروست کرابوو. دەیانگوت کە ئەسکەندەری گەورە ئەم پردەی دروست کردووە، بۆ ئەوەی خۆی و لەشکرەکەی بتوانن بە سەریدا بپەڕنەوە هێرش ببەنە سەر داریووش. چارەگە فرسەخێک دوور لەو پردە، بەرەو ڕۆژئاوا، دوو زێیار هەبوون کە یەکتریان دەگرتەوە دەڕژانە ڕووباری دیجلەوە. پردەکەمان بەجێ هێشت. ڕۆیشتین بەرەو شارۆچکەیەک بە ناوی Chirezoul کە کەوتبووە سەر گردۆلکەیەک و لە سێ لاوە قوت ببۆوە(×). پاشایەک لەو شارۆچکەیە هەبوو، کە ناچار بووین بچین خەڵاتی پێ پیشان بدەین بۆ ئەوەی ڕێگامان بدا کە کاروانەکەمان تێپەڕ ببێ. ئیتر بنەوبارگەمان لەوێ، لە کەنار زێیەک خست و دوو ڕۆژان ماینەوە - ل ٢٦٠-٢٦١».

«کە لەوێوە بەڕێ کەوتین، ڕۆژێکی تەواو بە ناو شاخ و داخێکی وشک و برنگدا بەڕێوە بووین، بێ ئەوەی هیچ پڕووشکە ئاوێک ببینین. بۆ سبەینێ، گەیشتینە دەشتێکی خۆش و هەراو، پڕ لە دارو درەختی میوە بوو. ئەو دەشتە دەشتی ئاربیل Arbeles بوو، ئەو شوێنەی کە ئەسکەندەری گەورە داریووشی تێدا شکاند».

«ئەو دەشتە، پانایی‌یەکەی نزیکەی پانزدە فرسەخ بوو، چەندین جۆگەلەو زێیاری دەچۆوە سەر. لە ناوەڕاستی ئەو دەشتەدا چیایەکی بچکۆڵانە، کە نیوە تیرەکەی Circuit نزیکەی نیو فرسەخ بوو، قوت ببۆوە» «ئەو شاخە سەرتاپا بە داربەڕووی یەکجار قەشەنگ داپۆشرابوو، کە من پێشتر هەرگیز داربەڕووی هێندە قەشەنگم نەدیبوو. لە ژێر کەلاوەکانیشەوە قەڵایەکی بەرز قوت ببۆوە. ئەم قەڵایە

، خەسڵەت و نیشانەکانی، ئەوەیان پیشان دەدا کە وەختی خۆی عیمارەتێکی Edifice گەلێک قەشەنگ بووە – ل٢٦١».
«خەڵکی ئەم وڵاتە دەڵێن کە ئێرە ئەو شوێنەیە کە وەختی خۆی داریووشی لێ ژیاوە، ئەو کاتەی کە لە شەڕەکەی خۆیدا دژی ئەسکەندەری گەورە شکا». «سێ فرسەخێک لەولاتر، لە نزیک چیایەکی گەورەدا، بەلای باکوورەوە، پاشماوەی کەلاوەی قەڵایەکی دیکە دەبینرا، هەروەها چەند خانوویەک. خەڵک دەڵێن کە داریووش، وەختێ لە شەڕەکەی خۆیدا بەزی، هەندێ لە ژنەکانی خۆی لەوێ دانابوو. ئەو قەڵایە دیمەنێکی بەڕاستی قەشەنگ و سەرنجڕاکێشی هەبوو – ل٢٦١».
«سەرچاوە ئاوێک لە دامێنی ئەم شاخەدا هەبوو، دەڕۆیشت، فرسەخێک دوورتر، دەبووە زێبارێکی ئەوتۆ کە دەیتوانی چەندین بەلەمی قورس لەسەر پشتی خۆی رابگرێت، ئەو زێبارە بەرەو باشوور، بە ناو ئەو شاخانەی کە لە باشووردا بوون پێنچاوپێچ شۆڕ دەبۆوە، پاشان دوای رۆژە رێیەک بەناو شارێکدا تێدەپەڕی کە ناوی شارەزوور Cherezoul بووە (×). «ئەو شارە پردێکی لە بەرد دروست کراوی لێ بوو کە نۆزدە قەنتەرە Arcadeی هەبوو. شا عەبباس، دوای ئەوەی هاتبوو بەغدای گرتبوو، سێ لەو قەنتەرانەی شکاند بوو – ل٢٦١».
«شاری شارەزوور بە شێوەیەکی جیا لە شێوەی شارەکانی دیکە دروست کراوە: بنکەی ئەو شارە کە نزیکەی چارەگە فرسەخێک دەبێ، هەمووی بە بەردی سەخت escarpe دروستکراوە. خەڵک بە پێپلکەی پانزدە بیست پەیژەیی بۆ سەر خانووەکانی خۆیان هەڵدەگەڕێن. هەندێ جار بە پەیژەی زیاتریش و هەندێ جار کەمتر، ئیدی بە پێی قەبارەی بەردەکان». «ئەم خانووانە هیچ دەرگایەکیان نەبوو، جگە لە جۆرە دەرگایەکی قفڵداری وەک دەرگای قفڵداری ئاشێک، کە خەڵک بۆ بەڕۆژ کردنەوەی و بە شەو داخستنەوەی، هەمیشە پشتێنەی کۆڵەگەی دەرگاکەیان پاڵ پێوە دەن، ئەو پشتێنەیەی کە لە دیوی ژوورەوەدا لە رێکی بەردەکەدا داندرابوو».
« لەسەری سەرەوەی ئەو خانووانەدا، کە وەک هێلانەی سەر چیا وا بوون، خەڵک ژێرزەمینیان خۆش کردبوو، مەڕوماڵاتی خۆیان تێدا راگرتبوو، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە ئەم شوێنە وەک شوێنێکی خۆ پاراستن وابوو بۆ بەرگری کردنی هێرشی عارەبان و هێرشی بەدەویەکانی Bedouins میزۆپۆتامیا – ل ٢٦٢». (١٢)

پاشان کەمێکی دیکەش هەر وەسفی شاری شارەزوور دەکات و پاشان دەگاتە سەر رووباری ئاڵتوون سوو. ل٢٦٢ – ٢٦٣. لە لاپەڕە ٢٦٦ دا باسی داب و نەریتی نامە ناردن و داروغە -Daroga ی کوردەواری دەکا. لە لاپەڕە ٢٩٠ دا دەگاتەوە کەنار رووباری دیجلە. لەوێ وەسفی قەڵایەکی ئەو ناوچەیە دەکات و پاشان بە شاری Kilet دا تێپەڕ دەبێ:
«گەیشتینەوە رووباری زاب (×) کە دەڕژێتە رووباری دیجلە. لە سەر ئەم رووبارە قەڵایەکی لە خشت دروستکراو لەسەر گردێک قوت بۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئێستا کەسی تێدا ناژی، خەریکە دەبێتە کەلاوە» (××) «ئێمە لەوێدا دارمان بڕی و ئاگرێکی گەورەمان تێیدا کردەوە، لەبەرئەوەی ئەو ناوچەیە شێری لێ هەبوو – ل٢٩١».
لە وەسفی رووباری (ئاڵتوون سوو) دا (×) دەڵێ:
«ئەم رووبارە لە چیای مێدەکانەوە هەڵدەقوڵێ. من بە درێژایی‌ی سێ رۆژ کە لە تەورێزەوە دەچوومە حەلەب، بە تەنیشت ئەم رووبارەدا دەڕۆیشتم، لە شارۆچکەی Mesia شدا لە رووباری دیجلەم دا – ل ٢٩١» (××) «ئاوی ئەم رووبارە یەکجار سازگارە، لە لای ئاسیریاوە Assyrie دەڕژێتە رووباری دیجلەوە – ل ٢٩١».
«ئێمە لەوێ بە درێژایی‌ی ئەو رۆژە، هەر چاومان بە خەڵکی عارەب و کورد دەکەوت، کە وێڕا وێڕای رووبارەکە هەر دەهاتن و دەچوون، دەهاتن و دەچوون: عارەبەکان لە دیوی میزۆپۆتامیادا، کوردەکانیش لە دیوی ئاسیریا دا.
ئەم دوو میللەتە جەنگیان لە نێواندا هەبوو. هەر یەکێکیان لە دیوی خۆیاندا، بە تەدارەکی سەربازییەوە en ordre هاتوچۆیان دەکرد. گەنجەکان بە خۆیان و تیرو کەوانەکانیانەوە، هەندێکیشیان دەست بە تفەنگەوە لە پێشەوە راوەستابوون، ژمارەیەکیش لەو گەنجانە نێوە رمبێکیان بە دەستەوە گرتبوو. دەماندیت: ژن و کچەکانیان لەگەڵ زارۆکەکانیان، بەگەڵ مێگەلە مەڕ و بەرخۆڵەکانیان، یان بە گەڵ حوشترەکانیان کەوتبوون، پیرەکانیش بە دوایاندا دەڕۆیشتن.
هەم عارەبەکان و هەم کوردەکانیش، هەر دوو لا، جار بە جار سێ چوار سوارچاکیان دەنارده سەر دوندی تەپۆڵکە بەرزەکان، بۆ ئەوەی هەواڵی تازە بێننەوە، چونکە هەر وەختێکی بواری هێرش بردنە سەر یەکتریان بۆ بڕەخسایە، بە پەلە بە خۆیان و وڵاغەکانیانەوە رووبارەکەیان بە مەلە دەبڕی. ئەمە شتێک بوو کە من هەر لە سەرەتاوە پێشبینیم کردبوو. ئێمە کە نەماندەویست خۆمان تێکەڵ بەو جۆرە خەڵکە بکەین، نۆزدە سەعات رێگەمان بڕی بۆئەوەی بتوانین خۆمان لێیان بە دوور رابگرین – ل٢٩٢». « لە بیستەمین رۆژدا گەیشتینە شارێک بە ناوی تکریت Tigrit، هەر لەوێ لە نزیک ئەو شارەدا بنەو بارگەمان خست. عارەبەکان دەیانگوت جاران ئەم شوێنە بە هێزترین شوێنی میزۆپۆتامیا بووە. ل. ٢٩٢» (×).


بەرگی دووەم
بەرگی دووەمی ئەم سەفەرنامەیە لە سێ کتێب پێک هاتووە، کتێبی یەکەم (کە دەکاتە کتێبی سێیەم) بریتیە لە ناوەرۆکی سەفەری شەشەمی نووسەر بەرەو رۆژهەڵات، کە لە دە بەش پێک هاتووە. لە بەشی سێیەمدا، لاپەڕە ٢٤–٣٨ «لە حەلەبەوە تا تەورێز -بەرێگای دیاربەکرو واندا» باسی کوردستان دەکا، بە هەمان شێوە لە بەشی چوارەم و پێنجەمیشدا، لاپەڕە ٣٨–٤٨ «لە حەلەبەوە تا تەورێز بە رێگای جەزیرەدا» «لە حەلەبەوە بەرەو ئەسفەهان بە رێگای شاری کنگاوەردا».
کتێبی دووەم (چوارەم) ل ٨٣–٢٢٠ بە شێوەیەکی گشتی باسی وڵاتی ئێران دەکا:جوگرافیا، مێژوو، شارو بازێڕەکان، ژیانی


ئابووری، کشتوکاڵ، سیاسەت، داب و نەریت، دیانەت و مەزهەبەکان، زەردەشتگەری، ئەرمەنەکان....هتد. کتێبی سێیەمیش (پێنجەم) وەسفێکی گشتیی ژیانی سیاسی و مێژوویی ی وڵاتی ئێرانە، لەگەڵ وەسفی ڕێگای ئەسفەهان بەرەو ورمێ، لاپەڕە ٢٤٥-٢٣٦. Tavernier لە بەرگی دووەمدا، لە کتێبی (سێیەم) دا، لە لاپەڕە ٢٤دا، دەڵێ:

«من هەموو ئەو ڕێگا جۆراو جۆرەم وەسپ کردن کە لە شەش سەفەرەکەمدا بەرەو ئێران Perse پێیاندا تێپەڕیبووم، بەڵام هێشتا دوو ڕێگای دیکە ماون کە مرۆڤ دەکارێت بۆ هەمان مەبەست بیانگرێتە بەر: یەکێکیان بە باکووری تورکیادا، ئەوی دیکەشیان بە باشووریدا. یەکەمیان بە دیاربەکرو واندا کە دەچێتەوە سەر تەورێز، دووەمیشیان بە ئانتا Anna و بیابانی بچکۆڵەدا کە دەچێتەوە سەر بەغداد.

«هەرچەند من ئەم دوو ڕێگەیەم تەنیا لە کاتی گەڕانەوەمدا گرتە بەر، بەڵام بڕیارم دا کە ئەمانیش بخەمە سەر ئەوانی پێشوو، وەک ئەوەی کە ئەمانیشم هەر لە کاتی چوونم بۆ وڵاتی ئێران گرتبێتە بەر – ل٢٤».

«لە شارۆچکەی بیر Bir یان Beri بەری – یەوە، پیاو دەتوانێ ویراویڕای ڕووباری فورات بەڕێ کەوێ تا دەگاتە جەشمێ cecheme. لە جەشمێ– وە دەگەیتە میلەسەرا Mi-lesera (×) کە لەوێ پێویستە بۆ گومرکی چوونە ناو شاری






پارەی سەردەمی شا عەبباسی دووەم

ئورفە Ourfa چوار قرووش بدەیت بۆ باری هەر بارگیرێک.

لە میللی سەراوە دەگەیتە ئارزلان چای Arzlan-chay (xx) واتە (ڕووباری شێر). خەڵکەکە ڕووبارەکەیان وا ناوزەد کردووە، لەبەر تیژڕۆیی ی ڕووبارەکە، کە دەڕژێتە فوراتەوە. لە ئارزلان چایەوە دەگەیتە سیڤەرەک Severak. ئەمەش شارێکە، زێبارێکی بچکۆلە ئاوی دەدات و پاشانیش دەڕژێتە فوراتەوە. ئەم شارە، لە لای باکووریدا، بە دەشتێکی هەراو دەورە دراوە – ل ٢٥».

نووسەر بەدرێژی وەسفی ئەم شارە دەکات، پاشان یەکە یەکە بە شارەکانی (بۆگازی) و (دەگرمان بۆگازی) و (میرزا تەپە) تێپەر دەبێت و وەسفیان دەکا. «لە میرزا تەپەوە دەگەیتە دیار بەکر کە تورکەکان پێی دەڵێن Car-emu – ل٢٦».

«دیار بەکر شارێکی گەورەیە، بە لای دەستەڕاستی دیجلەوە، لە سەر بەرزاییەک هەڵکەوتووە شێوەی نیوە مانگێکی لەو مەڵبەندەدا دروست کردووە: بە خۆی و بە شوورەکانی خۆیەوە، کە درێژ




مۆری شا عەبباسی دووەم لە سەرەتای سەدەی هەڤدەیەمدا

دەبنەوە تا دەگەنە رووباری دیجلە. دیار بەکر بە جووتێک شووره دەوره دراوە. لەسەر شوورەی دیوی دەرەوەدا حەفتاو دوو بورج (مناره) دەبیندرێت، وەک بڵێی کە ئەم حەفتاو دوو بورجە بۆ یاد کردنەوەی (شەرەفی) حەفتاو دوو یاوەرەکانی مەسیح دروست کرا بن.

شارەکە تەنیا سێ دەرگای هەیە. لەسەر یەکێک لەو دەرگایانەی کە دەڕوانێتە رۆژئاوا، نووسراوێکی یۆنانی و لاتینی بەرچاو دەکەوێ کە هێمای شەریعەتێک نیشان دەدا. ئەم شارە دوو – سێ مەیدانی دڵگیری لێیە، هەروەها مزگەوتێکی قەشەنگیش، کە وەختی خۆی کەنیسە بووە – ل٢٦» (×).

«شارەکە بە چەند گۆڕستانێکی یەکجار بەدەو دەوره دراوە، کە پڕن لە مەلا و دەرویش و بازرگان و کتێبفرۆش، یان ئەو جۆرە خەڵکەی کە خۆیان بۆ خزمەتکردنی شەریعەت تەرخان کردووە.

فرسەخێک دوور لە شارەکە، بەرەو باکوور، خەڵک جۆگەلەیەکیان لە رووباری دیجلەوە راکێشاوەتە ناو شارەکە. خەڵک بەم جۆگە ئاوە بچکۆلانەیە ئەو پێستە خۆشەکراوە سوورانە دەشۆن کە دیاربەکر پێی بەناو بانگە. ئەم ئاوە جۆرە ئاوێکی تایبەتییە و پێست ئێجگار باش خۆشە و جوان دەکا. ئیدی ئەم پێستە خۆشەکراوانە، هەم لەبەر رەنگیان، هەم لەبەر چەشنەکەیان، بە باشترین پێستەی خۆشەکراوی رۆژهەڵات دەژمێردرێن – ل٢٦».

«پێستەی خۆشەکراو، لەوێ چەشنێکی زۆر دانسقەی هەیە. ئەم کارەی پێستە خۆشەکردن، چواریەکی دانیشتووانی شارەکە پێیەوە خەریکن – ل ٢٦».

«نانی دیاربەکر و شەرابی دیاربەکر بێ هاوتا خۆشن. پیاو هەرگیز ئەوەی دەست ناکەوێ کە لە دەرەوەی دیاربەکر گۆشتی لە هی ئەوێ خۆشتر بخوا. خەڵک لەوێ، زیاتر گۆشتی کۆتر دەخۆن.

شارەکە شارێکی ئاپووریەو ژمارەی دانیشتووانی گەلێک زۆره. خەڵک دەڵێن کە تەنیا مەسیحییەکان ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە بیست هەزار کەس، دوو لەسەر سێی ئەو مەسیحییانە ئەرمەنن، ئەوانی دیکەش نیسۆری و کەمێکیشیان یاقووبین Jacobites – ل٢٦ – ٢٧».

«پاشای (میری) دیاربەکر (×) یەکێکە لە وەزیرەکانی ئیمپراتۆریەت (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی – و). ئەم پاشایە لەشکری پیادەی کەم هەیە، چونکە لەم وڵاتەدا لەشکری پیادە هێندە پێویست نییە: چونکە کوردەکان – کە بەردەوام لەگەڵ عارەبەکان لە شەڕو شۆڕ دان – هەمیشە ئەسپسوارن. بۆیە ئیتر ئەم پاشایە، زیاتر ئەسپسواری هەیە، نەک پیادە. دەتوانێ بیست هەزار ئەسپسوار بخاتە مەیدانەوە – ل٢٧».


«چوار فرسەخ (×) لەولای دیاربەکرەوە، گوندێکی گەورە هەیە، کە کاروانسەرایەکی مەزنی لێیە. ئەو کاروانچییانەی هاتوچۆی وڵاتی ئێران دەکەن، لە رێگای چوون و گەڕانەوەی خۆیاندا، کاروانەکەیان لەو گوندەدا رادەگرن و دەمێننەوە، نەک لە دیاربەکر. ئەمەش لەبەر ئەوەی کاروانچی لە کاروانسەرای شارەکاندا پێویستە مانگانە سێ-چوار قرووش بۆ کرێی هەر ژوورێک بدا، لە کاتێکدا کە لە گوندان پیاو کرێی هیچ نادا – ل ٢٧».

نووسەر لە لاپەڕە ٢٧–٢٨ دا باسی هەندێ لایەنی دیکەی شاری دیاربەکرو هەندێ کاروانسەرای ئەو ناوچەیە دەکات. هەروەها باسی شارۆچکەکانی باتمان و شای باتمان chaye Batman و شکاران و ئازۆ Azo و زیارەت و زەرقە Zerki / Zerque و کۆشاکان Cochakan و چارەکان Carakan و ...هتد دەکات (xx).

«لە شاری چارەکانەوە دەگەیتە شاری بەتلیس، واتە شاری ئەو میرەی، یان ناوەندی ئەو وڵاتەی کە لە هەموو وڵاتێکی دیکە بە هێزترو سەرنجراکێشترە، لەبەر ئەوەی نە سەر بۆ سوڵتانی عوسمانی دادەنەوێنێ و نە پاشای فارسەکانیش بە هیچ دەزانێ. ئەمە لە کاتێکدا هەموو میرەکانی دیکە سەر بە یەکێک لەم دووانەن – ل٢٨» (xxx).

«ئەم دوو دەسەڵاتدارییە (عوسمانی و فارس – وەرگێڕ) بەرژەوەندییان لەوەدایە کە خاتری ئەم میرنشینە بگرن، چونکە ئەم میرنشینە ئەگەر بیەوێ زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ئەو رێڕەوە دابخات کە رێگای حەلەب بە تەورێزەوە، یان رێگای تەورێز بە حەلەبەوە دەبەستێتەوە – ل٢٨».


نووسەر لە لاپەڕە ٢٨–٢٩دا وەسپی رێگای بەتلیس و حەلەب دەکا، پاشان وەسپی ئاوباژێرو قەڵاکانی شاری بتلیس. لە وەسپی قەڵایەکی گەورەی شاری بەتلیسدا دەڵێ «رێگای سەرکەوتنە سەر ئەم قەڵایە یەکجار سەختە، دەبێ وڵاخی گەلەک چاپوکت پێ بێ بۆ ئەوەی بتوانی پێیدا هەڵگەڕێی. تەنیا میرو ئەسپەوانەکەی دەتوانن بەسەر ئەو قەڵایەدا هەڵگەڕێن. ئەو کەسانەی کە ئەسپەوانیان لەگەڵدا نییە، لەم توانایە بێبەشن – ل٢٩».




ڕێگای سەفەری تاڤێرنێر لە مووسڵەوە بەرەو هەمەدان

هەروەها لە بارەی میری بەتلیسەوە دەڵێ «پاشای بەتلیس بیست یان بیست و پێنج هەزار سوارچاکی لە ژێر دەستایە، هەروەها ژمارەیەک لە هێزی پیادەی زۆر چاپووک، کە بەشی زۆریان لە شوانەکانی پاشا پێک هاتوون، هەر کە داوایان لێ دەکرێ ئیدی لەسەر پێن و ئامادەن .– ل٢٩».

«من ئەو وەختەی لە یەکێک لە سەفەرەکانی خۆمدا دەگەڕامەوە، بە شاری بەتلیسدا تێپەڕیم. هەر کە کاروانەکەمان گەیشتە ئەوێ، هەواڵ درایە پاشا کە بابایەکی فەڕەنسی هاتۆتە ئەو ناوە، ئەویش دیار بوو یەکسەر فەرمانی دابوو پێمی رابگەیەنن کە حەز دەکا بمبینێ.



وێنەی شاری قەندەهار لە سەرەتای سەدەی ١٧ دا

پیاو کە دەچێ میرێک یان دەسەڵاتدارێک لە شارێکی تورکیا یان لە ئێران دەبینێ، ئیدی ڕێ و ڕەسمەکان هەمان شتن. چووم سڵاوێکم لە پاشای بەتلیس کردو دوو پارچە ساتان (ئەتلەس)م پێشکەشی کرد، یەکێکیان زێڕ بوو، ئەوی تریان زیو، هەروەها دوو کڵاوجامانەی Toque سپیشم دایێ. لەوانەی کە تورکەکان لەسەری دەنێن. ئێوچەوانەکەی بە ناسکترین تاڵەزیو چنرابوو. هەروەها دوو پارچە دەسماڵی سپی و چەند پارچە قوماشێکی سووری بە زیو چنراویشم پێشکەشی کرد - ل.٣٠». پاشا بەو سەردانەی من کەیفی زۆر خۆش داهات، لە دیمانەی مندا ناردبووی دوو مەڕم بۆ سەر ببڕن. نانێکی خۆش و شەرابێکی خۆش و دوو سەبەتە ترێی زۆر تەڕو پاراو، کە لەو وەرزەدا شتێکی زۆر دەگمەن بوو - ل.٣٠». نووسەر دوای ئەوە، باس لە فەرمانبەرەکانی پاشای بەتلیس دەکا و پاشان دەڵێ: « ئەوەم لە بیر کرد بیڵێم، کاتێ لای پاشا دانیشتبووم، دوای ئەوەی داوای قاوەی لە دەست و پەیوەندەکانی کرد، یەکسەر نامەیەک لە لایەن پاشای حەڵەبەوە گەیشت. پاشای حەڵەب تکای لێ کردبوو کە ئەو نەژدارە (تیمارکارە) فەڕەنسییەی کە بە ئەسیر لە لای پاشا گیرابوو، بۆی بنێرێ.. ئەو نژدارە فەڕەنسییە لە جەنگی candie دا بە ئەسیری گیرا بوو. ئیتر پاشا لە هەمبەر ئەمە ڕق و کینەی خۆی دەردەبڕی، پاشای بەتلیس کە باش لە پیرۆزیی مەسەلەی پەناهەندەیی تێدەگەیشت و دەیویست بە ڕاستی ئەو پەنابەرە فەڕەنسییە باش داڵدە بدا، نامەکەی پاشای حەڵەبی بە ڕق و کینەیەکی زۆر سەیرەوە ونجڕونجڕ کرد، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەیشی دەربڕی کە ئەگەر پاشای حەڵەب لەو داواکارییەی خۆی پاشگەز نەبێتەوە، ئەوا یەکسەر کارێکی وا دەکات کە بە کوشتنی بدات » ل ٣٠.

««سوڵتانی عوسمانی بەرژەوەندیی لە پاشای فارس زیاتر لەگەڵ میری بەتلیسدا هەیە، هەر بۆیەش ئەو زیاتری خاتر دەگرێ، چونکە میری بەتلیس ئەگەر حەز بکات و بیەوێ ڕێگا بداتە پاشای فارس کە بێت شاری (وان) ئابلووقە بدات، ئەوا سەبارەت بەوەی کە لەو کاتەدا وڵاتی عوسمانی هەر لە تەورێزەوە تاکو شاری (وان) دەرگای بەسەر دا ئاوالا دەکرێت: سوڵتانی عوسمانی زۆر بە زەحمەت دەتوانێ بە فریای خۆی بکەوێت. خۆ ئەگەر بە فریای خۆیشی بکەوێت، ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی ئەو گوزەرگاو ڕێڕەوانەوە دەکرێت کە لە ژێر ڕکێفی ئەم میرەدان، ئێ میریش هێزێکی سوپایی زۆر و باشی هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم ڕێڕەوانەی لێ بەند بکات..ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر سوڵتان هەڵسوکەوتی بە خراپە لەگەڵ بکات - ل.٣٠». «بەکورتییەکەی، شتێکی زۆر خۆشە کە بە سەفەر بەناو وڵاتی کورداندا بگەڕێی - ل.٣٠-٣١».

پاشان نووسەر بە درێژی وەسفی جوانی و سرووشت و ئاوو هەوای کوردستان دەکا، دەڵێ «باشترین جۆری گەنم، باشترین چەشنی جۆ لە هەموو وڵاتی عوسمانیدا، لە کوردستان دەست دەکەوێ».

«لە شاری بەتلیسەوە، کە کاروانچی لەوێ تەنیا پێنج قرووش بە ئەسپانە دەداتە گومرگ، دەگەیتە شاری تادڤان Tadvan لەو شارەی کە باجت دوو قات لێ وەردەگرن (×) – ل٣١».

پاشان نووسەر لە ل٣١-٣٢-٣٣دا، وەسفی ئەم شارانە دەکات: قارمووشە Karmouche، قەڵات Kellat (××) ئەرچەک...هتد.

«لە شاری وانەوە دەگەیتە Derchek (×××)لەوێشەوە دەگەیتە (نۆشار) کە گوندێکی زۆر لاتەرقەوچە، تەنیا چوار پێنج ماڵی لێیە، سەر بە مەرزو بوومێکە کە لە ژێر ڕکێفی میرێکی کورددایە، واتە لە چوارچێوەی هەمان ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن کوردستان Curdistan کە وەختی خۆی بەشێک بووە لە ئاسیریای کۆن Assyrie– ل٣٤».

«ئەم میرانە (لەبەر ئەوەی لەم وڵاتەدا زۆر میر هەن و وڵاتەکە وڵاتێکی شاخاوییە) هەموویان وەک جۆرە پاشاو سوڵتانێکی تایبەتی وان، لە سەر سنوورەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و پاشای ئێراندا هەڵکەوتوون (×)، باکیان نە بە سوڵتان هەیە نە بە پاشای ئێران. ئەم میرنشینانە، لە شێوەی حوکمدارێتیی بچووک بچووکدان، کە زۆر بە توندو تۆڵییەوە دەسەڵاتیان بەسەر گەروە شاخ و ڕێڕەوە سەختەکاندا گرتووە، هیچ لەوەش ناترسێن کە خەڵکی بێگانە بێن هێرشیان بکەنە سەر.

«ئەم کوردانە Curdes بە شێوەیەکی گشتی، خەڵکێکی دەست و

دڵ سەختن. هەر چەند دەڵێن گوایە محەممەدین، بەڵام مەلاو پیاوی شەریعەت لە ناو ئەواندا زۆر کەم هەن بۆ ئەوەی بیانهێننە رایێ - ل٣٤». «ئەو کوردانە، سەگی رەشیان زۆر لە لا پیرۆزە...» «خەڵک ناتوانێ لەبەردەم ئەواندا بەرخ بە چەقۆ سەر ببڕێت، بەڵکە دەبێ سەری بەرخەکە لە نێوان دوو بەرد دابندرێت و بپلیشێندرێتەوە. ئەم خەرافاتەیان هەر یەکجار عەنتیکەیە» (××).

ئەو ئاغایەی Beg کە گوندی نۆشاری لە ژێر دەستایە، شازدە - عەبباسی - ی بۆ باجی ولاغان داناوە، بەڵام بە بێ ئەوەی کە بچیتە لای و خۆتی پێشکەش بکەی، وەک ئەوەی لە شوێنی دیکەدا باوە. کە ئەمەش حەوت-هەشت تومەن، گەلێک جاران زیاتریشی تێ دەچێ، ئیدی بە پێی سووکی و گرانیی ئەو بارەی پێتە. کاروانباشی ناچارە کە خۆی دیارییەکەت لێ وەربگرێت و بچێ بەو شاخەوە پێشکەش بە ئاغای بکات - ل٣٥».

نووسەر پاشان باسی هەندێ داب و نەریتی دیکەی بازرگانی و باج وەرگرتنی ئەم مەڵبەندە دەکات، ئەمجا باسی گەیشتنی خۆی بۆ شارۆچکەکانی (کووچکی / کوچیکلار)، کالڤات، کۆگیا Co-gia، دارکەئن Darkevin، سولەیمان سەرا، کوورس Chors / Cours، دەشۆگلی، مەرەند، یەکە یەکە وەسفیشیان دەکا: چۆنیەتیی ژیان لەم شارۆچکانەدا ل٣٦-٣٨.

«لە دیاربەکرەوە بۆ جەزیرە بە چوار رۆژ».

«جەزیرە(١٣) شارێکی بچکۆلانەیە، کەوتۆتە میزۆپۆتامیاوە». «جەزیرە، ئەو بازرگانانەی لێ کۆدەبێتەوە کە دەچنە کوردستان بۆ کڕینی گوێزو کونجی و توتن، یان ئەوانەی لە کوردستانەوە دێن دەیانەوێ بچنە حەلەب - ل٣٨».

«گوێزی کوردستان، رەنگەکەی یەکجار نایاب و دانسقەیە، گوێزی وڵاتانی دیکە، هەرگیز وەک گوێزی وڵاتی کوردان هێندە پڕ کاکڵ و سەنگین نییە. کیلۆ گوێزێکی وڵاتی کوردان بە ئەندازەی سێ کیلۆ گوێزی وڵاتانی دیکە سەنگینترو خۆشترە - ل٣٩».

«لە جزیرەوە بۆ ئامێدی بە دوو رۆژ».

«ئامێدی (X) شارێکی خۆشە. ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارەکانی مەڵبەندی Assyrie باری توتن و گوێزو کونجیی خۆیان دەهێننە ئەوێ. ئەم شارە لەسەر شاخێکی بەرز هەڵکەوتووە، کە پیاو بە سەعاتێک ئەوجا ئەگەر بتوانێ بەسەریدا هەڵگەڕێ. شارەکە گەورەیی‌یەکی مامناوەندیی هەیە. مەیدانێکی قەشەنگ لە ناوەڕاستی شارەکەدا هەیە، کە هەموو تەرزە بازرگانێکی تێدا کۆ دەبێتەوە. شارەکە میرێک بەڕێوەی دەبا کە هەشت تا دە هەزار ئەسپسواری لە ژێر دەستدایە، لەو ژمارەیە زۆر زیاتر هێزی پیادەشی هەیە. ئەمە لە لای هیچ یەکێک لە میرەکانی دیکە بەدی ناکرێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو شارانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەم میرە دان ژمارەی دانیشتووانیان یەکجار زیاترە لە چاو شوێنە کورد نشینەکانی دیکە ل٤٠».

«لە ئامێدییەوە بۆ چیۆسمەرک Giousmark بە چوار رۆژ» (×) - ل٤٠. نووسەر پاشان باسی شاری چۆلەمێرگ و ئەلباک Albak و سەلماس و تەورێز دەکا - ل٤١ - ٤٢.

نووسەر لە لاپەڕە ٨٥دا باسی وڵاتی ئێران دەکا، دەڵێ «ئۆستانەکانی وڵاتی ئێران ئەمانەن:

١- ئەرمینیای گەورە...کە شارە گەورەکانی ئەمانەن: یەریڤان، قارس، نەکسیڤان، زولفە، وان.

٢- دیاربەکر، کە جاران ناوی (میزۆپۆتامیا) بوو لە نێوان دیجلەو فوراتدا. شارە گەورەکانی ئەمانە: بیر Bir لەسەر رووباری فوراتدا، دیار بەکرCar-emit (×) لەسەر رووباری دیجلەدا، ئورفە، مووسڵ، جەزیرە، ماردین...هتد.

٣- کوردستان، کە جاران ناوی Assyrie بوو، وێراوێرای رۆژهەڵاتی دیجلە دەگرێتەوە، هەر لە گۆمی وانەوە تا دەگاتە کەوشەکانی بەغدا. شارە گرنگەکانی ئەمانەن : نەینەوا Ni-nive شارەزوور Cherisoul ئامێدی، سنێرن Sneirne بەتلیس، سەلماس Salmastre.

٤- عیراقی عەرەبی Hierak - Arabi کە جاران ناوی Baby-lon یان Chaldee بوو. شارە گرنگەکانی: فەللووجە، بەغدا، مەشەدی عالی، گوورنۆ، بەسرە...هتد.

٥- عیراقی عەجەم یان وڵاتی پارث Parthی کۆن، شارە گرنگەکانی ئەمانەن: ئەسفەهان، تورکستان، هەمەدان، کاشان، قوم، قەزوین، لەوانەیە یەزدیش.

نووسەر پاشان باسی ئوستانی شەشەم و حەوتەمی وڵاتی ئێران دەکات.

ئەمە پوختەی ئەو بەشە گرنگانەی کتێبەکەی Tavernier بوو کە باسی گەل و وڵاتی کوردیان تێدا کراوە.

(×) [گەشتەوەرێک بە ناوی THEVENOT لە سەفەرنامەکەی خۆیدا، باسی شارێکی لە هەمان ئەو دەورو بەرەدا کردووە بە ناوی Kodgiasar. هەروەها گەشتەوەرێکی تر A Insworth باسی شاری Koch Hisar ی کردووە کە ئەمڕۆ گوندێکی بچووکە. ئەم شارە ئەمڕۆ ناوی قزڵ تەپپەیە، چەند کیلۆمەترێک لە شاری ماردینەوە دوورە - د.ب] .

(×) دەزگای بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە نووسەر TAVERNIER شاری هەولێری لەگەڵ سلێمانی تێکەڵ کردووە، چونکە ئەم مەڵبەندەی Chirezoul دەبێ هەولێر بێت، نەک سلێمانی.

(×) شاری «سلێمانی» ی ئەمڕۆ. بڕوانە نەخشەکە.

(×) «زابی گەورە» بە پێی روونکردنەوەی (د.ب).

(×) Thevenot و Kinneir باسی ئەم قەڵایەیان کردووە، بە قەڵای Kochaf یان Sehaff ناویان بردووە. (د.ب)

(×) د.ب دەڵێ (ئەم رووبارە دەبێ رووباری «زابی بچووک» بێت).

(×) د.ب دەڵێ (ئەو شارۆچکەیە دەبێ Mushorah بێت، ئەو شوێنەی کە لە باشووری جەزیرەدا هەر سێ سنووری سووریاو عێراق و تورکیا بە یەکتر دەگەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا، رووبارەکە نابێ زابی بچووک بێت، دەبێ زابی گەورە بێ).

(×) د.ب دەڵێ (رۆژهەڵاتناس Thevenot رای وایە کە شارۆچکەی تکریت جاران شارێکی زۆر گەورە بووە، بەڵام ئێستا

لە کەلاوەیەک زیاتر هیچی تر نییە).
(×) د.ب (شاری میللی سەرای Milli Saray کەمێک بە رۆژهەڵاتی ڕێگای ئورفە-دیار بەکر دا هەڵکەوتووە).
(×) د.ب (ئارسلان چای Arslan Cay دەکەوێتە لای چەپی ڕووباری فورات).
(×) د.ب (دیاربەکر لە کۆندا پێی وتراوە ئامید Amide. هەمیشە لە لایەن تورکەکانەوە پێی وتراوە قەرە ئامید Kara Amid).
(×) نووسەر وشەی (باشا Bacha)ی بەکارهێناوە. (وەرگێڕی کوردی).
(×) یەک فرسەخ دەکاتە نزیکەی چوار کیلۆمەتر «وەرگێڕ».
(×) د.ب (ئەولیا چەلەبی کە لە ساڵی ١٦٥٥ دا بە ڕێگای دیار بەکر-بەتلیس دا تێپەڕیوە، ڕووباری باتمانیشی بڕیوەو دەڵێ کە هەموو ئەم مەڵبەندە ناوبراوانە «لەو سەردەمەی ئەولیا چەلەبی دا -ی» لە ژێر دەسەڵاتی میرێکی کورد دا بووە بە ناوی «خانی بەتلیسی» ).
(×) (ئەم میرنشینە بەهێزە کوردە، تەنیا بەناو سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە «د.ب»).
(×) شاری تادڤان کەوتۆتە ڕۆژئاوای گۆمی وانەوە (د.ب
(×) د.ب ( Ahlatی ئەمڕۆ. ئەم گوندە لە سەدەی یازدەهەمەوە هەبووە، ناوێکی ئەرمەنیی هەبووە «کلات Klath» ).
(×) دەرچەک، دەرشاک، ئەرچەک Ercek کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی گۆمی وان. ئەولیا چەلەبی باسی کردووە (د. ب).
(×) مەبەستی وڵاتی کوردستان و میرو میرنشینە کوردەکانن (وەرگێڕ).
(×) بیری ئەفسانەیی هەندێ لەم خێڵە کوردانە لە بارەی سەگی ڕەش و بەرخ و هتد، لە لایەن ئەولیا چەلەبیشەوە باس کراوە (د.ب).
(×)ئامێدی/کوردستانی عیراقی ئەمڕۆ. ڕۆژهەڵاتناس Ainsworth لە ١٨٤٠ دا باسی ئەم شارەی کردوە (د.ب).
(×) شاری چۆلەمێرگ Colemerk لە ڕۆژئاوای باشووری تورکیای ئەمڕۆ. هەم لە سەردەمی Tavernier و هەم لە سەردەمی Ainsworth دا «١٨٤٠» میرێکی کورد حوکمداریی ئەم شارەی کردووە (د.ب).
(×) مەبەستی (قەرە ئامید)ە، کە تورکەکان بۆ (دیاربەکر) بەکاریان هێناوە (وەرگێڕ).

سەرچاوەو پەراوێز

١- بۆ ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەی کورد لە سەدەکانی پێش سەدەی دووازدەهەمدا، تاقە سەرچاوەیەک لە بەر دەستماندا هەبێ، کتێبی جوگرافیاناس و گەشتەوەرە عەرەب و موسڵمانەکانن: المدائني (٧٥٢-٨٣٩)، الواقدي (٧٤٧-٨٢٣)، البلاذري (٨٩٢ مردووە)، حالف ابن حيات ( ٨٥٥ مردووە)، احمد الكوفي ( ٩٢٦ مردووە)، الطبري (٨٣٨-٩٢٣)، ابن الاثير(١١٦٠-١٢٣٣)، الدينوري ( ٨٩٥ مردووە) (اليعقوبي ٨٩٧ مردووە)، المسعودي ( ٩٥٦ مردووە)، ابن مسكويه ( ١٠٣٠ مردووە) ديسام ابن ابراهيم الكردي (...؟)، الاستخري ( ٩٥١ مردووە)، المقدسي ( ٩٨٥ مردووە)، أبو دلف ( ٩٤٢ مردووە) ... دەیانی دیکە.

تازەترین کتێب کە لەم بارەیەوە نووسرابێ کتێبێکە بە ناونیشانی (کوردەکان لە سەدەی حەوتەم تا دەیەمی زاییندا)، لە لایەن نووسەری ئەرمەنی «ئارشاک پۆلادیان» بە زمانی تورکی بلاو بۆتەوە. بڕوانە:

Arsak Poladyan : VII. – X. Yuzyillarda, KURTLER, Oz–GE Yayinlari, Ankara, 1991.
2 – J. B. TAVERNIER : Les Six Voyages en Turquie et en perse, T.1, ED. FM/La Deco–uverte, Paris : 1981, P.6.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ١١
٤- هـ. س، ل ٧
٥- هـ. س، لاپەڕەی سەر بەرگی دووەوەی کتێبەکە.

6- Alain VEQUAUD: Lettres Persanes de MONTESQUIEU, ED. Hatier, N. 83, Paris: 1983, PP. 10,13, 32.

٧- ئەولیا چەلەبی: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی ک.ز.ک، بەغدا: ١٩٧٩.

٨- ئەم کتێبەی TAVERNIER بە ناونیشانی (شەش سەفەر بەرەو وڵاتی تورکیا و ئێران Les six Voyages en Turquie et en Perse) بۆ یەکەمین جار لە سویسرا لە ساڵی ١٦٧٦ دا لە سێ بەرگدا بلاو کراوەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٦٧٨ دا لە هۆڵەندا، لە شاری ئەمستردام، لە دوو بەرگدا بلاو کراوەتەوە - لە دەزگای بلاو کردنەوەی Johannes Van Someren ، چاپی سێیەمیشی لە ساڵی ١٩٨١دا لە پاریس، لە دوو بەرگدا، لە دەزگای بلاو کردنەوەی La Decouverte بلاو کراوەتەوە. ئێمە بۆ ئەم وەرگێڕانە، هەر دوو چاپەکەی (ئەمستردام ١٦٧٨) و (پاریس ١٩٨١) مان لە بەردەستدا بووە. هێمای لاپەڕە تەرجەمەکراوەکانیشمان دەگەڕێنەوە بۆ چاپەکەی پاریس (١٩٨١)، هەندێ لە وێنەکانیشمان لە چاپەکەی ئەمستردام (١٦٧٨) وەرگرتوون.

٩- ئەم چاپە کۆنەی ئەم کتێبەمان لە کتێبخانەی (لانگزۆ) لە پاریس دەست کەوت، ژمارەو کۆدەکەی ئەمەیە: AL. V111. 131.
١٠- (پیەترۆ دێلا ڤالا Pietro dell aVALLA ) گەڕیدەیەکی ئیتالی بووە، لە ماوەی سەدەی شانزدەهەم و سەرەتای

سەدەی حەڤدەھەمدا چەندین سەفەری بەرەو وڵاتی ئێران کردووە. سەفەرنامەکەی خۆی لە بارەی وڵاتی ئێران، لە چەندین بەرگ کتێبدا نووسیوە. لەو سەفەرنامەیەی خۆیدا، لە چەندین شوێندا، ئەویش بە درێژی لە ژیانی گەلی کوردو وڵاتی کوردان دواوە. سەفەرنامەکەی ئەم نووسەرە ئیتاڵییە، لە ساڵی ١٦٦٤دا بە ناونیشانی Voyages Fameux لە چوار بەرگدا تەرجەمەی سەر زمانی فەرەنسی کراوە. هیوادارین لە داهاتوودا ناوەرۆکی ئەم کتێبەش (ئەو فەسڵانەی کە باسی کوردیان تێدا کراوە) پێش چاوی خوێنەرانی کورد بخەین.

١١-گەشتەوەرو رۆژھەڵاتناسە فەرەنسییەکان، لە ژێر تەئسیری شێوەی نووسینی ئیتاڵییەکاندا (لەبەر ئەوەی ئیتاڵییەکان زووترو پێشتر - هەر لە سەدەی چواردەھەمەوە- کوردیان ناسیوە) تا سەرەتای سەدەی بیستیش لە جیاتی KURDISTAN دەیاننووسی CURDISTAN یان COURDISTAN یان KOURDISTAN .

١٢- لەم فەرھەنگەدا، وشەی Bedoine لە زمانی فەرەنسیدا بە عارەبە کۆچەرەکان وتراوە، واتە «بەدەوی».

١٣- فەرھەنگی لارووس، هەمان سەرچاوەی پێشوو، کە لە ساڵی ١٩٢٥دا چاپ کراوە، لە لاپەڕە ٦٦٦ دا دەڵێ (جەزیرە، واتە جەزیرەی ئیبن عومەر: شارێکە لە کوردستان لە سەر رووباری دیجلە هەڵکەوتووە. ژمارەی دانیشتووانی «٩٠٠٠» کەسن).

* *

بۆ چاکتر ناسینی ئەم گەڕیدەیە و ئەوەی لە بارەی کوردەوە نووسیویەتی، سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە مامۆستا شوکور مستەفا وتارێکی بەنرخی کردووەتە کوردی و لە سەرەتای ساڵانی هەشتادا بڵاوی کردۆتەوە. بڕوانە : کورد و کوردستان لە نیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاوایی‌یەوە، شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری (ی) عێراق (دەستەی کورد)، بەرگی هەشتەم ١٩٨١، ل : ١٢١ - ١٥٨.

ئەو بەشەی باسی تاڤێرنییر دەکات ل ١٤١ - ١٥٤ دەگرێتەوە.

(مامۆستای کورد)

بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی لەم جیهانەی سێیەمدا خەریکی سیاسەتن بابای سەربە تیۆری و وشەسازی و بەلاغەت و دروشم هەڵکردن و چشتی ئەوتۆیین، بە تایبەت لە نێوان بەرەی بەرھەڵستی حکوومەت کە بەشێکی زیندە بەرچاویان لە بنەڕەتدا بەرپرسی خێزان بەخێو کردنیش نین. تەنانەت بڕبڕە و کۆڵەکەی ئەغڵەب بزووتنەوەی توند و تیژ قوتابیی پلەی ناوەندی و بەرەژوورترن کە خۆیان بارن بەسەر باوکیانەوە. تاکێک لەو حیزبانەی بەیداغی نیشتمانپەروەرییان هەڵگرتووە و هەڵگرتبوو ئەگەر ڕێکەوت کردی بە حکوومەت، نازانێ چ بکات، چونکە پرۆژەی بۆ چارەسەرکردنی هیچ کێشەیەک ساز نەداوە. هیچیان سەرەدەری لە بازاڕ و شەمەندەفەر و مەرەزەی برنج و کێڵگەی گەنم و جۆ و تووتن و تیجارەتی دەرەوە و ناوەوە.... ناکەن. هەرچی بەرھەمهێنی ڕاستەقینەیە خەریکی کەسبی خۆیەتی و نەدەزانێ خوتبە بدات و نە گوتاری ئاگرین بنووسێت و نە هوتاف لێ بدات و نە دروشم هەڵبگرێت. نیشتمانپەروەر تەنها لە گەپی ( بژی، بمرێ ) پسپۆڕە و وەک دەستی لەسەر پەلاپیتکە بێت وەها ئازا و ئامادەیە هەرچی بەرژەوەندی لە دەستدایە و خەڵقی پێ دەژێت سەرەوبنی بکات بە تۆمەتی خوێنمژی و چەوساندنەوە و بۆرجوازیەتی و دەرەبەگایەتی و سەر بە ئیمپریالیزمی و جنۆکەپەرستی.

مەسعوود محەمەد

گەشتی ژیانم، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ل ٣٢٨.

# دیوانی
# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

## بۆ مودیری قزڵجە

لە تەرەف کێرەوە بەریدی صەبا
بۆ مودیری قزڵجە نامە دەبا
بو جەنابی موقەڕڕەبی ئەلخاقان
میر عەلی بەگ لە ئەنجەبی نوجەبا:
میرم! ئایا چلۆنە عیللەتەکەت،
باز بە خارشتە بنگونت عەجەبا؟!
ئیحتیاجت بنووسە، عەیبی چییە؟
مەحرەمی ڕازی تۆم بە عەهدی صەبا.
صەد ترت دا بە کوودەکی لە گونم
ئەی ترت ڕەعد و وەی تست ڕەشەبا
دوودەمانتان چرووکە بونیادی
بو قەباحەت بەنم دەگیل، هەبەبا!
عەبدوڕڕەحمان بەگی برات فەرمووی:
ئابڕووی خانەدان عەلی ئەیبا.
خالە کوێریش صەراحەتەن ئەیگوت
کە عەلی بەگ بووە بە دێڵە بەبا.
لە ئیبانەت ئیبا مەکە میرم
( هذه إرثكم أخا وأبا ).
گەر بە کێری قزڵجە تێر ناخۆی
وەرە تا شێخ ڕەزا بە ڕەشتا با.

# وەرامی دۆستان

بۆ خاوەنی ئەم بەرهەمانە :

ـ دەتلاوێنم (شیعر )
ـ سکاڵێکی گەش (شیعر )
ـ ژان و مەرگ و سەراب (شیعر )
ـ کوردینە شەڕی براکوژی دووبارە هەڕەشەی ئاشبەتاڵتان لێ دەکات ( لێکۆڵینەوەی سیاسی)
ـ بێزار ( شیعر )
ـ تاقەدار (شیعر )
ـ بانگەوازی کۆمیتەی هاوار لە دژی شەڕی براکوژی لە کوردستان.
ـ هەروستەیەک لە هەواری « وەڵامێک » دا
ـ گەڕانەوە، کارەسات، بۆ کچێکی قەرەج، ( سێ پارچە شیعر )
ـ تفەنگێ بۆ سبەینێ ، تووڕەیی ( دوو پارچە شیعر)
ـ هونەر و تەکنۆلۆجیا (وتار)
ـ ڕاکردوو (کورتە چیرۆک)
ـ هەڵوەدا ( شیعر )
ـ فرمێسکی تیمساح ( شیعر )
ـ گۆڕەوشار ( شیعر)
ـ با دەرس وەربگرین و هیچی تر بە ئاگری نەزانی خۆمان نەسووتێنین ( لێکۆڵینەوە ).

ببوورن

*کە ناتوانین بەرهەمەکانتان بڵاو بکەینەوە.*

بۆ برایانی هێژا :

ـ عەطائوڵلاهـ ناصر سەقزی ـ سەقز
ـ واحیدی ڕەزمان ـ مەهاباد
ـ عەتا نەهایی ـ بانە
ـ فەرهاد یاری ـ گەیلانفەرب
ـ تاهیر ڕەمەزانی ـ پاوە
ـ عادل لوطفی ـ سنە
ـ عەباسی ئەحمەدی ـ سنە
ـ خەبات هەڵەبجەیی ـ کەنگاوەر
ـ غالیب ئەمینی ـ سنە
ـ مەرسووم گەشبین ـ قەزوین
ـ بێکەس کوردی ـ قوم

زۆر سوپاسی هەستی دڵسۆزانەتان دەکەین . مایەی سەربەرزی و دڵخۆشیمانە کە هێندە باوەڕتان بە گۆڤاری مامۆستای کورد هەیە و دڵگەرمانە پشتی دەگرن، لە ژمارەکانی پێشووشدا ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کە ئێمە گۆڤارەکە وەک دیاری بۆ خوێنەرانی کوردستان و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕەوانە دەکەین، ئیدی پێویست بە بەشداری کردن و پارە ناردن ناکات.ئەو برایانەی گلەیی دەکەن کە گۆڤارەکەیان پێ ناگات، باوەڕ بفەرموون کە ئێمە لەگەڵ دەرچوونی هەر ژمارەیەکدا بۆمان ناردوون، بەڵام ئەگەر پۆستی کۆماری ئیسلامیی ئێران نایگەیەنێ، ئیدی ئێمە دەسەڵاتێکمان نییە.

# مۆمێکی نیوه تەمەن و وەڵامی مێژوو

نەجمەدین عەزیز بیانی

نووسین لە سەر هەر بابەتێکی ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و زانستی، پێویستی بە چەند هەنگاوێک گەڕانەوەیە بەرەو دواوە بۆ بناوانی مەسەلەکە و ڕای مێژوو بە بەڵگەی باوەڕ پێ کراوی نووسراو یان قسەی ڕیش سپی و پیاوە بەتەمەنەکان ئەگەر ڕووداوەکە زۆر دوور نەبێت. لە ژمارە ١٤ی بەهاری ١٩٩٢ی گۆڤاری مامۆستای کورددا برایەک بە ناوی شوان گەرمیانی بابەتێکی لە ژێر سەردێڕی « شیعرێکی ناتەواو، مۆمێکی نیوە تەمەن » دا بڵاو کردۆتەوە کە خوێنەر بە ناونیشانەکەدا وا ئەزانێ دەمەتەقێیەکی ئەدەبییە لە مەڕ شیعر و نووسینەکانی شاعیری جوانەمەرگ « ئەحمەد موختار جاف » ەوە و لە ڕوانگەیەکی ئەدەبییەوە ئەچێتە ناو باسەکەوە، بەڵام کە بەردەوام بێت لە خوێندنەوەیدا، خێرا تووشی چەند بڕگەیەک قسەی هەڵبەستراو ئەبێت و بۆی دەردەکەوێت کە ئاوەڕۆی باسەکە بۆ مەبەستێکی تر ڕێ خۆش دەکات. ئەم برایە هاتووە « ئەحمەد موختار جاف »ی کردۆتە داری سەرناو کەوتوو، دەیەوێ بەرەو کەنارێکی بەرچاو ڕوون بنەماڵەیەکی گەورەی لە قوڕاو و لیتەی مێژوو پێ بپەڕێنێتەوە و پاکانە لە هەندێ هەڵوێستیان بکات، چونکە لە میانی باسەکەیدا هەندێ بڕگەی داڕشتووە کە دوورن لە ڕاستی و بەڵگەی مێژووییش زۆرن کە پێچەوانەی بۆچوونی کاک شوان ڕاستیی شتەکە پیشان دەدەن. ئەم برایە خۆی لەو سەرچاوانە نەداوە و لە گەڵ ئەوەیشدا چەندان سەرچاوەی بۆ دروستیی لایەنە ئەدەبییەکەی شاعیر هێناوەتەوە کە شایانی ئەوەیە خوێنەر بڵێ دەستخۆش «بارک الله». هەموو خوێنەران و کاکی نووسەریش لەگەڵ ئەوەداین کە جاف یەکێکە لە عەشیرەتە گەورەکانی کوردەواری و وەک هەموو تیرە و تایفەکانی تری کوردستان ڕۆڵی مێژوویی خۆیان بینیوە و لە ڕەوتی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندا هەمیشە لە پێناوی خۆشەویستیی خاک و سەرفەرازییاندا لە دژی داگیرکەران تووشی نائارامی بوون و قوربانییان داوە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە سەرجەم ئەو بنەماڵەو کەسانەی کاکی نووسەر ناوی بردوون خاوەنی ئەم هەڵوێستە بووبن. خوێنەری ئاشنا بە ناوچەکانی هەورامان و شارەزوور و گەرمیان پێش خەڵکی تر لە ئاست ئەو داڕشتنەی کاک شواندا ئەحەپەسێن و هەڵوێستە یەک ئەکەن.

لە باسەکەیدا هاتووە : «مێجەر نۆئێل لە یادداشتەکانیدا دەڵێ : مەحموود پاشای جاف تەنیا ناسراو و دەسەڵاتدارێکی کوردستانی خوارووی بوو کە لە گەڵ ئەو کۆمەڵانەی لە پێناوی سەربەخۆیی‌ی کوردستان و مافی نەتەوایەتیدا هەوڵیان داوە، پێوەندی هەبووە و هاوکاریی کردووە بۆ بە دیهێنانی ئەو ئامانجە...».

بێگومان خێڵێکی گەورەی وەک جاف لەو کاتەدا کە گەرمیان و کوێستان خۆرییان کردووە و ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی ئەو ناوچانە هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی ئەواندا بووە، بۆ پاراستنی قەوارەی تایبەتیی خۆیان و دەستبڕینی هەر تیرە و تایفەیەک کە ویستبێتی بۆ لەوەڕخۆری بێتە سنوورییان، پاشا و کوێخاو پیاوە لێهاتووەکانی جاف لەگەڵ حوکوومەت و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خۆیان گونجاندووە و لە نێوان دوو هێزی دەوڵەتەکانی « عوسمانی و فارس » دا دەست بە سینگەوە خزمەتگوزار بوون و لەو سەردەمەیشدا هەستی نەتەوایەتی نەگەیشتۆتە ڕادەی دروست بوونی ڕێکخراو و گرۆی سیاسی کە ئەمان کاری تێدا بکەن، ئەگەر هەشبووبێت هیچ کات ئامادەی ئەو کارە نەبوون و یەکێکی وەکوو مێجەر نۆئێل و کێ و کێ، ئەوان خۆیان گەرای ئەو سیاسەتە چەپەڵانەیان لە کوردستاندا بڵاو کردۆتەوە و لەسەریان بووە بەو جۆرە ستایشی مەحموود پاشا و کەسانی لەو جۆرە بکەن، دەنا بۆچی لە بابولعالییەوە خەڵاتی پاشایی تەنیا بۆ حەمە پاشا و مەحموودپاشای کوڕی هاتووە، یان بۆچی

« ناصر الدين » شای قاجار وەستاو ئەندازیاری ناردووە و کۆشکیان بۆ دروست کردوون. خۆ لە کوردستاندا سەدان سەرخێڵ و کوێخاو پیاوی لێهاتوو هەبوون و هەزاران گردی وەک گردی شێروانەیش هەن. با تەماشای لاپەڕەی ٩٤ی یادداشت/ ی ڕەفیق حیلمی / بەرگی یەکەم بکەین کە لە بارەی مەحموودپاشاوە چۆن هەندێ ڕاستیی تەواومان بۆ دەردەکەوێت بەرانبەر شێخ سەعید و شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی.

برای نووسەر لە شوێنێکی تری باسەکەیدا وای نووسیوە: مەحموودپاشا بە هانای قەڵەوزەکانی شارەبان و قزڕەباتەوە دێ...هتد.

ئەگەر مەسەلە بەرگری لە خاکی کوردستان بێت هیچ کاتێ پاشا ئامادە نەبووە دژایەتیی خێڵە عەرەبەکان لە چوارچێوەی کوردایەتیدا بکات بەڵکە بەرگری بووە لە پووش و پەریز و لەوەڕی موڵکی خۆیان، کە لە مەریوانەوە تاکو قزڕەبات بە درێژیی سنووری نێوان عێراقی ژێردەستی عوسمانی و ئێران، موڵکی جاف بووە و پێیان سپێردراوە چاودێریی لێ بکەن. هەردوو لایشیان، عوسمانی و ئێرانی، خەڵاتی پاشای جافیان کردووە بۆ ئەوەی ئەو سنوورە وەکوو «الحزام الأمني » بپارێزن. بەم کارەش باری سیاسیی ئەو دوولایەنە لەوسنوورەدا هاوسەنگ و ئارام بووە، جگە لەوەش دانیشتووانی ئەو ناوچانەی شارەبان و قزڕەبات هەرچەنێ عەرەبزمانن، لە ڕەگەزدا کوردن، بەڵام ئینکاری ئەوە ناکەن کە لە تیرەی زەنگەنە و دەلۆ و داودە و گێژ و پالانین، بەڵام لە سەردەمی ڕەشی بەعسدا لە نێو « تعریب » دا کەم بوونەوە و لەبەرچاو نەمان.

لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکەیدا ئەڵێ : مایەی سەرسووڕمان نییە و زۆر ئاسایی‌یە گەر شاعیری شەهید لەپێناوی بیر و باوەڕ و ئەندێشەی نەتەوایەتیدا گیانی خۆی بەخت بکات و خاکی کوردستان بە خوێنی سووری خۆی ڕەنگین بکات. بنەماڵە و دەوروبەری شاعیر و دۆست و هەڤاڵانی قوتابخانەی ئەو بیروباوەڕ و ئەندێشەیە بوون ... هتد.

نازانم ئەوە چ بیروباوەڕێکە کە شاعیر و بنەماڵە و هەڤاڵانی کردە قوتابخانەیەک و قوربانییان لە پێناودا داوە!. ئەگەر برای نووسەر بگەڕێتەوە سەر سەرچاوەی پێشوو کە ناوم برد، لە گەڵ کتێبی « شێخ مەحموودی نەمر و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ـ محەممەد ڕەسووڵ هاوار » نەک دەوری پیاو بەڵکە دەوری ئافرەتیشی لەو خێزانەدا بۆ دەردەکەوێ. « عادیلە خانم » ی دایکی شاعیر یەکێک بوو لە دۆست و دڵسۆز و لایەنگرەکانی ئینگلیز، بە جۆرێک ئەفسەر و گەڕیدە جاسووسەکانی لە ماڵدا حەشار داوە و خزمەتی کردوون. لە کاتێکدا شۆڕشی شێخ مەحموود لە گەرمەیدا بووە، چەکدارەکانی شێخ لە هەورامان حاکمی ئینگلیزیان دەسگیر کردبوو، « عادیلە خانم » بە هەر فێڵ و تەڵەکەیەک بوو حاکمی ناوبراوی لە دەست دەر کردن و بە دزییەوە هەواڵی لای هێزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزی لە خانەقین کرد، لە پاداشی ئەم کارەیدا نازناو (لقب)ی « خان بهادر »ی لە لایەن ئینگلیزەوە پێ بەخشرا. ئایا لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئافرەتێک لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردەواریی خۆماندا ئەو کارەی پێ بکرێ ئەبێ کوڕەکانی چۆن گۆش کردبێت؟. لێرەدا دەڵێم زیرەکیی ئەو ئافرەتە دوورە لە گیانی کوردایەتی و قوربانی دان و ڕەوای ستایش و شانازی پێوە کردن نییە و مێژوویش ئاگادارە.

لە بڕگەیەکی تری باسەکەیدا هاتووە : دۆستانی شاعیر دەڵێن مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر بوو و بە هەر شێوەیەک بۆی بلوایە دژایەتیی ڕژێمی داگیرکەری دەکرد... هتد. ئەگەر دژایەتی کردنی ڕژێمی ئەو کاتە هەر ئەوەندە بووبێت کە شاعیری شەهید کردوویەتی، وابزانم گەلی کوردمان لە مێژە پاکسازیی خۆی کردووە. هەموو کاربەدەستە کوردەکان و تەنانەت موستەشارەکانی ئەم دواییانەش هەموو نیشتمانپەروەرن و شایانی ناوزڕاندن نین. لە گەڵ ئەوەیشدا شاعیر نەک بە کردار بەڵکە بە قەڵەمیش هیچی بۆ شۆڕشی شێخ مەحموود و بزووتنەوەی کورد نەکردووە و شیعرەکانیشی زیاتر ڕەنگدانەوەی عیشق و جوانین و هەرچی چیرۆکی « مەسەلەی ویژدان » یشە هەرکەسێک خوێندبێتیەوە دەزانێت لە بازنەی ویژدان و بەزەیی نەچۆتە دەرەوە و تاپۆیەکی چەوساندنەوەی چینایەتیی ئەو سەردەمەیە کە شاعیر خۆی لە چینی بالاو خاوەن دەسەڵات بووە و جووتیاری ڕووت و ڕەجاڵی ناوچەکە لەسەر موڵکانەی

ئەوان تووشی ئەشکەنجە و مەژی و مەمرە بووە و ویست و بەرژەوەندیی خۆیان و ئینگلیزی پیلانگێڕی دژی جووتیاری کورد ئاوێزان کردووە. شاعیر لە بنەماڵەیەکی وا پەروەردە بووبێ، ئەبێ چ مەترسییەکی بۆ ڕژێمی سەردەمەکەی بووبێت و چاوەڕوانیی چ ڕاپەڕینێکی لێ کرابێت و بۆ بە کوشت دانی کەی پێویستی بە پیلانی داگیرکەرانی عێراق هەبووە. دیسان لە باسەکەیدا ئەم بڕگەیەی هێناوە : دەنگ و باسی یاخی بوونی میر دنیای گرتبوو، ئێران و عێراقی شڵەژاندبوو.. دانیشتووانی ئەو سنوورە بە هەموو تواناوە یارمەتیی میریان دژی ڕژێم دەدا..هتد. لە ڕۆژانی جەنگی یەکەمی جیهانی و ساڵانی دواتریش، سەرتاپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت هەموو میللەتان سەرقاڵی برسێتی و قات و قڕی بوون و هەمووکەس لە هەوڵی خۆیدا بووە. ڕۆژەتاڵەکانی « سەفەر بەلک » و مردن بە تاعوون و برسێتی وای کردبوو خەڵک لە وەزعی « وەی نەفسی » دا بوون، نەک یاخی بوونی میر و ڕاپەڕینی نەتەوایەتی لە دژی داگیرکەران کە ئەو خەڵکەیان تووشی ئەو کوێرەوەرییە کردبوو. میر لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە هیچی کەم نەبوو، ئەوەشی لەسەر حیسابی دۆستایەتی لە گەڵ ئەو داگیرکەرانەدا بۆ هاتبووە کایەوە. خەڵک لە ئێران و لە عێراق دووچاری ئەو مەرگەساتە ببوون و کەس بەلای ڕاپەڕین و بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا نەچووە کە میر ڕابەرایەتیی کردبێت. بزووتنەوەی شێخ مەحموودی نەمریش هەموو خەڵکێکی ئازادیخوازی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە و مەیدانی ڕاپەڕین و شۆڕش ئەو هەڵیدەسووڕاند، هەر کێشەیەکیش لە نێو بنەماڵەی شاعیری شەهیدا ڕووی دابێت، لە سەر کورسیی قایمقامێتیی هەڵەبجە و ئەندامێتیی پەرلەمانی عێراق بووە نەک لایەنی تر. کاک شوان خۆی ئاماژەی بۆ ئەو کێشە و ئاڵۆزییەی بنەماڵەی شاعیر کردووە کە « ح . م » ی ئامۆزای شاعیر لە گەڵ شاعیردا، بۆ قۆستنەوەی ئەو کورسییانەی ناومان بردن، لە کێ بەرکێدا بوون کە بە کوشتنی شاعیر لە لایەن « ح . م »ەوە، بە قایمقامێتی هەڵەبجە و ئەندامێتیی پەرلەمان شاد بوو.

پاش ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ هەزاران ئەڵقەلەگوێی ڕژێم هاتنەوە ڕیزی گەلەکەمان، کەچی زۆربەی سەرانی جاف بە دوای ڕژێمی داڕزاوی «صدام» دا وێڵن و لە هەڵوێستی پێشوویان پاشگەز نەبوونەتەوە. حەز ئەکەم بە قسەیەکی مستەفا بەگی کەریم بەگی جاف باسەکە ببڕمەوە. چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کاک مەسعوود بەرزانی لە شاری کەلار، سەردانی ماڵی مستەفا بەگی کردبوو. هەندێ لەوانەی یاوەری بوون، چەکدار و کۆنە موستەشارەکانی جارانی ڕژێمی عێراق بوون. لە دانیشتنەکەدا مستەفا بەگ بە پێکەنینەوە بە کاک مەسعوود دەڵێ : قسەیەکم هەیە حەز دەکەم بیکەم، ئەویش دەڵێ : فەرموو. مستەفا بەگ دەڵێ : کاک مەسعوود هەرچی سەیر دەکەم هەر فەتە «فەتاح » ی برامتان ناتەواوە، هەموو دانیشتووان دێنە پێکەنین. بێگومان قسەکەی مستەفا بەگ زۆر ڕاستە و بەردێکیشە بۆ سیاسەت و سەرکردەکانی شۆڕشی کورد و ڕاستیی گەلێ لایەنی مەبەستەکانیشمان دەسەلمێنێ.

ئۆردوگای ئاوارەکان لە کامیاران :
١٧ / ٨ / ١٩٩٢

سەرچاوە:
– ڕەفیق حیلمی: یادداشت، بەرگی یەکەم.
– محەمەد ڕەسووڵ هاوار: شێخ مەحموودی نەمر و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩١.


## کتێبفرۆشیی سارا لە ستۆکهۆڵم / سوێد

بۆ کڕینی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی پەیوەندی بە کتێبفرۆشیی ساراوە بکەن.
لە هەر شار و وڵات و گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بن کتێبفرۆشیی سارا داواکانتان جێ بە جێ دەکات.
ناونیشان :

Sara bokhandel
Dalagatan 42
113 43 Stockholm/ Sweden
Tel : 08 – 33 12 29
Fax : 08 – 33 12 29

# چەند تێبینییەک لە سەر ناوی شاری بۆکان

ئەنوەری سوڵتانی

بەهاری ساڵی ١٩٩٢

ناوی شاری بۆکان، وەک مێژووی شارەکە، تا ئێستا نەکەوتۆتە بەر تۆژینەوەی ڕاستەقینە. ئەو شتانەش وا لێرە و لەوێ لە سەر باسەکە نووسراون لە ئۆخی بیروبۆچوونی خەڵکی ئاسایی نەچوونەتە دەرێ و هیچ ڕووناکییەکیان نەخستۆتە سەر مێژووی پڕتەم و مژی ئەم شارە.
خەڵکی ناوچەکە لایان وایە کە ناوی بۆکان لە بنەڕەتدا « بووکان » بووە و ئەمەش بە هۆی نەریتێکەوە، کە گوایە لە ڕابردووی کۆنا، کاتێ بووک هاتووە، پێش چوونە ماڵی زاوا، بردوویانەتە سەر« حەوزە گەورە » ی ناوەڕاستی شار و ئەمجا لەوێوە بەرەو ماڵی زاوا بوونەتەوە ! (*) نووسەر و قەڵەم بەدەستی شار و ناوچەکەیش نەک هەر ئەو چەوتییەیان ڕاست نەکردۆتەوە، بەڵکە بۆیان لەمل داون و بە شیعر یان نووسین، بەڵگەیان بۆ ئەم بۆچوونە هەڵەیە پێکهێناوە.(١) ئەم وتارە بە نیازی دامەزراندنی سەرەتای باسێکی زانستییانە لە سەر بنەچەکی ناوی « بۆکان » نووسراوە.

*

کلیلی کردنەوەی گرێ پووچکەی ئەم باسە، وشەی « بەگە » یان « بەغە » یە.
« بەگە » یان « بهەگە » ، خوای هەموو ئەو گەلانە بووە کە پێش هاتنی زەردەشت لە هیندەوە تا ڕۆژئاوای ئێران ژیاون. ئاوێستاناسی ئێرانی « ئیبراهیم پوورداوود » لە وتارێکدا بە ناوی « بەغ » ەوە دەنووسێ و دەڵێ : « وشەی یەکجار کۆنی « بەغ » لە سەردەمێکی زووەوە لە زمانی ئێمەدا ماوەتەوە. لە زمانە کۆنەکانی ئێران وەک ئاوێستایی و « فورسی کۆن » دا(٢)، « بەغ » لە سەر زاری خەڵک بووە و لە « گاتا » کانا کە هەڵبەستی زەردەشتن و کۆنترین بەشی ئاوێستا پێک دێنن، « بەگە » بە واتای « بەش » و « بەخت » هاتووە. لە بەشەکانی تری ئاوێستاشا « بەغە » هەر هەمان واتای هەیە. وشەکە لە چاوگی « بەگ » ەوە دێت کە لە زمانی « پەهلەوی » دا(٣) بۆتە « بەختەن ». کارلێکراو (إسم مفعول) ی وشەکە ـ واتا « بەختە » لە ئاوێستادا هاتووە کە لە زمانی پەهلەوی و فارسی و کوردیش [ ئـ . س. ] دا بۆتە « بەخت »(٤)
پوورداوود لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ : « بەغ » لە زمانە کۆنە ئێرانییەکانا ـ وەک « بهەگ » ،
لە سانسکریتدا مانای « بەش » و « بەخت » دەدات و لە مانای دووەما واتای « خوداوەند » ی هەیە کە مەفهوومی « بەخشندە» شی لێ وەردەگیرێ. لە بەردنووسە هەخامەنشییەکان [ یەک لەوان، بەردنووسی بێستوون، ئـ . س ] دا، « بەگە » بە واتای خوداوەند هاتووە.(٥) هەر پوورداوود لە شوێنێکی تری وتارەکەیدا ئەنووسێ : " پێش پێغەمبەرایەتیی زەردەشت؛ بە خوداوەند دەوترا « بەغ » و پاشانیش کە ئەمان « تاقە خوا » یان ئاونا « ئاهورامزدا » وشەی « بەغ » لە واتای ئەسڵی و پێشووی خۆیدا مایەوە ". (٦) بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە پوورداوود بەڵگە دەهێنێتەوە و دەڵێ : " داریوش " شای هەخامەنیشی لە بەردنووسەکەی « بێستوون » ( کێوی یەزدانی

« بەغستان»دا، کاتێ ڕووداوەکانی ساڵانی چوارەم و پێنجەمی شایەتیی خۆی دەگێڕێتەوە، ئێژێ : " ئەهورامەزدا و « بەغان » ی تر یارمەتییان دام. لە خوارترەوەش ئەبێژێ : " ئەهورامەزدا و بەغانی تر لە بەر ئەوە یارمەتیی منیان دا چونکوو من قین لە دڵ و درۆزن و زاڵم نیم ". (٧) مامۆستا عەلائەددینی سەجادیش لە مێژووەکەی خۆیدا، کاتێ هاتووەتە سەر باسی قەومی کاسی ، دەنووسێ : " یەکێک لە سۆراخی هیندۆئەورووپاییەکان بە سەر کاسییەکان، وشەی « بوگاش » یان « بوغاش » ە کە بە مانای خوایە. " (٨) « لغت نامەی دهخدا » ـ قامووسی گەورەی زمانی فارسی کە وێ دەچێ سەرچاوەی زانیارییەکانی مامۆستا سەجادیش لەم بابەتەوە بووبێ، دەڵێ : " « بهگە » لە سانسکریتدا واتای خودا بووە و لە کتێبی پیرۆزی « ڤیدا » دا ئەم واتایە چەند پات کراوەتەوە، واتە لە ناو هیندۆئێرانییەکاندا ـ پێش جیابوونەوەیان لە یەکتر، ئەم شتە باو بووە. (٩) خاتوو « ماری بۆیس » پسپۆری ناوداری مێژووی زەردەشت و ئاوێستا، لە کتێبی « مێژووی زەردەشتایەتی » دا چۆتە قووڵاییی باسەکەوە و بە دوور و درێژی لە واتای وشەی « بەغە » و « بەگە » دواوە و مانای « خوداوەند » ی بۆ وشەکان پەسەند کردووە. (١٠) دوکتۆر « فەرەوەشی » دانەری قامووسی زمانی پەهلەوی ـ فارسی، چوار واتای « خودا » ، « سەروەر » ، « شا » و « هێزی خودایی »ی بۆ « بەغ » لێک داوەتەوە و « بەک » یشی بە « خودا » و « سەروەر » مانا کردۆتەوە. (١١) نووسەری « واژەنامەء مینوی خرد » ـ دوکتۆر ئەحمەدی تەفەززولی، « بەغان » ی بە « خودایان » زانیوە (١٢) و زانای بەناوبانگی ئێرانی « ملک الشعراء بهار » لە کتێبی « سبک شناسی » دا وتوویەتی : " ئەم وشەیە { = بەغ، ئـ . س }، یەکەم جار لە نووسراوێکی « سارگۆن » ی (دووهەم، ئـ . س )، شای ئاشوور (١٣) دا لە گەڵ پاشگری « دات » لە شێوەی « بەغ دات » دا هاتووە کە ناوی پیاوێکی ئێرانی بووە. (١٤). سەبارەت بەو « بەغ دات » ە، پوورداوود دەڵێ :

« بەگ داتی » یە کە ئەویش سەرۆکێکی « ماننا » کان بووە و سارگۆن گرتی و فەرمانی دا بە زیندوویی پێستی بگروون.. (١٥) پوورداوود هەروەها دەڵێ : « وشەی « بەگ » پێش ئەویش لە شێوەی « بیت بەگی » دا بینراوە کە واتا ماڵی بەغ، یان « خانەی خودا » ی هەیە و ناوی شارێکی ماد بووە کە سارگۆن لە هێرشکارییەکەی خۆی بۆ سەر خاکی « ئوورارتو » و « ماننا » ( ٧١٥ -٧١٦ ی پ. ز ) یادی لێوە دەکات (١٦). من دەرەنگتر دەگەڕێمەوە سەر باسی « بیت بەگی » ، بەڵام با لێرەدا درێژە بە توێژینەوەی سەرچاوەکان بە دوای وشەی « بەغ » دا بدەین. ئەم وشەیە لە دراوی شاهانی ساسانی ـ شدا بینراوە، بەڵام لێرەدا، واتایەکی هەندێ نزمتر لە ئەهورامزدای پێ بەخشراوە. لە کۆتاییی دەورەی ساسانییەکاندا ئاڵ و گۆڕێک بەسەر مانای « بەغ » دا هات و تەنیا واتای « گەورە » ی لێ ئیرادە کرا. تەنانەت لە کتێبی « یادگاری زەریران » (١٧) دا تەنیا بە مانای « سەر » هاتووە. (١٨) ( دائرە المعارف فارسی )، « بەغ » ی بە مانای « خودا » و « خولقێنەر » داناوە و نووسیویە : " لە بەردەنووسە هەخامەنیشییەکاندا ئەهورامزدا بەناوی « بەغی گەورە » وە ناوبراوە. (١٩) دانەری « فرهنگ معین » ـ دوکتۆر محەمەد موعین ـ ، سێ واتای بۆ بەغ دۆزیوەتەوە : یەکەم خودا، دووەم یەزدان و فریشتە، سێیەم بت (صنم). (٢٠) ئەم واتای « بت» ە لە چەندین قامووسی دیکەی زمانی فارسیشدا دووپات بۆتەوە وەک ( فەرهەنگی ڕەشیدی، (٢١) برهان قاطع،(٢٢) آصف اللغات ).(٢٣) « فرهنگ رشیدی » لە ماددەی « بەغداد » دا واتای ( عطیە الصنم ) ی بۆ هێناوەتەوە،(٢٤) بەڵام پوورداوود بەرپەرچی بۆچوونی وا دەداتەوە و دەڵێ : « بەغ » لای ئێرانییەکان « صنم » نییە و خوداوەندە. (٢٥) مێژوونووس، زمانەوان و زانای ناسراوی ئێرانی « ئەحمەد کەسرەوی » زنجیرە وتارێکی لەسەر ناوی شار و گوندەکانی ئێران نووسیوە و هەرچەند ئاوڕی لە

کوردستان نەداوەتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی داویە بە دەستەوە دەتوانن یاریدەدەری باسەکەی ئێمە بن. لە دوو وتاری جیاوازدا کە لەسەر وشەی « باکۆ » پێتەختی ئازەربایجانی باکووری نووسیوە. کەسرەوی دەڵێ : « وشەگەلی « باک » و « بەک » و « بەغ » لە زەمانە کۆنەکانی ئێران وەک هەخامەنیشی و پەهلەویدا جگە لە واتای خودا، مانای « پەرستن » یشی هەبووە. (٢٦) وشەی

« باکۆ » ـ کەسرەوی دەنووسێ، لە بنەڕەتدا « باگاوان » یان

« باکاوان » بووە و لە زەمانی ساسانییان و پێش ئەوانیشەوە، لە ئەرمەنستان و ئاران (٢٧) و ئازەربایجان و شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئاواییگەلێک بەو ناوە هەبووە و لە هەموویاندا ئاگرێک ڕۆشن بووە... کە وابوو،

« باگوان » یان « باگاوان » بە واتای «شاری خودا» یان « شوێنی خودا » یە (٢٨) کەسرەوی دەڵێ " نەک هەر باکۆ، بەڵکو « بەغدا » ، « بەعقووبە » ش «شاری خودا» بوون و ئەوەی ئەرمەنییەکان پاش قەبووڵکردنی ئایینی مەسیح « بەک » یان بە « بت » مانا کردۆتەوە یان « أصمعي » خۆی لەوە پاراستووە کە ناوی

« بەغداد » بنووسێ و لە باتی نازناوی « دارالسلام » ی پێ داوە، نیشان ئەدات کە ئەم شارانە، شوێنی ئایینێکی کۆن بوون و پەیوەندییان بە ناوی « بەک » و

« بەغ » ەوە هەبووە. (٢٩) کەسرەوی لە باسی « بەعقووبە » دا دەڵێ :

« ناوێکی سەیرە، نە فارسییە و نە عارەبی. ڕەنگە لە بنەڕەتدا « باکوا » بووبێت کە « واو » ەکەی بووە بەپ» و « ئەلف » ەکەی دوایی کەوتووە و پاشان عەرەب کردوویانە بە «بەعقووبە» (٣٠) من پێش ئەوەی کۆتایی بە باسی وشەی « بەک » و «بەغ» بێنم و بچمە سەر باسی ئەسڵی، کەڵک لە هەندێ سەرچاوە وەردەگرم و کۆمەڵێک ناوی کەس و شار و شوێن کە پەیوەندییەکیان بە وشەی « بەغ » ەوە بێت دەهێنمەوە تا یاریدەدەری خوێنەر بن بۆ بڕیاری دواترمان لەسەر ئەم باسە :

١- بەغکەدە = ماڵی خوا. (٣١)

٢- بەغشوور = ناوی شارێک لە خوراسانی ئێران. (٣٢)

٣- بەگ بوخش = ناوی یەکێک لە یارانی داریوش ـی شای هەخامەنیشی. (٣٣)

٤- بەگ پەنات ( خواپەنا ) = ئامۆزای داریوش. (٣٤)

٥- بەغەلان = ناوی شارێکە لە خوراسان. (٣٥)

ئەم پاشگری « لان » ە بە واتای جێگاو شوێن لە کۆتایی زۆر وشەی کوردیدا دەبیندرێ، وەک بەردەلان، خێزەلان، ئەردەلان. (٣٦)

٦- بەغستان = بەهیستان، بیهستوون و بێستوون : ئەم کێوە و ولاتی دەوروبەری، دراونەتە پاڵ « بەغ » (٣٧)

٧- بەغداد = بەغ دات = خودا داد، خوابەخش ( لە مەڕ وشەی بەغداد بۆچوونی مامۆستا تەوفیق وەهبی زانستییانە و وێچووە. بڕوانە : ( القصد والإستطراد في أصول معنى بغداد، مجله المجمع العلمي العراقي، الجزء الأول من السنه الأولى، بغداد، ١٣٦٩ هـ . ئەم وتارەی مامۆستا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسیش. بڕوانە : دکتر سید علیرضا مجتهدزاده، بحثی در باب کلمه بغداد، دانشگاه مشهد.؟

٨- بەغدوخت (٣٨) = [ کچی بەغ، ناوێک بۆ کچان کە لە شێوەی « بیهدوخت »شدا دەبیندرێت. ئـ . س.].

٩- بەغپوور = فەغفوور : نازناوی شاهانی چین لە زمانی فارسی [ و کوردی ئـ. س. ] دا. (٣٩)

وشەی بەغ پێ بە پێی ئارییایییەکان ڕۆیشتووە و سەری لە زۆر شوێنی دوورترەوە دەرهێناوە :

١- بوگو ـ بەغو = « خوا » لە زمانی سلاڤەکاندا. (٤٠)

٢- باگاریچ = شوێنی بت، بتخانە لە زمانی ئەرمەنییەکاندا. (٤١)

٣- فەغ = خوا لە زمانی سۆغدییەکاندا. (٤٢)

٤- بوغ = خوا لە زمانی ڕووسیدا. (٤٣)

هەروەها وشەی « بەغ » لە زۆر ناو و نازناوی تورکیشدا ڕەنگی داوەتەوە و تەرکیبی وایان پێک هێناوە کە ڕواڵەتیان تورکییە، بەڵام لە ئەسڵدا هیندۆئەورووپین : (٤٤)

١) بایرام = جەژن(٤٥)

٢) بەگ = ئاغاو سەروەر[٤٦]

٣) بەگلەربەگ = سەرۆکی بەگەکان (پاشگری تورکیی « لەر »ی لێ زیاد کراوە).[٤٧]

٤) بای = ناوی کۆنی شاهانی وڵاتی « تونس » و هەروەها نازناوێکە بۆ گەورەپیاوانی ئاسیای ناوەندی.[٤٨]

٥) بەکتاش ( بەک + تاش )[٤٩]{ = گەورەی عێل، سەرۆکی تاقمێک، نۆکەری شا. فرهنگ فارسی معین. }

٦) بەگم، یان بەیگوم = نازناوی ژنان.[٥٠]

٧) ئاتا بەگ، ئۆزبەگ، دەریابەگی و...[٥١]

ئەوەی تا ئێستا وتراو ڕوانینێک بوو بەسەر لایەنی زمانەوانیی وشەی « بۆکان »دا. ئەم ڕوانینە، یەک لایەنی و ناتەواوە ئەگەر نەخرێتە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە و ڕووداوەکانی مەڵبەندی بۆکان لە پەیوەندی باسەکەدا شی نەکرێتەوە.

کۆنترین « دەوڵەت »ی ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان ( بۆکانیش وەک بەشێک لە ناوچەکە )، دەوڵەتی « ماننا » یە. پێش ئەوان، لە نیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەم بە دواوە چەند « شار ـ دەوڵەت » و « دەوڵەتی ناوچەیی » لە بەشی ڕۆژئاوای خاکی ئێران پێک هاتبوو.[٥٢] بەڵام دەوڵەتی « ماننا » یەکەم دەوڵەتی یەکگرتووی ناوچەکە بوو کە مەڵبەندێکی بەرینی گرتبووە خۆی و خاوەنی توانایەکی ئابووری و دەسەلاتێکی سوپایی ئەوتۆ بوو کە دەیتوانی سەر لە حاندی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەودەم ( ئاشوور، ئورارتو و ... ) بەرز بکاتەوە. ئەم یەکگرتنە لە ئەنجامی پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵگاو بە ئامانجی خۆ پاراستن لە مەترسیی دراوسێ بەهێزەکان پێکهات و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین ، واتا ئەو سەردەمە گرنگەی کە ئارییەکان لە باکووری ڕۆژهەلاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا ئەهاتن و شەپۆلی یەکەمیان لە سنووری خاکی « ماننا» درابوو. « منناکان بەشێک بوون لە یەکێتیی هۆزەکانی لۆلۆیی و گۆتی کە ئەوانیش لە « مەنزوومەی زاگرۆس »[٥٣] جیا دەبنەوە[٥٤] و خاکەکەیان « ناوچەی ڕۆژهەلاتی باشووری گۆلی ورمێ هەتا ڕۆژاوای باشووری زەریاچەی کاسپیەن بە تایبەت نێوان مەراغە تا سەقز و بۆکانی گرتبووە بەر.»[٥٥]

« بریتانیکا » ـ ئەنسیکلۆپیدیای زمانی ئینگلیزی دەنووسێ :

« مانناکان لە لایەن سێ هێزی گەورەی سەردەمی خۆیانەوە گەمارۆ درابوون : ئاشوور لە ڕۆژاوا، ئورارتو لە باکوور و ماد لە باشوور { سەکاکانیش لە باشوور و ڕۆژاواوە ئـ . س .} ئەم قەومە پاش هێرشی سەکایییەکان و پەیدا بوونی ماد لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین، ناسنامەی قەومیی خۆیان لە دەست دا و چوونە ژێر دەسەلاتی مادەکانەوە.»[٥٦]

دوژمنی گەورەی مانناکان دەوڵەتی ئاشوور بوو. ئاشوورییەکان تەنیا لە نێوان ساڵانی ٨١٠ تاکو ٧٧٤ی پێش زایین، بە لای کەمەوە چواردە جار هێرشیان بردەسەر خاکی ماننا، هەزاران کەسیان بە کۆیلە لێ گرتن و سەدان پیشەساز و هونەرمەندیان لێ ڕاگواستن بۆ شاری نەینەوا ».[٥٧] ئورارتوییەکانیش لە ئاشوور باشتر نەبوون، تەنیا « ڕوسا »ی یەکەم ـ شای ئورارتو، ٢٢ قەڵا واتە ٢٢ شار و شارۆچکەی منناى داگیر کرد[٥٨] بەڵام هێرشی گەورە بۆ سەر خاکی ماننا لە لایەن سارگۆنی دووەمی شای ئاشوورەوە بوو ( ٧١٥ - ٧١٦ پ. ز.). سارگۆن بە ڕەواندز و حاجی ئۆمەراندا بەرەو پیرانشار و سولدوز داگەڕا و پاش ماوەیەک ڕۆیشتن بەرەو زەریاچەی ورمێ گەڕایەوە دواوە و ئەمجا لەشکرەکەی بە ئیندرقاش و قومقەڵای سابلاغدا بەرەو میاندواو برد و بە دۆڵی چۆمی « تەتەهوو »دا ڕووی کردە بۆکان و لەوێوە گەیشتە « شیز » واتە « ئاورگەی ئازەر گوشەسپ » و پاشان چووە «ساین قەڵا» کە ئەو دەمە ناوی « ئەوکان » (Aukan) بوو[٥٩]. لە هەموو ئەو شوێنانەش « وەک سێلاو هەموو شتێکی لە ناو برد و داری بەسەر بەردەوە نەهێشت. بەڵام دەوڵەتی ماننا بەسەر ئەو هەموو درندەیییەدا هەر مایەوە و لە گرێژەنە نەچوو، تا ماوەیەک دواتر کە مادەکان دەستیان بەسەر خاکەکەیاندا گرت و دەسەلاتیان بڕینەوە. بەپێی ئەم بەڵگانە،

بۆکان یەکێک بووە لە شار ـ دەوڵەتەکانیماننا و بەشێک بووە لە « یەکێتیی هۆزە مانناییەکان » کە کەوتە بەر هێرشکاریی ئاشوور و ئورارتو و پاشان بە دەست مادەکان داگیر کرا ( پێتەختی مانناکان بە مەزەنە دەبێ نزیک گوندی « سەراو » یان « ڕەحیم خان » بێت. لە سەردەمی حکوومەتی مادەکانیشدا بۆکان بەشێک بوو لە ئیمپراتۆرییەتەکەیان و کەوتبووە ناوچەرگی « مادی بچووک» ەوە. قەڵای گوندی « ئاغجەیوان » لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەوە، هەروەها شوێنەوارە بەردینەکانی « سماقان » و « قەڵایچی » و « بی بی کەند » لە دەوروبەری شار و قەبری «فەرەوەرتیش »ی شای ماد (٦٥٥ ـ ٦٣٣ پ. ز.) لە فەقرەقای مەهاباد کە تەنها ٥٠ کیلۆمەتر کەوتۆتە ڕۆژاوای بۆکانەوە، بەڵگەی ئەو ناوچەرگایەتییەی بۆکانن لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مادەکاندا. بەم پێیە، مێژووی ناسراوی شاری بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و پێشتر ـ واتە ئەو سەردەمەی کە هێشتا ئایینی تازەی زەردەشت لە ناوچەکەدا بڵاو نەبووبووەوە. بە پێی ئەو بەڵگانەی بە دەستەوەن، زەردەشت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە لە دەوروبەری سەدەی شەشەمدا ئایینی خۆی بڵاو کردۆتەوە.

لێرەدا نیاز چوونە ناو باسی پەیوەندییەکانی زمانی کوردی و شێوە ئاخافتنی مادەکان نییە. ئەرکی ئەم وتارە، تۆژینەوەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ـ ئایینییەکانی دانیشتووانی ناوچەی بۆکان لە مێژووی پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت و خوای ئەهورامەزدا، واتە ئەو سەردەمەی کە خوای گەورەی دانیشتووانی ناوچەکە، خوای «بەغ » بووە. ئەوەی ئاشکرا بێ ئەوەیە کە «میهرپەرستی» ئایینی زاڵی ئەو سەردەمە بووە و دانیشتووانی شارەکان، ڕووگ و ئاورگەیان بۆ خوای « میترا » درووست کردووە، واتا ڕێزگرتن لە ئاگر، نەریتێک بووە کە لە ئایینی میتراییەوە بۆ زەردەشتییەکان ماوەتەوە.

خوای « ئاناهیتا »ش لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا خاوەنی ئاورگەی تایبەتی خۆی بووە و « هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن کە ئاگرپەرستی، بە خوای « ئاناهیتا » وە بەستراوە.(٦٠) بەداخەوە ئاسەوارە کۆنەکانی شاری بۆکان و ناوچەی دەوروبەری نەکەوتوونەتە بەر تۆژینەوەیەکی زانستییانە و ئەوی ئێستا ئەزانرێ تەنیا بەشێکە لەو ڕاستییە شاردراوەیەی کە دەبێ دیرۆکناس و مێژوونووسان لە داهاتوودا بیخەنە ڕوو. ئەوەی ئەمڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە لە بۆکان و گوندەکانی دەوروبەری زیاد لە ٣٠ گردی مێژوویی هەن کە بەناوی شوێنەواری مێژووییەوە ناسراون و لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەر بەم ناوە سەبت کراون. زۆربەی ئەم شوێنانەش مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جێی باسی ئێمە. وەک پێشتر وتمان بۆکان بەشێک بووە لە خاکی مانناکان و دوور نییە هەندێک لەو ٢٢ قەڵایەی ئورارتوویییەکان لێیان زەوت کردبوون هەر ئەو تەپۆڵکە مێژووییانە بن کە یەکێکیان لە ناوەڕاستی شاری بۆکانە وپاشماوەشیان لە گوندەکانی دەوروبەرین. گردی « کولتەپە » ئێستا کەوتۆتە ناو شاری بۆکانەوە، گردی « ناچیت » و « حەمامیان » و « شێخلەر » تەنیا چەند کیلۆمەترێک لە شارەوە دوورن. ئەمانە و زۆر تەپۆڵکی تر لە « باخچە » و «تیکان تەپە » و « ئاڵبلاغ » و « ساریقامیش » و « ئەحمەدئاوا » و ... مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی یەکەمی پێش زایین، واتە پێش پەیدابوونی ئایینی زەردەشت یان سەروەختی بڵاوبوونەوەی. هەندێ گردی تری وەک تەپەی گوندی « کانی کووزەڵە » و « سەراو » و «ڕەحیم خان » و «مەلالەر» و « تەپی » و « عەزیزکەند » و ... کە مێژوویەکی کۆنتریشیان هەیە، (٦١) دوور نییە لەو سەردەمەدا هەر ئاوەدان بووبن. لە بیرمان نەچێ کە زۆرێک لەم گردە مێژووییانە ئەگەر بە شێوەی زانستییانە لێیان بکۆڵرێتەوە، شوێنەواری سێ یان چوار شارستانییەتی جیاوازی یەک لە بان یەکی تێدا ئەبینرێ کە ئەمە خۆی نیشانەی بەردەوامبوونی ژیان و شارستانییەت بووە لە ناوچەکەدا. بۆکان خۆی و قەڵای ناوەڕاستی شارەکە شتێکی زۆریان لێ نازانرێ، بەڵام ئەوانیش بەشێکن لەو زنجیرە تەپۆڵکە مێژووییانەی کە شارستانییەتیان دەگەڕێتەوە هەر بۆ ئەو سەردەمانە، واتا بۆ مێژووی ماننا و ماد. ئێستا ئەگەر ئەو ڕاستییە بخەینە پاڵ دەسکەوتەکانمان، لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا و لە « کەسرەوی » ببیستین کە دەڵێ : لە زۆر شوێنی ئێران ئاواییگەلێک بە ناوی خوای « بەغ » ەوە هەبوون کە لە

هەموویاندا ئاگرێکی ڕۆشن هەبووە. ئەمجا دەتوانین بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە شاری بۆکان لە سەردەمی پێش زەردەشتدا شوێنێکی ئاوەدانی ئایینی بووە و ناوی لە ناوی خوای « بەغ » یان « بەگ » ەوە وەرگرتووە.(٦٢)

بەم پێیە ناوی شاری بۆکان لە سەرەتادا دەبێ « بەکان » یـــان « بەگان » بووبێت کە پێک هاتووە لە دوو بەش : بەک یان بەگ + ان. بەشی یەکەم ناوی خوایە و بەشی دووەم پاشگرێکە و واتای شوێن و جێگە دەداتەوە.(٦٣)

هەرچەندە دەکرێ پاشگری «ان» نیشانەی کۆ بێت، بەڵام ئەمە شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.کە وا بوو، بۆکان بە واتای شـاری خوای بەگە یان «شـوێنی خوای بەگە» و ئەمەش دەبێ بە هۆی ئاورگـە یان ڕووگەیەکی گەورەوە بـووبێت کە خـەڵکی شارەکە بۆ « بـەغ »یان دروست کردووە و زۆر وا هـەیە شـوێنی ئاورگەکە لەسـەر گردی ناوەڕاســتی شار بووبێت کە « حـەوزە گەورەش » لە داوێنێتی. بەداخەوە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدە، واتا سەد ساڵێک لـەمەوپێش « سیف الدین خـان » ی سـەردار موکـری لە سـەر گردەکە قـەڵایەکـی گەورە و گـرانـی دانا(٦٤) کە زۆر شوێنەواری مێژوویی‌ی گرینگی پێ لەناو برد و ئێستاش زۆر قسەوباسی ئەو شوێنەوارە دۆزراوانە لە سەر زاری خەڵکی بە ساڵاچووی شارەکە هەر ماوە، هەرچەندە قەڵاکە خۆی ڕووخاوە و لەناو چووە. لەم چەند ساڵەی دواییشدا پاسداران بـنکـەیەکی چاودێریی سوپایی‌یان لە شوێنی قەڵاکەی سەردار دروست کرد کە ئەمەش ئەوەندەی تر پەکی شوێنەکەی خست و هیوای تۆژینەوەکانی دوا ڕۆژی لە ناو برد. سەرەڕای ئەوانە هەر ئەو زانیارییە کەمەی کە ئێستا لە بارەی مێژووی بۆکانەوە بەدەستمانەوەیە ئەوە دەگەیەنێ کە ڕابردووی ژیان و شارستانییەت لە بۆکان زۆر کۆنتـرە لە سـەردەمی ئەشکانی و ساسانی(٦٥)تەنیا چەند مەترێک لە داوێنی باشـووری قـەڵاو لەسـەر گـۆلی مـەردانـبەگ، ژوورێکی دەستکردی بەردین دۆزراوەتەوە کە بە شێوەی بینا یان شوێنەوارێکی مادییە. ئەم ژوورە ئێستا کەوتۆتە ناو ماڵی یەکێ لە بنەماڵە ناو بەدەرەوەکانی بۆکان و لە سەردەمی منداڵیی مندا دۆزرایەوە، بەڵام تا ئێستا لە هیچ کوێ باسی لێوە نەکراوە و نەناسراوە. گردی ئاوایی « قەڵایچی» و ئەشکەوت یان بینای بەردینی « ئاغجەیوان » و « بی‌بی‌کەند » و « فەرهاد تاش »ی گوندی « سماقان » و زۆر شوێنی دیکەی ناوچەکە لە باری بینا درووست کردنەوە شوێنەواری مادین.(٦٦)

ئەم بەڵگانە بەسەر یەکەوە پەیوەندیی شاری بۆکان و نـاوچەی دەوروبـەری لـە گـەڵ سـەردەمـێک دەگـەیـەنن کـە خوای « ئەهورامزدا » هێشتا جێی خوای « بەغ »ی نەگرتبووەوە و ئەگەر ئایینی زەردەشتیش بڵاو بووبووەوە، ڕێز و ئیحترامی خوای « بەگە » لە جێی خۆی مابوو و نیازێک بە گۆڕینی ناوی شاری بۆکان کە لە پەیوەندی خوای « بەگە »دا دانرا بوو، نەدەبینرا. لە مەڕ ئەو ئاڵ و گۆڕەش وا بەسەر وشەکەدا هاتووە ( لە « بەکان » ەوە بۆتە بۆکان »)، دەبێ بووترێ گۆڕانی پیتێکی بزوێن شتێکی ئاسایی‌یە و وشەی کۆن ئاڵ و گۆڕی زۆر لەوە زیاتری بەسەردا دێت بە تایبەت لە مێژوویەکی دوور و درێژی چەند هەزارساڵەدا.لێرەدا پێویستە ئاشێرە بە نوکتەیەک بکرێ : ئازەربایجانییەکانی ناوچەی موکریان و تەورێز، ئێستاش ناوی «بۆکان » بە شێوەی «بەکان» دەبەن و ئەمە ڕەنگە ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆندا بێت. ئەگەر ناوەکە لە زمانی کوردیدا، بە پێی بارودۆخی تایبەتیی زمانەوانی گۆڕابێت، لە زمانی ئازەربایجانی و دوور نییە لە زمانی« ئازەریێی کۆن»یشدا هەر لە شێوەی کۆنی خۆیدا مابێتەوە. بەداخەوە ئەمڕۆ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر زمانی « ئازەریی کۆن » کە جیاواز بووە لە ئازەربایجانی و تورکی، بە دەستەوە نییە تا یارمەتیی باسەکەی ئێمە بدات. بۆ چەسپاندنی زیاتری بۆچوونەکەمان لە مەڕ بنەچەکی ناوی « بۆکان »، پێویستە ئاوڕێک لە ناوچەکە و گوندەکانی دەوروبەری بدەینەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و نزیک بە «تیکانتەپەی هەوشار » (= تیکاب )، ئاورگەیەکی بەناوبانگی مێژوویی لێ بووە کە ئاسەواری ئێستاش هەر ماوە. ئاورگەی « ئازەر، گوشەسب » یان « ئازەر گوش نەسەب » یان « ئاورگەی شاهی » کە زیاتر هەر بە ناوە گشتییەکەی ئاورگە ، واتە « شیز » ناسراوە لە سەردەمی ساسانییەکاندا (٢٢٤ ـ ٦٥٢ ز ) یەکێک بووە لە

گرنگترین ئاورگەکانی ئێران و شاهانی ساسانی کە لە تیسفوونەوە هاتوونەتە زیارەتی.

ئەم ئاورگەیە لە نزیک شارێکی مێژوویی دروست کراوە کە ئێمە بە ناوی « گەنجەک » یان « گەنزەک » ەوە ئەیناسین.(٦٧) « خوسرەوی پەرویز » شای ساسانی کاتێ لە ساڵی ٦٢٣ی زایینی لەبەر « هیراکلیۆس »ی ئیمپراتۆری ڕۆم هەڵات و پەنای هێنایە « شیز » لەوێ چاوەڕوانی هاتنی « شاهین » و « شاربەراز » ی سەردارانی سوپاکەی خۆی بوو. ئاوەدانی ئاورگەکە لە سەردەمی ساسانییەکاندا دژ بەوە ناوەستێ کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر. نووسەری کتێبی « مێژووی ژیانی ئابووری گوندنشین و چینە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دەڵێ : " لە سەردەمی کۆنتردا « تثلیث » واتە سێ خودایی « ئەهورامزدا و میهر و ئاناهیتا » ئایینی خەڵک بووە و ئاگر پەرستی بەتایبەت پەیوەندیی بە خوای ئاناهیتاوە بووە ".(٦٨) بەم پێیە ئێمە دەبێ لە ژێر خۆڵەمێشی ئاورگەکانا کە تا ئێستا هەر بەناوی زەردەشتییەکانەوە ناسراون، شوێنی شارستانییەتی کۆنتر هەڵگرین. ئەویش لە ناوچەیەکی کۆنی وەک بۆکاندا کە دەیان شوێنەواری سەردەمی ماد و ماننای لێ شاردراوەتەوە. بۆ نموونە با سەیرێکی گوندی « بۆگەبەسی » بکەین کە پانزدە کیلۆمەترێک کەوتۆتە باشووری شاری بۆکانەوە. ئیبراهیم پووردااوود دەڵێ : " وشەی «بەگ» یەکەم جار لە شێوەی « بەیت بەگی» یان « بەیت بەگەیا »دا بینراوە کە ناوی شارێکی ماد بووە و سارگۆنی ئاشووری لە لەشکرکێشانەکەیدا بۆ سەر خاکی ئورارتو و ماننا یادی لێوە دەکات. " ( ٧١٦ - ٧١٥ پ. ز )(٦٩) بەشی یەکەمی ئەم ناوە بە ڕاشکاوی وشەیەکی ئاشوورییە و لە گەڵ بەگی یان بەگەیا، واتای «ماڵی خوا » دەدات. ئەوەی کە سارگۆن شارەکەی بە شوێنی ماد ناو بردووە و مادەکانیش لە باشووری خاکی ماننا نیشتەجێ بوون و بۆکان بەشێک بووە لە خاکی ماننا، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە قەڵا و گوندی « بۆگەبەسی » لە باشووری بۆکان، هەمان « بێت بەگی » یە و تەپۆڵکە مێژوویی‌یەکەی ناوەڕاستی گوندیش گە ئێستا شوێنی ماڵی ئاغای گوندەکەیە، ڕاستیی بۆچوونەکەمان زیاتر دەچەسپێنێ. گوندی « بی‌بی کەند » لە ڕۆژهەڵاتی بۆکاندا جیا لە ئەشکەوتە دەستکردەکەی کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد، هەر ناوەکەیشی شوێنەوارێکی مێژوویی‌یە. ناوی گوندەکە هەرچەندە لە ڕواڵەتی ئێستایدا لە وشەیەکی تورکی دەچێ، بەڵام بە ئاشکرا شوێنی ناوی « بەک »ی پێوە دەبینرێ و لام وایە لەکۆنا دەبێ « بەی‌کەند » یان « بەی‌کەن » بووبێت کە دوای سەلجووقییەکان و مەغۆلییەکان ئەم ئاڵ و گۆڕەی تێدا وەدی هاتبێت. ناوی کۆنی شاری « ساین قەڵا » ش لە ڕۆژهەڵاتی باکووری بۆکاندا جێی سەرنجە. ناوی ئەم شارە لە سەردەمی ماننا کادا و هێرشی سارگۆنی دووەمدا ، « ئەوکان » بووە و هەر بەم شێوەیەش لە تەقویمی ئاشوورییەکاندا هاتووە. هەرچەندە دۆزینەوەی پەیوەندی ئەم ناوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام گەرای بیرکردنەوەیەک دەخاتە مێشکەوە و سەرنج بەرەو وشەی« وەک» یان « بەک » ڕادەکێشێ کە دەبێ دوور نەبێ لەو باسەی ئێمە لە مەڕ بۆکان. بۆ ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە مێژوویی‌یە لەسەر ناوە کۆنەکانی ناوچەی بۆکان زیاتر بچەسپێنین، با سەیری ناوی گوندێکی دیکە بکەین.

« قوڕەبەراز » گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی بۆکان و سەر ڕێگای ئاورگەی « ئازەرگوش نەسەب » کە ئێستا بە «تەختی سولەیمان» دەناسرێ. ڕواڵەتی ئێستای ناوەکە، شتێکی ئەوتۆمان نادا بە دەستەوە، مەگەر بیخەینە چوارچێوەی مێژووی ناوچەکەوە. «خوسرەو پەرویز » ی شای ساسانی وەک وتمان ڕوو لە دۆست و پشت لە دوژمن، لە بەر ئیمپراتۆری ڕۆم هەڵات و هات لە « گەنجەک » دانیشت تا « شاهین » و « شار بەراز » ی سەردار لەشکر بێنە هانای و لە ژێر پلاری هیراکلیوس ڕزگاری بکەن. ئایا پەیوەندی ڕاتی ناوی قوڕەبەراز لە گەڵ ناوی « شاربەراز » دا شتێکی دوور لە مەنتیقە؟ بەتایبەت کە ئەو دوو سەردارە دەبوایە لە سنووری ڕۆژئاوای ئێرانەوە بەرەو گەنجەک هاتبایەن و بەسەر گوندی قوڕەبەرازدا تێپەڕیان بکردایە. بە هیوای ئەوەی ئەم شێوە بۆچوونە، هەنگاوێک بێ بەرەو ڕووناکی و سەرەتای کارێکی جیددی بۆ

لێکۆڵینەوەی مێژووی ناوچەکە دامەزرێنێ. داهاتوو دەبێ زۆر شتی تاریکی ئەمڕۆ روون بکاتەوە.

## پەراوێزەکان


* إبراهیم أفخمی، تاریخ فرهنگ و أدب مکریان / بۆکان، إنتشارات محمدی، سقز، ص ۱۵.

۱- عباس حقیقی، دیوان حقیقی، إنتشارات صلاح الدین أیوبی، ورمێ، چاپ دوم ۱۳۶۷.

بۆکان، مانای شاری بۆکان بنکەی خانان و سەرداران ( ل. ۱۶۱ ) بووکی شارانە شاری بۆکانێ ( ل. ۱۴۹ ). مامۆستای ئەمر، هەژاریش چاوێکی لەو واتایە بووە، کاتێ لە شیعری « بەرەو موکریان » دا ئەفەرموێ :

« شاری بۆکان وەکو بووکان جوانە ». بڕوانە : هەژار، بۆ کوردستان، چاپی سێهەم، تاران ۱۳۵۸.

۲- فورسی کۆن یان فارسیی قەدیم، زمانی بەردنووسەکانی هەخامەنیشییە و بە زمانێک دەوترێ کە لە سەردەمی هەخامەنیشییەکاندا ( ۵۵۹ - ۳۲۱ پ. ز. ) قسەی پێ کراوە. دەوترێ کە زمانی مادەکان جیاوازییەکی زۆری لە گەڵ ئەم زمانەدا نەبووە.

۳- زمانی پەهلەوی یان فورسی ناوەنجی دەکرێ بە دوو بەشەوە :

- پەهلەویی ئەشکانی (۲۵۰ پ. ز تا ۲۶۰ی زایینی)
- پەهلەویی ساسانی ( ۲۲۴ تا ۶۵۲ی زایینی )

۴- إبراهیم پورداود، پنجاه گفتار پورداود، به کوشش مرتضی گرجی، إنتشارات أمیر کبیر، تهران، ۱۳۴۳، مقاله « بغ »، صص ۴۰۱ تا ۴۲۶.

۵- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۶- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۷- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۸- عەلائوددین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف. بەغدا، ۱۹۵۲، ل :۳۱.

۹- لغت نامه دهخدا، زیر نظر دکتر محمد معین و دکتر سید جعفر شهیدی ، تهران ۱۳۴۸، مادەی « بغ ».

10- Mary Boyce, A History of Zoroas+trianism, Leiden / Köln, 1957, Vol. 1, pp23, 58, 196, Vol. 2, pp.7, 15, 139, 143.

۱۱- دکتر بهرام فرهوشی ، فرهنگ پهلوی، إنتشارات بنیاد فرهنگ إیران، تهران، ۱۳۴۶، بغ.

۱۲- دکتر أحمد تفضلی، واژەنامەء مینوی خرد، إنتشارات بنیاد فرهنگ إیران، ؟، ۱۳۴۸، بەغان.

۱۳- سارگۆنی دووەم لە نێوان ساڵانی ۷۰۵ تا ۷۲۱ ی پێش زایینیدا شایەتیی کرد و لە ساڵانی ۷۱۵ و ۷۱۶ دا لەشکری کێشایە سەر خاکی ماننا و ئورارتو.

۱۴- محمد تقی ( ملک الشعراء ) بهار، سبک شناسی یا تاریخ تطور نثر فارسی، چ أول، تهران، چاپ خودکار، پەراوێزی صص. ۳۱ و ۳۲.

۱۵- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۱۶- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۱۷- ایاتکار زریران / یادگار زریر، نامیلکەیەکە بە زمانی پەهلەویی ساسانی و باسی شەڕی « زەریر » برای گوشتاسب ( شای کەیانی ) لە گەڵ دوژمنانی ئایینی زەردەشتیدا دەکات .

۱۸- محمد تقی ( ملک الشعراء ) بهار، پێشوو.

۱۹- دائره المعارف فارسی، به سرپرستی دکتر غلامحسین مصاحب، چ أول، کتابهای جیبی، تهران، ۱۳۴۵، بغ.

۲۰- محمد معین، فرهنگ فارسی (۶جلدی)، چاپ هفتم، أمیر کبیر، تهران، ۱۳۶۴.

۲۱- عبدالرشید بن عبدالغفور الحسینی مدنی تقوی، فرهنگ رشیدی، به تصحیح تحقیق محمد عباسی، کتابفروشی بارانی، تهران،؟.

۲۲- محمد حسین بن خلف تبریزی متخلص به برهان، برهان قاطع، تصحیح دکتر محمد معین، چاپ دوم، إبن سینا، تهران، ۱۳۴۲، بغ.

۲۳- نواب عزیز جنگ بهادر، آصف اللغات، عزیز المطابع، حیدر آباد دکن، ۱۳۲۳ هجری، بغ.

۲۴- فرهنگ رشیدی، پێشوو، بغ.

۲۵- إبراهیم پورداود، پێشوو.

۲۶- أحمد کسروی تبریزی، کاروند کسروی ( مجموعه ۷۸ رساله و گفتار ) به کوشش یحیی ذکاء، إنتشارات جیبی، تهران، ۱۳۵۲، مقالهء « باکو » صص ۳۷ به بعد.

۲۷- ئاران، ئالان و ئالبانی بە ئازەربایجانی باکوور

دەوترا.
٢٨- أحمد كسروی، پێشوو، صص ٤٠٤ - ٤١١.
٢٩- أحمد كسروی، پێشوو، صص ٤٠٤ - ٤١١.
٣٠- أحمد كسروی، پێشوو.
٣١ تا ٣٥ ئیبراهیم پووړداوود، پێشوو.
٣٦- بەداخەوە نووسەرە کوردەکان لەسەر واتاکردنەوەی وشەی
« ئەردەڵان » تووشی هەڵەی زل بوون. مامۆستای وردبین عەلائوددین سەجادی ڕیشەی وشەکە دەباتەوە سەر « ئارد » و واتای « شوێنی ئارد » ی پێ دەبەخشێ ( مێژووی ئەدەبی کوردی، ل. ٣٧٦ ). هەمان هەڵە، « وانكۆ كوردستانی » لە گۆڤاری ئاوێنەدا دووپاتی دەکاتەوە (ئاوێنە، ژمارە ١، ١٣٦٨هـ). لە کاتێکدا هەردوو دەیانتوانی سەرنجێکی پێشگری «ئەرد» بدەن لە وشەگەلی « ئەردەشیر » و « ئەردەوان » و ... دا. ئەم پێشگرە لە گەڵ ناوی زۆرێک لە شاهانی ئەشکانی و ساسانیدا هاتووە و واتای پیرۆزی هەیە. دوکتور « بهرام فرەوشی » لە کتێبی «إیرانویچ » دا دەنووسێ : « ئێمە دەتوانین وشەی « ئەردەلان» بە شێوە کۆنەکەی خۆی، واتە « ئەرتەلان » ساغ بکەینەوە و بڵێین « ئەرتەران » (Art – aran) واتە ئێرانی پیرۆز. بڕوانە. : دکتر بهرام فرەوشی، إیرانویچ، إنتشارات دانشگاه تهران، ١٣٦٥.
٣٧ تا ٣٨ محمد تقی بهار( ملک الشعراء) ) پێشوو.
٣٩- دکتر محمد معین، فرهنگ معین، پێشوو.
٤٠ تا ٥١ إبراهیم پورداود، پێشوو.
٥٢- إیرج أسکندری، درتاریکی هزارها (روند فروپاشی جامعه بدوی و تشکیل نخستین دولت در سرزمین إیران )، ؟ ١٩٨٤، پیشگفتار.
٥٣- « منظومەی زاگروس »، قەوقازی و ئاسیانی، سێ ناژناون بەو هۆزانە دەدرێن لە ناوچەکەدا کە هێشتا ڕوون نەبۆتەوە کە ئاری بن یان نە.
٥٤- محمد أمین زکی، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، جلدی أول ( لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری نادرشا) ، چاپخانەی دار السلام، بغداد، ١٩٣١، ل : ٦٤.
٥٥- دکتر عبدالحسین زرین کوب، تاریخ مردم إیران ( کشمکش با قدرتها )، أمیر کبیر، تهران، ١٣٦٤، ص. ٧٧.

56–The New Encyclopedia Britanica, 15 th, edition, 1977, 'Mannaeans'
٥٧- رحیم رئیس نیا، آزربایجان در سیر تاریخ إیران . أز آغاز تا إسلام، بخش أول، تبریز، إنتشارات نیما، زمستان ١٣٦٨، ص. ٢٣٤.
٥٨ و ٥٩- رحیم رئیس نیا، پیشو، صص. ١٩٨ - ٢٠٩.
٦٠- غلامرضا أنصاف پور، تاریخ زیندگی إقتصادی روستائیان وطبقات إجتماعی إیران أز دوران ما قبل تاریخی تا پایان ساسانیان، شرکت سهامی إنتشار، تهران، ١٣٥٢، ص. ٢٤٨.
٦١- إبراهیم أفخمی، سەرچاوەی پێشوو، ص. ١٥ تا ١٨.
٦٢- کەسرەوی، پێشوو.
٦٣- لە مەڕ پاشگری « ان » بە واتای شوێن و جێگا. بروانە محمد علی سلطانی، جغرافیای تاریخی وتاریخ مفصل کرمانشاهان، تهران، ١٣٧٠، ص. ٦٥.
٦٤- إبراهیم أفخمی، پێشوو، صص: ١٧٥و ١٧٦.
٦٥- إبراهیم أفخمی، پێشوو، ل. ١٥ : « بۆکان، مۆڵگەی سوپای ئەشکانی و ساسانی بووە».
٦٦- پاش هەڵکۆڵینی تەپی قەڵاێچی لە لایەن ئیدارەی « حفظ و أحیای میراث فرهنگی وەزارەتی آموزش و پرورش» ی ئێران
(ساڵی ١٩٨٧ز ) بە شێوەی ڕەسمی ڕاگەیەندرا کە ئەو شوێنەوارانەی لێی دۆزراونەتەوە و هەروەها شێوەی بینا لەو شوێنەدا، لە گەڵ هونەر و کاری سەردەمی «حەسەنلو »ی نەغەدە و « زیویە » ی سەقزدا یەک دەگرنەوە. ئێمەیش دەزانین کە هەردوو ئەم شوێنانە، ناوەندی هونەری «ماننایی » بوون کە شوێنی هونەری « سەکایی » شیان لە سەرە. گۆڤاری «دانستنیها» ژمارە ١٩، خاکەلێوەی ١٣٦٦هـ. وەرگیراو لە : إبراهیم أفخمی، پێشوو، ل. ٦٩.
٦٧- شاری گەزەن یان گەزنەک ( کە بە عەرەبی کراوەکەی دەبێتە «جزن » یان « جزنق » ئەوتریێ کە شوێنی لەدایک بوونی زەردەشت بووە.
٦٨- غلامرضا أنصافپور، پێشوو.
٦٩- إبراهیم پورداود، پێشوو.

# ڕانانی کتێبان

## سەرنجێکی ڕەخنەگرانە
# لە مێژووی سیاسیمان

***** یووسف زەنگەنە *****

ئاسی ڕەباتی : هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی باشووری کوردستان، چاپی دووەم ، ١٩٩٠، ١٢٩ ل.

کرمانج گوندی ( کەریمی سەعید مەصیفی ) : سێ ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران - سوێد - نۆڤەمبەر - ١٩٩٠ - ٢١٧ ل

" تف بەرەو ئاسمان هەڵبدەین بەر سمێڵمان دەکەوێت - بەرەو زەویی بهاوێژین بەر ڕیشمان " ئەم پەندە پێشینانە، بە داخەوە بووە بە پەیڕەو و پرۆگرام و وێردی سەر زمانی زۆربەی زۆری ڕامیار و ڕووناکبیر و زانیارانی بێلایەن و ترسنۆکی کورد و پەیتا پەیتا دوو پاتی دەکەنەوە، لە کاتێکدا دوو دوو و سێ سێ سەر بە یەکدا دەکەن و پسە پس دەخوێنن بە گوێی یەکدا. دەربارەی بزووتنەوە و شۆڕش و پارت و ڕێکخراوەکانی کورد و ڕابەرانیان دەدوێن. ئەگەر مرۆڤێکیش پرسیاریان لێ بکات یا پێیان بڵێت " ئەگەر وایە بۆ قسە ناکەیت ؟ بۆ نانووسیت ؟ بۆ پێیان ناڵێیت؟ بۆ کۆڕ ناگێڕێت؟ " لە وەڵامدا وەک دەمانچەی لە سەر پێ ئەو پەندە ئەزبەرکراوەی سەرەوە، بە بێ بیر کردنەوە هێندە پێی ڕاهاتوون - دێتە سەر زمانیان و تەق دەینووسێنن بە نێو چاوانی پرسیارکەرەوە. ئەگەر هات و وا ڕێک کەوت مرۆڤێکی تر، ڕازێک، نیازێک، ڕەخنەیەکی دەربڕی - بەر لەوەی نووکە خەنجەر و - بەیانات و کلاشینکۆفی ڕابەرانی پارتەکان بکەوێتە کار، زمانی لە قاق دراوی ئەم ترسنۆکانە وەک (جەنجەڕ) دەکەوێتە کار و وەک مەکینە بەر دەبێتە خولانەوە بە نێو دەمیاندا و کەفی وەک کەفی ڕووباری دوای سەیل لە کەناری لێوە بە لەرزەکانیاندا کۆ دەبێتەوە و دەڵێن " کابرا بە دوای قەرتەنەدا دەگەڕێ، سەر بە گۆیەنە، سەری لە لەشی زیادی کردووە، «ئەنجەڵی» هاتووە، بەڵام هەمیشە بە داخەوە ئەو ترسنۆکانە نە تەنیا «ئەنجەڵیان» هاتووە، بەڵکە لە مێژیشدا «عیزرائیل» گیانی لە لەشیان وەدەر هێناوە و مردوون. بەڵام خۆیان ئاگایان لەخۆیان نییە و بە ناڕەوایی تۆشەی زیندووان دەخۆن. مرۆڤێک نەتوانێت لە ئاستی ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتە دڵتەزێن و ناڕەوایانەی بە سەر میللەتەکەیدا دێت و زۆربەی لە لایەن ڕابەران و پارتەکانی خودی میللەتەکەوە، دەنگ دەربڕێت و هاوار بکات و پەنجە بکات بە چاویاندا، ئیتر کەی زیندووە و کەی بوونی هەیە. پێشینان دەڵێن " ئەوەی دەنگی نەبێ ڕەنگیشی نییە"، کەواتە مردوون - خۆیان پێی نازانن. کاک ئاسی ڕەباتی گوتەنی « لە بێ خەبەران کەشکەک سەڵەوات » .

ئەوەی جێی دڵشادی و سەربەرزی و هومێد پەیدا کردنە، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژاوادا، تەختی تەلەسم کراوی ترسنۆکی لەرزەی تێکەوتووە و لاقەکانی لە شکاندایە و خۆیشی لە کەوتن و هەڵوەشاندایە. شۆڕەسواری ئەم شەڕە گرنگە، لە لاوانی چاو نەترسی نەتەوەکەمانن، بێگومان، نە تەنیا ئەم جارە و لەم شەڕەدا، بەڵکە لە شەڕی چەکداریشدا هەمیشە لاوان بوون کە تۆشەی ئاگری شەڕی ڕۆژانە بوون و شاعیر گوتەنی هەمیشە لاوانیش بوون بە "عیشق چوونە بەرەو پیریی مەرگەوە". ئەم جارەیش لاوانن کە دیواری ئاسنینی بێدەنگییان شکاندووە و هاتوونەتە مەیدانەوە و لە بریتی نووکە خەنجەر و پەنجە نووکی خامەی ئاگرین دەکەن بە چاوی میللەت فرۆش و میللەت فریودەراندا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە دواکەوتن و تێشکان و ڕووخانی شۆڕشەکانی کورد دوو هۆی سەرەکیی هەیە : یەکەم هۆ بێئاگایی ی ڕابەرانە لە مێژووی بزووتنەوەکان و شۆڕشەکانی ڕابردووی کورد.

دووەم هۆ : ڕێ نەدان بە ڕەخنەو گوێ نەدان بە ڕەخنەگران کە دووەمیان نەخۆشییەکە کە لە سەردەمی کۆنەوە باوە و یەخەگیری ڕابەران بووە و وەک کاک ئاسی ڕەباتی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا باسی دەکات ئەحمەدی خانیش ئەم خەمە گەورەیەی درکاندووە و ۳۰۰ ساڵ لەمەوبەر سەرۆک و میرە کوردەکانی تاوانبار کردووە کە چاویان لە پلەوپایەیە و شێوەنیشی بۆ ڕۆژناکبیران کردووە کە دەسەڵاتیان نییە و ماوەی ڕادەربڕینیان نادرێتێ.

بێگومان ئەو دوو هۆیەش ئەگەر ڕابەری دڵسۆز دەست بکەوێت، یەکەمیان ـ بە کەمێک چاوخشاندن بە لاپەڕەکانی ڕابردووی نووسراوو نەنووسراوی شۆڕشەکانی کورد و نەتەوەکانی دەوروبەری نزیک و دووردا، چارەسەر دەکرێت. دووەمیشیان بە کەمێک گوێ ڕایەڵ کردن بۆ ڕەخنەگران و شارەزایان و ئامۆژگاری کەرانی ڕامیاری و جەنگی و ئابووری. بەڵام ئەوەی جێی داخە ڕابەرانی کورد هەر لە سەرەتاوە ئەم دوو هۆیە سەرەکییەیان لە بەر چاو نەگرتووە و پشت گوێیان خستووە و بایەخیان پێی نەداوە، خۆیان و بیروڕای کۆن و تەنگ و تەسکی خۆیان بە گرنگترین سەرچاوە لە قەڵەم داوە و بە گوێرەی ئەوە ڕەفتار و کرداریان کردووە، ئیتر بە لایانەوە گرنگ نەبووە لە سوودی کۆمەڵدا بووە، یا زیانی. لەم بارەوە زۆرتر نادوێم چونکە ئەم دوو هۆ هەرە گرنگە پشت گوێ نەخراوە و لە لایەن کاک کرمانج گوندییەوە چی لە سەرەتای کتێبەکەیدا، چی لە کۆتایی یەکەیدا باس کراوە و شی کراوەتەوە، ئەوجا " کەسێ کەس بێ ئەلفیکی بەس بێ ". بۆ گەڕانەوە بۆ سەر باسی مەبەست ، دەڵێم، پێشڕەوی ئەو لاوانەی کە باسم لێیان کرد و شۆڕەسواری مەیدانی ئەم شەڕە گرنگە؛ شەڕی ڕەخنە و قەڵەم کاک ئاسی ڕەباتی و کاک کرمانج گوندی ( کەریم سەعید مەصیفی ) ن، یەکەمیان، بەم چەکە بە هێزەوە هاتۆتە مەیدانەوە: { هەڵوێستی یەکێتی و تاڵەبانی دەربارەی شۆڕشی کوردستانی باشوور، بەشی یەکەم،

چاپی دووەم ، سوێد، ۱۹۹۰، ۱۲۹ لاپەڕە}. دووەمیان

{ کرمانج گوندی : سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، سوێد، نۆڤەمبەر ۱۹۹۰، ۲۱۷ لاپەڕە } مەبەستم لەم پێدا چوونەوە ئەوەیە : یەکەم : هاندانێک و پشتگیرییەک بێت لە نووسەران بۆ ئەو ئەرکە گرنگە کە گرتوویانەتە ئەستۆی خۆیان، دەزانم وەکو دڵدارێ کە چاوەڕوانی هاتنی نامە یا چاوپێکەوتنی یار بێت، ئەوانیش هەر ئاوا چاوەڕوانی پشتیوانی و بیروڕا و هاندانی ئەندامانی نەتەوەکەمانن لە سەر نووسینەکانیان، چونکە دوو جار منیش بەم قۆناغە گرنگ و پڕ مەترسییەدا تێپەڕ بووم. جارێک بە نووسینی " کلاسیک و تازە کلاسیک لە جاشایەتیدا " هاتمە مەیدانەوە، کە لە ئاکامدا جەلالییەکان قاچیان بە گوللە شکاندم ـ جارێکیش لە ۱۹۷۳دا، لە ناوچەی ڕزگارکراو بە نووسینی " با ڕەشمەکەی بە دەستی خۆمانەوە بێت " کە دژ بە هاتنە نێوەوەی سوپای ئێران بوو، بۆ کوردستان و دەستخستنە سەر شۆڕشیان. ئەویش ئاکامەکەی (نفی) بوو، بۆ ناوچەی بادینان و بەڵێندان کە لەو ناوچەیەدا بیبڕاییبڕ باسی کوردایەتی و ڕامیاری نەکەم. بێگومان بەڵێنەکەم هەر ئەوەندەی خایاند کە لەسەر پشتی ئەسپ بووم و ڕێگام دەبڕی. لە یەکەم قۆناخی پشوودانمدا شکاندم و دیسان دەستم کرد بە هەڵگیرساندنەوەی مەشخەڵێک کە هەرگیز فووی دیکتاتۆرییەت و ڕابەرانی بە هەڵەداچوو و تاقمە کەڕ و کوێرەکانیان نایکوژێنێتەوە، لێرەدا شایانە بگوترێ کاک ئاسی ڕەباتی، زۆر کارێکی جوانی کردووە کە چەند دێڕێکی لە نووسینەکانی "مامۆستا مەسعوود محەمەد" هێناوەتەوە دەربارەی « إلتزام » لاپەڕە (٦). بێگومان من دژ بە « إلتزام» بە بەڵێنەوە نیم بەڵام تا وەختێک ئەوانەی بەڵێنیان پێ دەدەم، ڕاست بن و بە هەڵەدا نەچووبن و دەستیان بە فڕو فێڵ و خۆ فرۆشتن و کورد فرۆشتن بەملاو ئەولا، لەم بازار و ئەو بازاڕ نەکردبێ، کە کردیان لەو کاتەدا نە هەر « إلتزام » هەڵدەوەشێنمەوە بەڵکو کاغەزی بەڵێنەکانیش دەدڕێنم و پێشێل دەکەم. هومێدەوارم هەموو هەر وابن و نووسینەکەی مامۆستا مەسعوود محەمەد حەڵقەی گوێمان بێت.

دووەم : لە بەر گرنگیی کتێبەکان و دەوڵەمەندبوونیان، دووبارە ناساندنیان بێت بە خوێنەرانی هێژا، بە تایبەت ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەک چاویان پێیان نەکەوتووە و لە خوێندنەوەیان بێبەشن. هومێدەوارم شارەزایانی کتێب

بایەخێکی گرنگ بە « پێداچوونەوەی کتێبدا » بدەن، چونکە بە ڕاستی کارێکی پێویستە و کتێبخانەی کوردیش هەژارە لەم ڕووەوە.

هەردوو کتێبەکە لەوە بە نرخترن کە مرۆڤ بتوانێت بڵێت، کامیان لەوی تر چاکتر و دەوڵەمەندترە. هەردوو کتێبەکە یەک ڕێبازیان گرتۆتە بەر، دڵسۆزانە ڕەخنەگرتنە لە کردەوەی پارت و بزووتنەوەکانی کورد، ئەگەرچی پارتەکان ئێسک و گۆشتی کوردیان شکاندبێ، هەنجاندبێ و هاڕیبێت، بەڵام ئەمان هەرگیز ئەو کارەیان بە پارتەکان نەکردووە. ئەگەر جاروبار گۆشتیان خواردبێ، لەبەر ئەوەی دۆستن هەرگیز ئێسقانیان نەشکاندووە. لە پاشان دڵەکانیشیان تیمار کردووە، ئەگەر لە شوێنێکا دڵێکیان شکاندبێ و بریندار کردبێ، هەڵوێستیان، چارەسەرکردنە، هەڵە ڕاستکردنەوەیە، ڕێنیشاندانە، میللەت ڕزگار کردنە لەوەی، گوێ بەستراو، چاو داپۆشراو، زمان لە قاق دراو نەکەونە شوێن هەموو زوڕناژەن و دەهۆڵ کوتێک، کە لە هەر کاتێکدا خۆی پێی خۆشە ڕیتمی ئاهەنگەکەی دەگۆڕێت، شلی دەکاتەوە یا توند.

کتێبەکەی کاک کرمانج زۆر لە کارێکی " لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی" دەچێت، چونکە بە پێش باس دەستی پێ کردووە، بە ئەنجام وەرگرتن کۆتایی پێ هێناوە، پێڕستێکی ڕێک و پێک و لیستەی سەرچاوەکان (ژێدەرەکان) یشی تێدایە. بەڵام لیستەکە دەبوایە کەمێک زۆرتر ڕوون بکرێتەوە، بە تایبەت کاتێک ڕۆژنامەیەک دەستنیشان دەکات، لە بەر ئەوەی هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەک پڕە لە بابەتی ڕەنگاوڕەنگ، دەبێت بگوترێت لە فلان ڕۆژنامەدا، ژمارەی ئەوەندە، فلان نووسین فلان نووسەر، فلان لاپەڕەی نووسینەکە، فلان (عمود) ئەگەر ڕۆژنامە بێت، فلان پەرەگراف ئەگەر گۆڤار بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر نووسەرێکی تر ویستی لە سەرچاوەکان کەڵک وەربگرێت، بەئاسانی بتوانێت دەستی پێیان بگات.

کاک کرمانج بابەتەکانی ورد ورد دابەش کردووە، لە بەر جیاواز بوون و جۆراوجۆر بوونی باسەکان، بەڵام کاک ئاسی کەمتر، چونکە باسەکەی بە درێژی تەنیا لە سەر یەک لایەن لە لایەنە کوردییەکان نووسراوەتەوە، کە ئەویش لایەنی یەکێتیی نیشتمانییە. کاک ئاسی پێشەکی کتێبەکەی بە خەمەکانی " خانی "ی نەمر دەست پێ کردووە و نموونەیەکی جوانی بۆ درۆ و دەلەسەکانی سەرانی شۆڕش هێناوەتەوە. " خەسن و خەسین، هەرسێکیان کچی معاویەن ". هەڵوێستی نارێکی ڕابەرانی کوردیش دەربارەی ڕەخنەگرانیشی لەبیر نەکردووە، هەڵوێستی وڵاتانی بەنێو دۆستیش لایەنێکی تری باسەکەیەتی. زۆر لەوەش دەترسێ کە ڕابەران یا ئاشەوانانی ئاش بەتاڵکەر و دۆڕاو جارێکی تر بێنە مەیدانەوە و بکەونە ئاش گێڕان و خەڵک فریودان و دەروێش کۆکردنەوە، بۆیە کوتوپڕ کەوتووەتە کۆکردنەوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەی و بڵاوکردنەوەی. تا خەڵکی ڕەش و ڕووتی کورد لەوانە بپارێزێت.

کاک کرمانج پێش باسەکەی بە هەرەسی ڕووخانی سەرکردایەتیی شۆڕشی (ئەیلوول) لەبەهاری ١٩٧٥ دا دەست پێ دەکات و ڕۆڵی ئەو " لە ئاوی لێخن (لێل) ماسی گرانە " پێشان دەدات کە دوای هەرەسەکە چوونە پێستی شێرەوە و خۆیان هاویشتە گۆڕەپانی بۆش و بەتاڵەوە، وەک ( ینک) و لە بەرانبەریشیدا (سک)، چی لەڕقەبەری لە گەڵیاندا، چی لەبەر ئەوەی لە کاروان بەجێ نەمێنن. بێگومان (سک) یانی سەرکردایەتی کاتی کە ئەندامانی دەزگای پاراستن، دڵسۆزانی شۆڕش داپڵۆسێنەر هێنایانە بوون، ( ینک) یش هەر جەلالییە کۆنەکەیە، بەڵام نە بە نێوە کلاسیکییەکەیەوە، بەڵکە بە نێوێکی تازە کلاسیکەوە. جگە لە چەندین پارت و ڕێکخراوی تریش کە خۆی بە کورتی و بە درێژیی باسی لێیان کردووە.

ئەو هەموو پارت و ڕێکخروانە لە کاتێکدا هاتنە بوون کە

ئەو قۆناخەی مێژووی سیاسیی کورد بە هیچ شێوەیەک پێویستیی پێیان نەبوو، بزووتنەوەکە بە کاتێکدا تێدەپەڕی کە " دەست لێ نەدانی چێتر بوو " لەوەی دەستکاریی بکرێت و ئەم بەسەرهاتەی بێتە سەر کە بە چاوی بێ زەرەبینی خۆمان دەیبینین. لە پاشان کاک کرمانج زۆر وەستایانە باسی ڕۆڵی مێژوو دەکات و بێ ئاگاییی ڕابەران لەم ڕووەوە دەسەلمێنێت. لە باسی براکوژیدا ئەم پەرەگرافە جوانە دەنووسێت : " لە ئاکامی لووت بەرزی و خۆ بە ئاڵتەرنەتیف زانینی هەر یەکێکی ئەمانە بۆ برا گەورەیی و پشتی تەنگیان لە بەرانبەر یەکدیدا ، تەمەنگێکی کوێری ئەوتۆ درووست بووبوو، ئەگەر ڕۆژانە لاشەی چەندان پێشمەرگەی قووت نەدابا بێنی نەدەهات." کاک ئاسی ناوەڕۆکی کتێبەکەی لە لاپەڕەی هەشتەوە دەست پێ دەکات و باسی ئەو زیانە دەکات کە لە ئەنجامی هەڵە یا ناپاکیی دۆستەوە تووشی مرۆڤ دەبێت و لە لاپەڕە ٩دا دەڵێ : " گەر چاوێک بە ( شەرەفنامە) ی شەرەفخانی بەدلیس و ( شۆڕشەکانی کورد)ی مامۆستا سەجادیدا بخشێنین، دەبینین شۆڕشی نەتەوەی ئێمە گشت لە گشتی هەر یەک ئەنجامی هەبووە، ئەویش ژێرکەوتن و لە پاڵیشیا قەلاچۆ و قڕکردنی بەشێکی زۆری نەتەوەکەمان بووە". لە پاشان هۆیەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران شی دەکاتەوە و دەیخاتە ئەستۆی نەبوونی یەکێتی و بەرنامەی سیاسی کە بە داخەوە هۆی ڕووخانی هەموو شۆڕشەکانی کوردە تا ئەمڕۆ. لە لاپەڕە ١٣دا دەڵێ : " ئەو هەموو کوشتار و ماڵوێرانکارییەی سەردەمی شۆڕشی شێخ سەعید، دوایش شۆڕشی ئیحسان نووری پاشا، سمکۆ، شێخ مەحموود، شێخ ئەحمەدی بارزان، کۆماری مەهاباد... هتد ، با ببنە ئەزموون و تاقیکردنەوە بۆ داهاتوومان. دەربارەی پارت دەڵێت، دەبێت مەرجەکانی پارتایەتیی تێدا هەبێت، ئەگینا وەکو تیپی مۆسیقا و فوتبۆڵ وایە و چەند مەرجێکی جوانی هێناوەتەوە و باسی ئەو فاکتانەشی کردووە کە پارت دادەڕزێنێ و لە پارتایەتیی دەخات. لە لاپەڕەی ١٩ وە باسی دۆخی سیاسیی کرد لە گەڵ ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی عێراقدا دەکات. ئەوەی سەرنج ڕاکێشەرە، دوو گوتەی خوا لێ خۆشبوو بارزانییە دەربارەی ( ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی)، دەربارەی ئیبراهیم ئەحمەد دەڵێ : " برایم هەلپەرستێکە، لە ڕێی بەرژەوەندی خۆیدا کوردستان و نامووسی خۆیشی دەفرۆشێ. بەڵام چی بکەم؟ خەڵکی تر وەک من نایناسن، ئەگەر بڵێم ئەویش دەرکەن، دەڵێن کابرا دیکتاتۆرە." کە جەلال تاڵەبانیش دەنێرێ بۆ بەغدا، بۆ گفتوگۆ، ئەو سەر لە قاهیرەوە دەردەهێنێ، بارزانی دەڵێ : " من نوێنەرم بۆ بەغدا ناردووە نەک پایتەختەکانی دیی عارەب ". بێگومان ئەم دوو کردەوەیەی بارزانی، واتە بێ دەنگ بوونی بەرانبەر ئەم دوو زەلامە کردوویەتی ، یەکجار هەڵە بووە و ئەو هەڵەیەش بووە هۆی ئەوەی کە میکرۆبی ئەو دوو نەخۆشییە کوشندەیە، لە لەشی نەتەوەی کورددا تەشەنە بکات و ئیتر چارەسەر نەکرێت، وەک هەموو نەخۆشییەکی دی کە لە سەرەتاوە چارەسەر نەکرێت، ئیدی چارەسەرکردنی گەلێک سەختە، کاتێک کۆن بێت و لە لەشدا بڵاوە بکات. ئیدی گومانم نییە کە بارزانی قسەکانی سۆنیا خانمیشی لە وەختی خۆیدا گوێ لێ بووە کە لە بارەی جەلالەوە گوتوویەتی، " تاڵەبانی پیسە، ٣ هەزار دیناری لە ئینگلیز وەرگرتووە تا بەکاری بهێنێ بۆ دواخستنی شەڕهەڵگیرساندنەوەی نێوان ئێوە و ڕژێم". لە لاپەڕەی ٣٢ دا گوتەیەکی لە بارزانییەوە هێناوەتەوە کە بەر لە ڕووخانی شۆڕشی ٧٥ گوتوویەتی، " بۆمبا و تۆپ و تانکی دوژمن نەیشکاندین، هۆشتان هەبێ، بە ترومبێل، بە کۆشک و کورسی و پایە و پارە و پوول، دوژمن کێستان لێ نەهێنێ و ئەوەی بە خوێن دەستتان کەوت، بە دینار لێتان نەسێنن. ". ئەم گوتە جوانەی بارزانی کوشک و تەلارەکانی ( عظیمیە) ی کەرەج و ( المزە) ی شام دەهێنێتەوە یاد. پاش ڕووخانی

شۆڕش گەنجی و نەزانیی ڕابەرانی شۆڕش گەیشتبوونە ڕادەیەک کە داردەستێکی وەک شای ئێران بڵێت : ( لاپەڕە ٤٤ ) " من کوردەکانم نەفرۆشتووە، بەڵکە کوردەکان هێشتا خۆیان نەگەیشتبوونە ئەو قۆناغەی بتوانن شۆڕش بکەن و بەردەوام بن لە سەری ". لە کاتێکدا شۆڕشگێڕترین نەتەوەی ڕووی زەمین کوردە، بە داخەوە شۆڕشی کوردیش بوو کە لە سەرەتای مێژوودا فارسە ناسیۆنالیستە کوردکوژەکانی هێنایە سەر کار و هەڵەی ڕابەرانی ئەو سەردەمەیش ئەمانی کرد بە خاوەن تاج و تەخت.

یا چەند ناشیرینە کە خوێنمژێکی وەکو سەدام بڵێت " سئمنا من لعبە المفاوضات ". کە کاک ناسی لە لاپەڕەی ٤٧ دا باسی کردووە. کە جەلال تاڵەبانی دەڵێت : " شۆڕشەکەمان تەنها بە کورد سەرناخرێت ". کاک ناسی لە لاپەڕەی ٥٠ دا پرسیارێکی زۆر جوان ئاراستە دەکات « دیسا تۆ بڵێی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین و لیبیا، یان سووریا و ئێران و سۆڤێت، ڕۆژێک لە ڕۆژان تانک و سەربازمان بۆ دابەزێننە سەر شەقامەکانی دیاربەکر و مەهاباد و هەولێر و سلێمانی و قامیشلی، بۆ ڕزگار کردنمان لە دەست ئەو دوژمنە داگیرکەرانە!! ». نەخێر کاک ناسی گیان ئەگەر لە ڕۆژێکیشدا ئەم کارەیان کرد، بۆ ڕزگارکردنمان نییە، بەڵکە بۆ قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی نێومانە. ئەگەر چی خەیاڵێکی خاوی دوژمنانە و با تاڵەبانیش ئەوە بزانێت، کورد لە دەرگای باڵوێزخانەوە، بارەگای وڵاتانی بێگانە و کڕنۆش بردن بۆ سەرانی کوردکوژ ڕزگار نابێت، ساوەر و نان و دۆ و کوتەک و گاوەسن و فرمێسک و خوێنی کورد، تەنها و تەنها هۆکانی سەرکەوتنی شۆڕشی کوردە، چ درەنگ، چ زوو.

کاک ناسی لە لاپەڕەی ٥٨دا دەڵێ، ئەمبەر و ئەوبەر و شەڕی براکوژی بووە هۆی سووک بوون و نزم بوونەوەی نێوی پێشمەرگە و هاریکاری نەکردنیان لە لایەن دانیشتووانەوە، بۆچوونێکی ڕاستە بەڵام نە هەموو پێشمەرگەیەکیش، ئەوانەی کە بە تەنیا بە جل پێشمەرگە بوون و بە کردەوە لە پاسدار و ( حرس قومی ) و جەندرمە خراپتر بوون. دەربارەی یەک بان و دوو هەوای جەلالییەکانیش چەند نموونەی جوانی هێناوەتەوە جگە لەو نامە نێوان تێکدەرانەی بۆ ئەم و ئەویان نووسیوە. جگە لە نووسینەکەی گۆڤاری (الهدف) ی ژمارە ٧٠٤ ی ٢٦/ ١٢/ ١٩٨٣: « ئێستا ڕوونە کە ئەو قەسابخانە و شەڕانەی ئەم دواییە، یەکێک بوو لەو مەرجانەی کە ( سەدام حوسێن ) بۆ تاڵەبانی دانابوو، سەبارەت بە تۆبەکردنی و گەڕانەوەی بۆ ڕیزی نیشتمانی » . باسی ئەو نامەیەش دەکات کە لە ٢٨ / ٤ / ١٩٧٨ لە مدیری ئەمنی سلێمانییەوە بۆ ( ڕەسووڵ مامەند )ی ڕابەری (حسک) ڕەوانە کراوە. کاک ناسی سەرسامیی خۆی دەردەبڕێ و ڕوو لە تاڵەبانی دەکا و دەڵێ : بەڵێ ئێمەش لامان سەیرە.. ئاخر ئەمانە ناوا خەبات و شۆڕشی نوێیان بۆ کردین. کە سەدام بڵێ « پارتە کوردییەکان ئەگەر خێریان تێدایە با لە نێو خۆیاندا یەک بگرن ». زۆرتر دووڕوویی و فڕوفێڵی جەلال تاڵەبانی لە بەشی ( یەکێتی و یەکێتیی بیروباوەڕ )دا دەردەخات. نامەکەی جەلال بۆ ( عەزیز محەمەد ) ی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی عێراق ، دەنووسێتەوە : ( « من هەمیشە تۆ بە کاک عەزیزی خۆمان دادەنێم کە هانای بۆ دەبەم بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانمان »). ئیتر بزانن جەلال و دان بە هەڵەدا بنێت، ڕێ پیشاندەریشی عەزیز محەمەد بێت!!. وای بۆ میللەتی کورد. کاک ناسی دەربارەی ڕۆڵی (ینک) لە لاپەڕەی ٨٧ دا دەڵێ : " ئەگەر خاوەنی پارتێکی وا هەلپەرست و دووڕوو و ترسنۆک بین، گەر شۆڕشی کورد پارتێکی لەو شێوەیە بیبات بە ڕێوە، کورد بە هیچ ئامانجێک دەگات؟ " هەروەها لە لاپەڕەی ٩٥ دا دەڵێت : " هەڵبەت مەبەستم .... پاکانە کردن و بەرگری کردن نییە، بۆ لایەن و سەرکردە و پارتە سیاسییەکانی دی، نەخێر... ئەوانیش دوور و نزیک تاوانی خۆیان هەیە و هەر یەکە بە جۆرێک و لە بوارێکدا تاوانبارە. " لە دوا وشەکانیدا ڕووی کردۆتە تاڵەبانی و دوستەکانی و دەپرسێ ؛ - " تۆ ویژدانتان، ئەو ئاژاوە و براکوژییەی لە ماوەی ئەو ( ٢٥ ) ساڵەی ڕابردوودا ناتانەوە، بۆ خزمەتی کێ بوو؟ کێ پێی نانەوە؟ " بەڵام کاک ناسی گیان، کوا ویژدان و کام ویژدان ؟.

دەربارەی کتێبەکەی کاک کرمانج، لە بەر ئەوەی بابەتەکانی جۆراوجۆرن، بە پێویستی دەزانم کەمێک درێژە بە نووسینەکەم بدەم، پاش ئەوەی لە سەرەتای ئەم نووسینەدا کەمێ دەربارەی کتێبەکە دواوم، لێرەدا یەک یەک دەچمە نێواخنی سەرباسەکانییەوە و لێیان ورد دەبمەوە.

لە سەرباسێکدا بە نێوی ( دۆخی کورد لەو وڵاتانەی تێیاندا دەژین) کورتە باسێکی جوانی مێژووی سیاسیی بزووتنەوەکانی کورد دەکات لە جەنگی چاڵدێرانی ١٥١٤ وە تاوەکوو ئەم سەردەمە، کە خۆمانی تێدا دەژین. لە پاشان هەمان مێژووی سیاسیی تاک تاکی بەشەکانی کوردستان بە شێوەیەکی زنجیرەیی باس دەکات و لە گەڵ ئەوەدا کارێکی یەکجار سەختە بەڵام وا بە ئاسانی و سادەیی شیی کردوونەتەوە کە پێویست بە ڕوونکردنەوە نەکات. لە بەشی کوردستانی بندەستی سووریادا، ڕۆڵی دژ بە کوردی ئەو ( حافظ الأسد) و ڕژێمەکەی ئاشکرا دەکات، کە ئێستا بەداخەوە

خۆی بووە بە پێغەمبەر و وڵاتەکەشی بە قیبلەی ڕابەرانی دۆست و دوژمن ناساندووە، یان بە خوایەکی دیکە سەیر دەکرێت؟ بە پیرۆزە گوتەکانی پارتە سیاسییەکانی کورد. ئەوەش بڵێم نە تەنیا کورد لەو ( قیبلەیەدا ) مافی کوردبوونی نییە، لە هەموو بەشەکانی تر بێبەشترن. لە باسی کوردستانی بندەستی تورکیادا کاک کرمانج دەڵێ: " فۆرمولی نەهێشتنی خەڵکی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی تورکیاوە، بە ژینۆسیدی کوردان و کاولکردنی گوندەکانیان و گواستنەوەیان بۆ ناوچەکانی دیکەی کوردستان داڕێژرا. ئەم سیاسەتە هەتا ئەلئانەکانیش بە جۆرێکی سیستەماتیک بە درندانەترین شێوە لە بووندایە. خۆزگە ڕابەرانی ئەمڕۆی کوردستانی بندەستی عێراق پەردەی داپۆشینەری چاوەکانیان هەڵبدەنەوە و ئەو چەند دێڕە بخوێننەوە و ئیتر گوتەکەی ( محمود أسد ـ ل. ٢٠ ) دەربارەی خۆیان بە ڕاست نەخەنەوە و هێندە خۆیان بە خولامی تورکان نەکەن. بێگومان ڕابەرانی کوردی عێراق بەمەش دڵدامرکاو نین، کە تورکیا بە سەری کوردی دەهێنێ، بەڵکو لەم دواییەیە بە یاخی و چەتە و ئاژاوەگێڕیش کوردانی ئەو هەرێمە ناو دەبەن و هێرشیشیان لە سەر دەکەن، ئەوەشمان لە بیر نەچێت ناکۆکی و چەند بەرەکیی نێوان کوردانی بندەستی تورکیا، ( میکرۆبەکەی ) لە پارت و ڕابەرانی کوردی بندەستی عێراقەوە چووە بە لەش و بیری ئەوانەوە. ئەمان تاوانبارن لە براکوژی و لاوازکردنی بزووتنەوەکەی ئەوان. لە پاشان ڕای هەندێک لە تورکە ناسیۆنالیستەکانی دژ بە کوردی هێناوەتەوە کە خوێندنەوەی دەبێت شەرم بخاتە ڕووی ڕابەرانەوە، ئەگەر بزانن شەرم مانای چییە. لەسەر (باسی کوردستانی بندەستی سۆڤێت) پاش کورتە باسێکی مێژوویی باسی ناوچەی خودموختاریی کوردستان، لە ئازەربایجانی سۆڤێت دەکات کە لە ( ژوونی ) ١٩٢٣ دا، دامەزراوە و پێتەختەکەیان شاری ( لاچین ) بووە. کە ئەم هەواڵە لاپەڕەیەکی شاراوەیە لە مێژووی کوردا، هومێدەوارم لاوانی کورد بە تایبەت ئەوانەی لەو ناوچەیەدا دەژین، یان نزیکن، بکەونە خۆ بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرتر و ڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوە گرنگەی مێژووی نەتەوەکەمان، تا لە لایەکەوە بە کورد و جیهانیانی بناسێنین، لە لایەکی دیکەشەوە ئەوە بسەلمێنین، کە جیهانی کۆمۆنست چ قەڵایەکی ئاسنینی بێ دەرگا و پەنجەرە بوو، کە بە دەیان ڕووداوی هێندە گرنگی تێدا نوقم بووە و یا ڕابەران و ئەندامانی پارتە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانی کورد، ئەوانەی لایەنگری لە (ستالین) دەکەن، بزانن، ئەو خوێنڕێژە چی بەسەر کورد هێناوە، ئەویش لەبەر خاتری دڵی دوژمنێکی تری کورد، کە ( کەمال ئەتاتورک )ی کوردکوژ بووە. کاک کرمانج لەم بارەوە دەپرسێ :

ئاخۆ ئەو کارەی سۆڤێتی سۆسیالیست چ جیاوازییەکی لە گەڵ کردەوەی تورکیای شۆڤێنی هەیە کە هەتا ئێستاش پتر لە ١٦ ملیۆن کورد هەیە و بە تورک ناویان دەبا؟ !!» (ل. ٢٨). لە باسی کوردستانی بندەستی ئێرانیشدا، کاک کرمانج وەک بەشەکانی دی ، بە کورتە باسێکی مێژوویی دەست پێ دەکات. باسی شۆڕشەکانی ئەو بەشە و هۆی ڕووخانیان شی دەکاتەوە و دوژمنایەتیی ڕژێمەکانی ئێران لە گەڵ نەتەوەی کورددا ئاشکرا دەکات، تا دەگاتە ڕادەیەک، لە لاپەڕە ٣٤ دا دەڵێ : دەوڵەتی پاشایەتیی ئێران هەڵوێستی شۆڤێنی و سەرکوت کردن لە ئاستی خەڵکی کوردستاندا بە درێژایی سەدان ساڵ هەبووە... چ لە سەردەمی پاشایەتی چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا». لە ڕاستیدا بۆچوونێکی زۆر ڕاست و گرنگە بگوترێ ناسیۆنالیستە فارسەکان وەک تورک دان بە بوونی نەتەوەیەکدا نانێن بە ناوی کورد، بەڵکە دەڵێن فارسن و کەسێک زمانیان گێڕ بۆتەوە. ئیسلامییەکانیش دەڵێن نەتەوە پەرستی لە ئیسلامدا نییە و کورد بۆی نییە ناوی نەتەوایەتی بهێنێت، لە کاتێکدا خودی ئیسلام لە سەر بیروباوەڕی نەتەوایەتی و (عارەبیزم ) هاتۆتە بوون. لە پاشان باسی خەباتی چەکداریی ساڵەکانی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ دەکات کە لە لایەن ساواک و سەربازی ئێرانەوە و بە یارمەتیی سەرانی شۆڕشی کوردستانی بندەستی عێراق، دامرکایەوە، عەلی عەبدوڵڵا سکرتێری پێشووی ( پدک) بە نوێنەری (پدکا ) دەڵێ : " ئەوەی ئێمە لە ساڵانی ١٩٦٧ ـ ١٩٦٨ دا بەرانبەر ئێوە کردمان، پەڵەیەکی ڕەشە بە نێوچەوانی مەوە، ئێمە بەڵێنتان پێ دەدەین کە هەرگیز کارێکی ئەوەها لە لایەن ئێمەوە دووبارە نەکرێتەوە ". ( ل. ١١٥) کاک کرمانج، باسەکەی بە پیلانی لەنێوبردنی شەهید، دوکتۆر قاسملوو کۆتایی پێ دەهێنێت. ئەوەی شایەنی باسە، یەکێک لەو پاسدارانەی کە لە کوشتنی دوکتۆر قاسملوودا بەشدار بوو، دەگەڕێتەوە تاران و لە نەخۆشخانە دەکەوێت، نوێنەری (ینک) بە چەپکە گوڵەوە دەچێتە سەردانی ، لە کاتێکدا (ینک) وەک خوالێ خۆشبوو عومەر مستەفا (دەبابە) لە بیرەوەریی شەهید بوونی قاسملوودا لە لەندەن باسی کرد، لە سەرەتای دەست پێ کردنەوە لە کۆبوونەوەکانی نێوان ڕژێم و (پدکا) دا بەشداریی کردبوو و لە هەموو کەینو بەینێکیانی دەزانی. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، بۆچی لە دوا کۆبوونەوەدا کەسێک لە ( ینک ) بەشداریی نەکردبوو؟!.

کوردستانی بندەستی عێراق کە مەبەستی سەرەکیی نووسەرە، بە باسی ڕووخانی دەوڵەتی (عوسمانلی ) و دامەزراندنی وڵاتی

عێراق دەست پێ دەکات و وردە وردە پێیدا دێت تا دەگاتە ئەم ڕۆژانەمان و بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کۆتایی پێ دەهێنێت. لە سەرەتای لیستەی ناوی پارتە زۆر و بۆرەکانی کوردا دەڵێ : " لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە، ئەگەر بڵێین کوردستان لە بواری چەندایەتیی ڕێکخراوی ڕامیاریدا، دەوڵەمەنترین جێگەیە لە ڕووی زەویدا ". لێرەدا دەبێت بگوترێت، سەد خۆزگە لە بری ئەو هەموو پارتانە چەند پارتێکی کەم و ڕێک و پێک و دڵسۆزی ڕاستەقینەمان هەبوایە و ئاوات و ئامانجیان ڕزگاریی کورد بووایە. هەڵگری بیروباوەڕی پاکی کوردایەتی بووایەن. نە ئەم ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕە پووچەڵانەی کە لە زیان بەولاوە هیچی تریان بۆ میللەتی کورد بە دیاری نەهێناوە. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە کاک کرمانج باسی پارتە ئیسلامییەکانی نەکردووە، کە هێندێکیان ڕۆڵی زۆر لە پارتە ( عیلمانییەکان ) خراپتر بووە و لە وێرانکردنی کوردستان و ئاڵۆز کردنی نێوان و پێش سوپای پاسداران کەوتنیش بۆ داگیرکردنی کوردستان، ئەگەر لەو پێشبڕکێیەدا وەپێش نەکەوتبێتن لەوانی تر وە پاش نەکەوتوون. لە بەشی بارزانی و (پدک)دا، پاش کورتەیەک لە ژیانی ئەو خواڵێ خۆشبووە، دەڵێ : " ( پدک) لە ژێر سەرکردایەتیی بارزانیدا، کە ڕابەری شۆڕش بوو، توانیبووی گەورەترین هێزی مرۆڤ لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە ". بەڵام لە لاپەڕە ٥٥ دا ڕاستییەک دەردەخات و دەڵێ : " ئەگەر چی لە بواری سوپایی ( شۆڕش) پەیکەرێکی قەبەی هەبوو .... بەڵام لە زەمینەی ڕامیاریی بێهێز و ڕۆژ بە ڕۆژیش لاوازتر دەبوو. " باسی ڕۆڵی (پدک) لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی نیشتمانپەروەرانی کوردستانی بندەستی ئێران دەکات و کەمێک لەو ڕووداوانە دەهێنێتەوە کە ( پدک) دژ بە کوردی ئێران کردوویەتی. لە کوشتن و بەند کردن و دانەوە دەستی پێشمەرگەو ڕابەرانیان بە ڕژێمی ئێران، گوتەی لە زار ئالتری سەرۆک ساواکی مەهاباد دەنووسێتەوە کە گوتبووی : " خەڵکی مەهاباد! ڕاستییەکەی ئەوەیە ( سلێمانی موعینی ) ئێمە نەمانکوشتووە، لە لایەن کەسانێکەوە کوژراون کە ئێوە بە ڕێبەرانی خۆتانیان دەزانن " ( ل. ٥٨). کاک کرمانج دەربارەی کارە ناڕەوایەکانی ( پدک) دەڵێ : " ئەو سەوداگەرێتییەی سەرکردایەتیی شۆڕش، زۆر بە گران لە سەری تەواو بوو. " لەوانە کوشتنی خەباتگێڕانی پارچەکانی تری کوردستان، وەکوو، خوا لێخۆشبووان : سەعید ئالچی، دوکتۆر شوان و چەتۆ. هەروەها باسی کوشتاری ( بەکزەمڵ ) ی خێزانی حەمەئاغای مێرگەسووری دەکات و دوو پرسیاری جوانیش ئاراستە دەکات :

" جا ئەگەر فاخیر و سەعید گوناهبار بوون، حەمەئاغا و کوڕەکانی دیی گوناهیان چی بوو؟ " " ئەگەر ئەم ژینۆسیدە کینەوەرێکی خێڵەکی و دوژمنایەتییەکی کۆن بوو، بۆچی دەبوایە لە ژێر ناوی ڕێبەرایەتیی بزاڤی ئازادیخوازانەی نەتەوایەتی ئەنجام بدرێ؟ ". " مۆرکردنی پەیمانی (جەزائیر)یش لە ساڵی ١٩٧٥، بە ئاکامی ساوێلکەیی سەرکردایەتیی شۆڕش لە قەڵەم دەدات ". لە ئاکامدا دەڵێ : جگە لە شەڕی براکوژی، پدک تووشی دوو هەڵەی زۆر گەورە بوو. یەکێکیان هاریکاری لە گەڵ ڕژێمی تاران.. ئەوی دییان بردنەوەی پاسداران بۆ کوردستانی بندەستی عێراق بوو!!. لە باسی یەکێتی نیشتمانیدا بە کورتی دەربارەی ناکۆکیی برایم - جەلال ، لەگەڵ بارزانیدا دەدوێ و باسی ئەوە دەکات کە چۆن هەردوولا یەکتریان بە (خایەن) لە قەڵەم داوە. هەروەها باسی چۆنیەتیی دەرپەڕینی جەلالییەکان دەکات بەرەو ئێران و چوونە باوەشی حەمەڕەزاشای کوردکوژەوە و گەڕانەوەیان بۆ عێراق و بوون بە جاش و چەکیان دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان هەڵگرت. ئەمە وا دەردەخات کە پێش قەرەوڵی سوپای دوژمن، خوویەکە پارتەکانی کورد گرتوویانە بە شیری و پێیان تەرک نادرێ بە پیری. لە پاشان باسی کوشتارەکەی (پشتاشان) دەکات، وەک ئەو بۆی چووە و ڕاستیش هەر وایە، جەلالییەکان دامەزرێنەری ناکۆکی و شەڕی براکوژین. نە تەنیا لە کوردستانی بندەستی عێراقدا، بەڵکو لە هەموو بەشەکانی دیکەش. لە باسی (سک)دا لیستەی ناوی دامەزرێنەرانی هێناوەتەوە، کە هەر « هەوانی» کۆنی پاراستن و ساواک و موسادن، بەڵام ئەمجارەیان لەپێستێکی تازەتردا خۆیان بە خەڵک پیشان دەدەن.. کاک کرمانج لێرەدا بەهەڵەدا چووە کە دەڵێ : " ڕێبازی سک لەڕاستیدا ڕێبازی بارزانی بوو ". چونکە بارزانیی خوداڵێخۆشبوو لە سەرەتادا هەر ئاگای لە دامەزراندنی نەبوو. بە شێوەیەکی تر نە هەر ڕێبازی بارزانی نەبوو، بەڵکوو دژ بە بارزانیش بوون. ئەگەر بەڵگەش بوونی (مەسعوود بارزانی ) بێت لە گەڵیاندا، سامی گوتەنی بۆ ئەو « پارەوپوولانە» بوو کە لە بندەستیدا بوو. دژایەتییان لە گەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانیدا، گەیشتبووە ڕادەیەک کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا وەخت بوو خۆی و هاوڕێ دڵسۆزەکانی بە دەستی ڕژێمی تازە دامەزراوی جمهووری ئیسلامی بە گرتن و کوشتن بدەن. بەڵام دیاربوو بۆ یەکەم جار جەلالییەکان لای ڕاستیان گرت و پاش لێکۆڵینەوە، خۆیانیان بە تاوانبار و ساواک و مۆساد و کۆنەپەرست لە قەڵەم دا و ئەوە بوو بۆ ماوەیەکیش (سامی عەبدولرەحمان)یان لە زیندان ئاخنی و دیسان کوردی دڵسۆز بوون

به هۆی لەمردن ڕزگارکردنی. هەر بەو هۆیانەوە بوو، دژ بە ماڵی بارزانی بوون. لە کۆنگرەی ٧٩ دا خۆیان هەڵنەبژارد و لە ڕیزی (پدک) دەرکران و لە پاشان " (پارتی گەل)یان " دامەزراند، کە ئەمانیش وەک کاک کرمانج دەڵێ : " لایەنێکی ئەکتیڤی ئەم شەڕە گڵاوە بوون" ( مەبەستی شەڕی براکوژییە ) لە بارەی بێ ئاگایی بارزانییەوە کاک ئاسی لە لاپەڕەی ٤٤ ی کتێبەکەیدا دەڵێ : " وەڵامی مەسعوود ئەوەبوو کە باوکی، واتا بارزانی، وازی لە کاری سیاسی هێناوە و پێوەندی بە بەڕێوەبردنی سەرکردایەتیی (کاتی)یەوە نییە ". لەڕاستیشدا هەر وابوو کە کاک مەسعوود دەیوت، ئەوەش بڵێم کە خوالێخۆشبوو بارزانی بە زۆری هێندەک کوردی دڵسۆز بوو کە ئەو دوو نامەیەی ( ٩ /٢ و ٣ /٣ ی ١٩٧٧ )ی بۆ کارتەری سەرۆکی تازەی ئەمریکا نووسی، ئەویش لەبەر ئەوەی هێشتا تا ئەو دەمە کورد لە دەرەوە بە بارزانییەوە دەناسرا و ئەمە ڕاستییەکە نابێ خۆمانی لێ گێل بکەین. لەو دوو نامەیە بە دواوە وردە وردە بارزانی دیسانەوە کەوتەوە جم و جۆڵی سیاسی و دەست تێکەڵکردن لە بردنەڕێوەی پارتیدا و لەو کاتەشەوە ئیتر هێزی سامی و تاقمەکەی کەوتە لاواز بوون و لە ڕقاندا کەوتنە قاچ و قول گەزینی کوردانی دڵسۆز و دەرکردنی بەیانات دژ بەوانەی کە دژی سیاسەتە پووچەڵە گومان لێکراوەکەیان دەوەستان.

لە بەشی (پدگک)دا کاک کرمانج شاراوەی بیریان بەرانبەر بە (پدک) و بە تایبەتی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی کە لە ڕاستیدا ڕابەرایەتیی (پدک)ی دەکرد دەردەخات. کردەوەکانی (پدگک) کە هەر ئەندامانی (سک)ی کۆن بوون، دژ بە (پدک) و پێچەوانەی بۆچوونەکەی پێشووی نووسەر دەردەخات کە " ڕێبازیان ڕێبازی بارزانی بوو ". لە پاشان بە کورتی باسی (پدگک) دەکات و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان و بۆ کورد کوشتن ڕوون دەکاتەوە. هەڵاتنی (عەبدوڵڵا سالح)یش بۆ بەغدا لە بیر ناکات. سیاسەتی بگۆڕی وەک چەرخ و فەلەکی سامیش باس دەکات، کە چۆن کوڕەکانی بارزانیی بە (یەمینی ڕەجعی) ناو دەبرد و چۆن لە ئاکاودا دەخولێتەوە و دەیانکات بە ( نجلا الزعیم بارزانی ). بۆ شارەزایی ی زیاتر لە هۆڵی ئۆتێلێکدا لە دیمەشق سامی ڕوو لە مەسعوود دەکات و دەڵێ : " لازلت زعیمنا وابن زعیمنا ". کاک کرمانج باسی ئەوەش دەکات کە لەبەر دڵڕازیکردنی ئێران، جێگەی کۆنفرانسی یەکەمیان ناو لێ دەنێن ( قودس). کە دەبوایە ناوی ( تل أبیب) یا ( ناتالیا )ی لێ بنایە کە لەو دوو شارە ئیسرائیلییەوە سامی بە شانازییەوە دەیان

کارتی دیمەنەکانی بۆ هاوڕێکانی خۆی ڕەوانە کردووە. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، سامی پاش دەربەڕینی لە ئێران و دووبارە گەڕانەوەی لە فڕۆکەخانەی (مهرآباد) هەڵمەتی دەستی یەکەمین مەلای پێشوازیکەری دابوو و گوتبووی، " تاکوو ئەمڕۆ ناموسوڵمان بووم، ئەمڕۆ لەسەر دەستی تۆ ئیمانم بە ئیسلام هێنا ". لە نامەیەکدا، ئێستا وێنەیەکی لای کابرایەکی کوردی ئیسلامییە، کە لە زیندانەوە بۆ لێپرسراوانی ڕەوانە کردبوو و نووسیویەتی : " من کوڕی دایکی خۆمم، دایکم هێندە موسوڵمان و نوێژکەر بوو کە لە حەجدا مرد. ئا ئەمەیە ڕەفتار و کردەوەی بە گوتەی ئەندامەکانی خۆی « لینینی کورد »،پیاو درۆیەکیش بۆ دژ بکات، سامی مرۆڤێکی یەکجار خوێندەوار و ڕامیارە، بەڵام سەد مەخابن زانیارییەکەی بە کەڵکی نەتەوەکەی نەهات و لە زیان بەولاوە چیدیی پێ نەگەیاند. چونکە ئەو مرۆڤە ڕێگای هەڵەی گرتۆتە بەر و بە کوێرە ڕێگەدا دەڕوات.

لە هەڵوێستی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و دۆزی کورددا، نووسەر بەراوردێکی جوانی هەڵوێستی ئەو پارتەی دەربارەی کورد و هەڵوێستی (ئیسرائیل)ی دەربارەی عارەبە فەلەستینییەکان کردووە، کە بۆچوونێکی زۆر جوانە. با ئەوەش بزانین لە سەرەتاوە، هەردوولا لە یەک سەرچاوەوە هەڵقوڵاون و کۆمۆنیزم و زایۆنیزم دوو ڕووی یەک سکەی قەڵبن و بۆ یەک مەبەست و یەک ئارمانج هاتوونەتە بوون. لە لاپەڕەی ٨٢ دا جاشایەتیی پارتی کۆمۆنیستی بە کردەوە سەلماندووە، بەڵام نازانم بۆ ڕاستەوخۆ وەک ئەوانی تر ئەو نازناوەی بۆیان ڕەوا نەبینیوە؟. ئەگەرچی نابێ کورد هەرگیز دڵ بە لایەنگیری سۆڤێت شاد بکات، بەڵام کاک کرمانج لە لاپەڕەی ٨٣ دا وای سەلماندووە کە ئەوان بوونە هۆی لەدەستدانی لایەنگیریی وڵاتە سۆسیالیستییەکان. ئەم بۆچوونە ئەوە دەردەخات کە ڕۆڵی دژ بە شۆڕشی پارتی کۆمۆنیست کەمتر نەبووە، ئەگەر لە پارتەکانی خۆمان زۆرتر نەبووبێت. ئەوان بوونە هۆی لەدەستچوونی لایەنگیرانی دەرەوە، ئەمانیش لایەنگیرانی ناوەوە، کە جەماوەری کوردی کوردستان بوو. بۆیە شۆڕشەکان وەک بە چاوی خۆمان بینیمان بە تاقە فوویەک بوومەلەرزەیان تێکەوت و بەسەر یەکدا داشکان. ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کۆمۆنیزم پارتێکی ( ئینتەرناسیۆنالیزمە) و دەبوایە ڕابەرانی کورد بیانزانیبا ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم کوجا مەرحەبا؟.

لە بەشی دۆزی کورد لە ڕوانگەی سۆڤێتەوە، ئەگەر ڕابەرانی کورد لە گوێی گادا نەنووستبایەن، و تۆزقاڵێک زانیاریی مێژوویی یان هەبوایە و تروسکەیەکیش ئاگایان لە هەڵوێستی ناپیاوانەی

سۆڤێت هەبوایە، دەربارەی شۆڕشەکانی کورد هەرگیز کوێرانە (لبیک) یان بە ئایدیۆلۆژییە پووچەڵەکەیان نەدەگوت، نە فریوی خۆی و بێچووە دەست و پێیەکانیان دەخوارد. لە لاپەڕەی ٨٥ دا نووسەر بە هەڵەدا چووە و وا بیر دەکاتەوە کە هەڵوێستی سۆڤێت بەرانبەر بە کورد و کوردستانی بندەستی ئێران نەگۆڕ بووە... ئەی ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد چی؟ بێگومان پاش ڕێکەوتنیان لە گەڵ ڕژێمی ئێران لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، شایەنە بگوترێ سۆڤیەتیش وەکو وڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان، هەمیشە داپڵۆسینەری کوردی بەشەکەی ژێردەستی خۆی بووە. لە لایەکی دیکەشەوە، لە کاتی پێویستیدا دەستی نازکردنی بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی ماڵیوەتە سەر ڕابەرانی کوردی بەشەکانی تری کوردستان، ئەویش یا بۆ زۆرهێنانەسەر ڕژێمەکان بۆ کڕینی چەک و دروستکراوی کارخانەکانی، یا وەک کاک کرمانج دەڵێ " بۆ تاقیکردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکانی ". بیروڕای کاک کرمانج لە بارەی سۆڤێت و کۆماری مەهابادەوە کەمێک ئاڵۆزە، چونکە " پشتگیرییان لە مافی کوردان کردووە، لاپەڕەی (٨٥) " لەگەڵ دوا دە دێڕی لاپەڕەی ( ٨٧) دا گەلێک جیاوازن پێکەوە. لە شوێنێکی تردا دەڵێ : " لەبەر ئەوەی سەربەخۆیی کۆماری مەهاباد بەبێ ئاگاداریی سۆڤێت ڕاگەیەندرا، تووڕە بوون، (ل٨٧)، بەڵام لە لاپەڕە ٨٨ و ٨٩ دا، لە خاڵی ٢، ٣، ٤، دامەزراندنی کۆمارەکان ( ئازربایجان و مەهاباد )ی قیت بوونەوەیان دەنووسێنێت بە سۆڤێتەوە، لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا جیاوازییەکی یەکجار مەزن بەرچاو دەکەوێت. دەمی سۆڤێت بە « ڤاڤا » چووندا دەربارەی بەسەرهاتەکەی هەڵەبجە، نێوەڕۆکی سیاسەتی ئەو وڵاتانە و هەموو پارتە کۆمۆنیستەکانی جیهان سەبارەت بە کورد، ئاشکرا دەکات. نووسینەکەی ١١ / ٩ / ١٩٨٨ ی ڕۆژنامەی (پراڤدا) کە کاک کرمانج لە لاپەڕەی (٩٢) دا هێناویەتیەوە، بەڵگەیەکی زیندووی ئەم باسەیە، جگە چیرۆکی سێ ئەمەنگە بۆرەکەی ئۆقیانووسی سەهۆڵبەندانی باکوور.

## دۆزی کورد و ڕۆژئاوا

ئەگەر بە وردی سەرنجی هەڵوێستی وڵاتانی دەور و بەر و دوور و نزیک، چەپ و ڕاست و زلهێز و بێهێز بدەین و سەبارەت بە دۆزی کورد شیی بکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت هەرگیز دڵسۆزانە هیچ کامیان لە پێناوی خودی کورددا یارمەتی و هاریکاریی کوردیان نەکردووە، ئەگەر جاروباریش ئەو کارەیان ئەنجام دابێت، ئەوا لە پێناوی بەرژەوەندیی شاراوەی نزیک یا دووری خۆیان بووە و بە گوێرەی ئەو پەندەیە کە دەڵێ : " پێت دەڵێم کاکە بۆ ئەوەی چزلەکەم بۆ بگری ". کاک کرمانج دەربارەی سیاسەتی ئینگلیز سەبارەت بە کورد گەیشتووەتە ڕاستییەکی بەجێ کە دەنووسێ : " سیاسەتی ئینگلیزەکان هیچ کاتێ بۆ بەرژەوەندیی کوردان کاری نەکردووە و هەمیشە ناحەزی دۆزی کوردان بووە ". بێگومان ئەمریکاش هاوبەشی کارە و لە ئینگلیز کەمتر دژ بە کورد نییە، ئەگەر پتر نەبێت. هێنانەوە یادی گوتەکەی هێنری کیسنجەر لە لاپەڕە ١٠١دا لە لایەن کاک کرمانجەوە باشترین بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە. لێرەدا پێویستە بگوترێ، ئەگەر بە قووڵی بچینە بیری دوا چوار دێڕی لاپەڕەی ١٠١ەوە، لە نووسینەکەی کاک کرمانجدا بۆمان دەردەکەوێت کە تاوەکوو ئەمڕۆ ڕۆڵی ڕابەرانی پارتەکانی کورد، لە ڕابەرایەتیی شۆڕشدا هیچ بووە و هەرگیز خۆ بە خۆ ڕابەرایەتییان پێ نەکراوە و شۆڕشەکانیش بە هۆی ئەوانەوە بووە بەداردەستی بێگانە و لە کاتی پێویستیشدا بۆ مەبەستی تایبەتی بە کار هێنراوە.

لە بەشی شەڕی براکوژیدا، لە (ل ١٠٢) و فاکتۆرەکانی شەڕی براکوژی (ل ١٠٣)، کاک کرمانج دەڵێ : " شەڕی براکوژی، مایەی ماڵوێرانی، بەڕوا ڕەوینە و بێهومێدی لە لایەن سەرکردەکانیدا، تەنێ وتەنێ بۆ مەبەستی کەسێتی و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی هەڵگیرسا ". بێگومان وەک بۆی چووە، ناکۆکییەکەی ٦٤ی کوردستانی بندەستی عێراق ئەو پرشنگە ئاگرە نەفرەت لێکراوە بووکە ئاگری شەڕی براکوژیی هەڵگیرساند و بە کوردستانی بندەستی عێراقەوە ڕانەوەستا و پەرەی سەند و هەموو بەشەکانی دیکەشی گڕ تێ بەردا. جگە لە چەند هۆکاری تر کە کاک کرمانج لە خاڵەکانی لاپەڕە (١٠٣) دا لێیان دوواوە. لە لاپەڕەی (١٠٧)دا پیشان دەدات کە " جەننەتولمەئوا بووان، عەلی عەسکەری، حوسێن بابە شێخ و خالید سەعید، بە گوتەی خوالێخۆشبوو ( نووری شاوەیس ) بە بڕیاری ڕاستەوخۆی خوالێخۆشبوو بارزانی کوژراون. بارزانی لە تەلەفۆندا بە نووری شاوەیس دەڵێ : " ئەز ناخوازم چاوم بەوانە بکەوێ،( مەبەستی لەوانە ئیبراهیم ئەحمەد) ە ئێمە چەند جار لە گوناهانی ئەوانە خۆش بووین، ئەمانە تەمێ نازانن دەبێ بگەنە سزای خۆیان ". لە لایەکی ترەوە بڕیاری کوشتنیان لە لایەن سامی عەبدولڕەحمانەوە دەخرێتە ئەستۆی پێشمەرگەکان کە دەڵێن : " ئەگەر ئێمە شکستمان خوارد، ئەوە هیچ، ئەگەر سەریش کەوتین، دەبێ سەرانی ئەم هێرشهێنەرانە هەموویان بکوژرێن ". لە سێیەم لاوە سامی خۆی تاوانبار دەکات و دەڵێ : " بۆچی لە جەنگی دووەمی

جیهانیدا ، کاتێ سۆڤێت جەنەراڵ و ئەفسەرەکانی ئەڵمانی لا یەخسیر بوون، ڕزگاری کردن و هەموویانی کوشت.". هەروەها دەڵێ : " نازانم خەڵک چی دەکا، ئەگەر هێزێک سنووری سێ دەوڵەت ببڕێ و هەوڵ بدا تۆ لەناو ببا !!!؟. ئەوەی جێی سەرسووڕمانە تا ئێستا کەسێک لە سامی ئەپرسیوە سۆڤێت و ئەڵمان دوو نەتەوە، دوو ڕژێم، دوو ئایدۆلۆژی، دوو دوژمنی جودان، بەڵام کورد هەر کوردە، لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت، جگە لەوەش شەڕی تۆ لە گەڵ کوردەکانی بەشەکەی خۆتدا بووە، ئەگەر خۆت بەکورد دەزانی؟. لێرەدا، شاراوەیەک ڕوون دەبێتەوە، ڕاستییەک دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی سامی پاشەڕۆی سۆڤێتە(بوو)، سۆڤێتیش نیو سەدە بەرلەئێستا یەخسیری کوشتووە، ئەگەر بارزانی یا پێشمەرگە بڕیاریان بدابایە و نەدابایە، سامی یەخسیرەکانی دەکوشت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرام و کردەوەی سۆڤێت کار دەکات، ئەگەر چی سۆڤێت و سۆڤێتییەکان لەمن و تۆی خوێنەری بەڕێز چاکتر دەزانن کام وڵات سامیی کردووە بە کۆمۆنیست و کۆمۆنیزمی سەر بە کام دەزگای پۆلیس و جاسووسی ڕۆژئاوایە. ئەوەشمان لەبیر بێت، هەر ئەو یەخسیرانەی نەکوشت، بەڵکوو بە ئیوی دۆستییەوە، شێخ محەمەد هەرسینی لەسەر خاکەکەی خوالێخۆشبوو بارزانی بە یەخسیر گرت و گوللەبارانی کرد. دەیان پێشمەرگەی ئەبەز و دلێری لە پشتەوە خۆی یا دڵسۆزە ئاشکرا و نهێنەکانی لە گۆڕەپانی شەڕدا، گوللەباران کرد. لەوانە : فەتاح ئاغا، سەعید شوان و زۆری تر.

دەربارەی (پدک) و (پدکا) نووسینەکانی کاک کرمانج، ئەو پەندە پێشینانە دەهێنێتەوە یاد کە دەڵێ " هێندە چاکەت بۆم کردووە، مەگەر بتکوژم لە چاکەت دەرچم ". ئەوەی کوردی کوردستانی ئێران چ لە کاتی شەڕدا و چ لە ئاوارە بووندا، بە دزی و بە ئاشکرا بۆ کوردی عێراقیان کرد، لە یەک ماڵدا برا بۆ برای ناکات. سەرەڕای ئەوەش ئەوەی ڕابەرانی کوردی عێراق بە ڕابەران و کوردی ئێرانیان کردووە، پاسدار و ژاندارم و چەتە عارەبەکان بەکوردیان نەکردووە، نموونە هێندە زۆرن، هێنانەوەیادیان مرچوڕکە بە لەشدا دەهێنێت وناگری قین گڕتر دەکات، وا چاکە پیاو هەر باسی لێ نەکات و لە هەموو نووسین و کتێب و باسێکدا، ئەوەی پێمان دەکرێ، ئەوەیە داوای لێبووردن لە خوشک و براکانی ئەو بەشەمان بکەین. لە کتێبەکەی کاک کرمانجدا ڕوونی دەکاتەوە، کە لە جیاتی ئەو قوربانیان و شیوەن و دڵسۆزییە، خەڵکی شاری شنۆی کوردستانی ئێران لە کاتی پێشوازی کردن لە تەرمەکەی خوالێخۆشبوو بارزانیدا، کردیان، پێشمەرگەکانی (پدک) لە ٧ /٩ /١٩٧٩دا بە کلاشینکۆف دەستدرێژی دەکەنە نێو خۆپیشاندەرانی خەڵکی ئەو شارە و ٧ هاوڵاتی دەکوژن و ١١ ش بریندار دەکەن. وەک لە شوێنێکی تردا گوتەکەی ( عەلی عەبدوڵڵا ) م هێناوەتەوە، کە بە نوێنەری ( پدکا) ی گوتبوو، پاش بەڵێندان و پاش ماوەیەکی کەم لە گەڵ سوپای پاسدارانی ئێران، هێرش دەبەنە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان و ١٢٥ کورد شەهید دەکەن و سەرزەمینێکی زۆریش داگیر دەکەن و پێشکەشی سوپای پاسدارانی دەکەن.

کاتێک کاک کرمانج لە لاپەڕەی ١١٢ دا باسی کردەوەکانی ئەنشیروان دەکات، قەسابخانەکەی، هەتک کردنی نامووسی ئافرەتە بە یەخسیر گیراوەکان، شەرم چاوی مرۆڤ دادەگرێت و نە توانای بینینی دەمێنێ و نە نووسین. کاک کرمانج لە لاپەڕەی ١٠٢ دا شێواندنی دۆخی ڕامیاری دەبەستێت بە ئاستی فەرهەنگی و هۆشیاریی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە، بەڵام لە لاپەڕە ١١٤ دا دەڵێ : " سەرەڕای دواکەوتوویی کومەڵگەی کوردەواری ... سەرئێشەیەکی زۆری بۆ بزوێنەرانی بزاڤی نەتەوایەتی دروست کرد " ئێوان هۆشیاری لە بۆچوونی یەکەمدا و دواکەوتنی لە بۆچوونی دووەمدا، کە بووەتە هۆی سەرئێشە، جیاوازییەکی زۆر هەیە، ئەوجا کامیان ڕاستترن، میللەتی کورد هۆشیارە یا دواکەوتووە، دەبا خوێنەران لێی بکۆڵینەوە.

لە بەشی شەڕی چەواشەدا ڕوونی دەکاتەوە، کە « سەرکردایەتیی شۆڕشی (ئەیلوول) لە دەرکی گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکانی سەردەم بە دوور بوو » هەر وایە. کاک کرمانج لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا باسی سەرۆکی خوالێخۆشبوو بارزانی دەکات و دانی پێدا دەنێ، بەڵام لە زۆر شوێنیشدا وردە گلەیی ی لێ دەکات و ڕەخنەی لێ دەگرێت و سەرزەنشتی دەکات، بە تایبەت کە دەپرسێ " ئەو شایەی (مەبەست حەمە ڕەزا شا) کە بارزانی بە (هەتیوەکەی تاران) ناوی دەبرد، چۆن ئاوەها خۆی ( مەبەست بارزانییە ) خستە بندەستی، لە پاشان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا شۆڕشەکەی پێ بتاوێنێتەوە ". ل ١١٦. هەروەها دەڵێ : " چۆن(بارزانی) بڕوای بە ئەمریکا هێنا، کە ئەوکات پتر بایەخ بە دۆزی کورد ـ تا ـ بەرژەوەندیی خۆی لە ئێران و تورکیا لە ناوچەدا بدا "!!! ل ١١٧. خۆزگا کاک کرمانج لە ڕابەرانی ئەمڕۆشی بپرسیبایە، ئەمریکا، هەر ئەو ئەمریکایەیە. ئێرانیش هەڵوێستی بەرانبەر بە کورد خراپتر بووە، بەڵام بۆچی ئەمانیش هەڵەکانی بارزانی دووپات دەکەنەوە و وەک مێروولە لەهات و چۆدان بەرەو بارەگاکانیان؟. لە لاپەڕە ١١٨ دا کاک کرمانج گوتارێکی بە نرخی

گیڤارای نووسیوەتەوە، ئەوەی سەیروسەمەرەیە ڕێکەوتێکی لە چاو نەگیراوە، هەمان گوتەم بە کەسێک بەرچاوەیەکی جیاوازەوە هێناوەتەوە لە باسێکدا، لە ژێر ناوی " ئەلف و بێی سیاسی بۆ لێپرسراوان " لە گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە، لە نێوان سالانی ۷۲ - ۷٤ دا دەردەچوو، بلاو کردۆتەوە و لە ژێریەوە ئەم ئاواتەم خواستووە، " سەد خۆزگا ڕابەرانی کورد بەر لە دەستپێکردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ وڵاتە بێگانەکاندا، چاویان بەم گوتارەی سەرەوەدا دەخشاند و بیریان لێ دەکردەوە و دەیانکرد بە سەرمەشق بۆ خۆیان و بەگوێرەی کاریان دەکرد " بەلام بەداخەوە، چونکە باسەکە دژ بە دەست تێکەڵکردنی ئێران و ئیسرائیل لە کاروباری شۆڕشدا بوو، عەزیەتێکی زۆریان دام و هەر ئەمانەش بوونە هۆی وەک لە پێشدا باسم کرد، ڕاگوێزانەوەم(نفی) و زۆرلێکردنم بۆ ئەوەی نە باسی سیاسی بکەم و نە کۆڕی سیاسی بگێڕم.

لەچەوسانەوەی جەماوەردا کاک کرمانج دەڵێ : " کەم بزاڤی چەکداری هەیە، بە ئەندازەی بزاڤی چەکداری کوردستان خراپەی لەگەڵ خەڵکدا کردبێ، " ل ۱۱۹. بەلام لە لاپەڕە ۱۲۰ دا پاکانە بۆ شۆڕشی ئەیلوول دەکات، مافیشی پێ دەدەم چونکە : یەکەم، خۆی بەتەمەن ورد بووە و ئاگای لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نییە، ئەگینا بە هۆی نزیکبوونەوەیەوە لە یەکێک لە دەزگاکانی زۆر (حساس)ی شۆڕش ئاگای لە زۆر لە ڕووداوە دڵتەزێنەکان دەبوو و ئەمڕۆ شێرانە دەیانی نووسی و بلاویانی دەکردەوە. دووەم : کردەوەکانی لێپرسراوان و ڕابەرانی شۆڕشی ئەیلوول، لە ترسی کوشتن و زیندان و لۆمە و تانە و (بەیانات) و (نشرات) ، تاکوو ئەمڕۆ کەس نەیوێراوە بیهێنێتە سەر کاغەز، ئەگەر کرابێتیش ئێجگار کەم و لەنێویش براوە.

لە شوێنێکی نووسینەکەیدا هۆیەک لە هۆیەکانی ڕووخانی شۆڕشەکەی سمکۆ، دەخاتە ئەستۆی ئەو تالان و زۆروستەم و چەوساندنەوەی جەماوەرە کە پێشمەرگەکانی سمکۆ دژ بە گەلی کورد کردوویانە. بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش هۆی ڕووخانی شۆڕشەکانی ئەم دوایی یەش، دەباتەوە سەر ئەو جۆرە کردەوانە کە بێگومان بۆچوونێکی ڕاستە و بووە بە هۆی جودایی لەنێوان شۆڕشەکان و جەماوەردا و پلاو و مریشکەکانیشی گۆڕی بۆ نانەڕەق و هێلکەڕۆنی گەنیو.

نەگبەتیی پارتە بەنێو چەپخوازەکانی کوردیش باس دەکات، لەوەی کە لە بری ڕێ پیشاندان و فێرکردن وئامۆژگاری کردنی خەڵک، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا بەم جۆرە پرسیارانە ڕووبەڕووی خەڵکی دەبوونەوە. " ئایا (خودێ هەیە یان نە )، (مریشک لە هێلکەیە یان هێلکە لە مریشکە )، کە لە ڕاستیدا نەزانی و پووچەڵبیریی ئەو چەپخوازانە دەردەخات. ئەگینا کۆمەڵگەی ( ۹۸ ٪ موسوڵمانی کورد کەی جێی ئاراستە کردنی ئەو جۆرە پرسیارە پووچانەیە!.

پاشان هەندێک لە کردەوەکانی پارتەکانی کوردی هێناوەتەوە، کە دیسانەوە باسکردنیان شەرم دەخاتە ڕووی مرۆڤەوە. بێگومان پارتەکانی کورد تەنیا ئەوە نەبێ درۆیان کردبێ، نەخێر خودا قبووڵ ناکات، زۆر جاریش ڕاستیان گوتووە، ئەویش لە کاتێکدا داوای باجیان کردووە، یا کچیان ویستووە، یا پارەیان پێویست بووە، ڕووت و ڕاست گوتوویانە ( ئەگەر نەیدەیت دەتکوژین، ل ۱۲۱)، کوتوپڕیش ڕاستیان کردووە و کوشتوویانە، کوشتنیش تەنیا بڕیارێکە ڕابەرانی کورد لە دەرهێنانی کوتوپڕیدا سڵیان نەکردووە و جێ بەجێیان کردووە. لە لاپەڕەی ۱۲۳ دا دەمەتەقێیەکی بارزانی و کوردێکی خەڵکی دەربەندی (ڕایات) دەگێڕێتەوە کە گەورەیی و دڵفراوانیی ئەو ڕێبەرە نەمرە دەردەخات. بەلام بەداخەوە ڕابەرانی ئەمڕۆ ئەگەر کەسێک گلەیی یان لێ بکات، لە بریتی دڵدانەوە گوللەبارانی دەکەن و دەڵێن ( خایەنە، نهێنییەکانی شۆڕش ئاشکرا دەکات ).

لە سەر ڕەنگدانەوەی جەنگی عێراق و ئێران لە کوردستاندا، کاک کرمانج چوار تاوانی گرنگ دەخاتە ئەستۆی پارتە کوردییەکان :

۱- تاوانی بە جاش بوونی ئەو سەربازە هەلاتووانەی کە نەیاندەویست لە شەڕی عێراق و ئێران بەشداری بکەن.

۲- وە پێش سوپای پاسداران کەوتنی یدک و پاسک لە ۱۹۸۳ دا بۆ داگیرکردنی عێراق لە هێڵی ( حاجی ئۆمەرانەوە ).

۳- سێیەم ئاکامی خاڵی دووەمە، بزرکردنی ۸۰۰۰ کوردی بارزانی و دەوروبەری کە تا ئێستاش میللەتی کورد بەسەرهاتیان نازانێت ( ئاشکرا نییە لەم هاتوچۆی دوایی یەی مەسعوود بارزانی بۆ لای سەددام، شتێکی وەچنگ کەوتووە یا نە. ڕەنگە هەواڵی خۆشیشی هەبێ، ئەگینا تۆ بڵێی لە جیهاندا مرۆڤێک هەبێت دەست بخاتە دەستێکەوە کە ۸۰۰۰ خزم و کەسی سەربڕیبێ و لە نێوانیاندا چەندین برای لەدایک و باوکی خۆی؟ ).

٤- تاوانی گوێزانەوەی شەڕی عێراق و ئێران بۆ کوردستان، بە تایبەت لەلایەن (پدک) و (ینک) ەوە. بۆ نموونە ئەم خاڵە باسی (ئیسرائیل) و (عارەب) دەکات، کە چۆن ئیسرائیل بە هەموو

شێوەیەک هەوڵ دەدات شەڕ لە سنووری وڵاتەکەی خۆی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی زیان بە خاک و دانیشتووانی خاکەکەی نەکەوێت، بەڵام بەداخەوە ڕابەرانی ئێمە چونکە سوودی تایبەتیی خۆیانی تێدایە، تەنیا شەڕ بۆ کوردستان دەگوێزنەوە، بەڵکە داوای لە ( المعارضه العراقیه، عارەب، تورکمان، شیعە ) کە بفەرموون میوانیان بن و لە کوردستانەوە شەڕ لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا بکەن. ڕوونکردنەوەیەکی تر دەربارەی خاڵی یەکەم ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ ەوە هەر کوردێک بووبێت بە جاش یا پیاوی دەوڵەت بە هۆی هەڵە ڕەفتارو کردەوەی ڕابەران و لێپرسراوانی شۆڕشەکان بووە، هیتلەر گوتەنی، " ئەگەر دوو ماسی لە دەریادا شەڕ بکەن، دەستی جوولەکەی تێدایە " ئەمانیش هەر وان. لە بارەی داگیرکردنی هەڵەبجەوە لە (ل ١٣١)دا بەم مانایەوە دەڵێ : بڕیاری لێپرسراوانی شۆڕشی ئەیلوول ئەوە بوو " نابێت شارەکان داگیر بکرێت، لەترسی بۆمبا بارانکردن و وێرانکردنیان لە لایەن دوژمنەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی بەبێ هیچ دەسکاری کردنێک ئەو برووسکەیەی (ینک) بنووسمەوە کە لە نامیلکەی ژمارە ٤ ی ڕێکخراوی ( أبو ذر الغفاري - العراق ) بلاو کراوەتەوە، وا دەردەکەوێ ئەم ڕێکخراوە عەرەبی شیعە بن. لە ساڵی ١٩٨٧ نامیلکەیەکیان لەسەر یەکێتی نیشتمانی دەرهێنا، پاش ئەوەی مەلا ڕەفسنجانی لە نوێژی (جمعە)دا گوتبووی ( جلال طالبانی یک فاحشه سیاسی است ) واتە تاڵەبانی قەحپەیەکی سیاسییە.

دەقی برووسکەکە.. ژمارە ٨١،

بەروار ١١ /٢ /١٩٨٧

ناوەڕۆک، شەڕی پێشمەرگایەتی.

دوابەدوای برووسکەی تهێنیی ژمارە (٧٠)، لە ٢٣ / ١ /١٩٨٧. گومانی تێدا نییە کە ڕژێمی تاوانبار و ( خوێنڕێژی) عێراق، دەست بە هێرشی دڕندانە و تۆڵەکردنەوە دەکات، پاش هەر شەڕێکی پێشمەرگە یان (فدائی) کە مەفرەزەی هێزە پاڵەوانەکانمان دەیکەن، ئەویش لەسەر ئەو گوند و شارانەی کە هێزەکانمان لەوێوە، دەست لە دوژمن و هێزەکانی دەوەشێنن. بۆیە داواتان لێ دەکەین بەرەو لێدانی جاش و هێزی سوپای دوژمن، لە نزیک ئەو گوند و شارانەوە (لە کوردستاندا) کە دانیشتوانی هاریکاریمان لەگەڵدا ناکەن، یا هاوکاری (حدک) ن یا سەر بە دەوڵەتن، بکەونە کار.

ئیتر بۆ پێشەوە... تەواو.

نووسەرانی هەمان نامیلکە لە ژێرەوە تێبینییەکیان نووسیوە : مەبەست لە (حدک) پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە لە تشرینی دووەمی ١٩٨٦، واتە چوار مانگ بەر لە بەرواری برووسکەکە، لەگەڵ یەکێتیدا، پەیمانی هاوکاریی سوپایی و ڕامیارییان مۆر کردووە. خوێنەری بەڕێز.. بۆ گوتن یا داپۆشینی ئەم شەرمە، تۆ چی ؟.

ئەوی دەربارەی خاڵە ڕەشەکەی ( کارەساتەکەی هەڵەبجە) بە نێوچاوانی پارتەکانەوە پێویستە بگوترێ، ئەو ڕستە جوانەیە کە کاک کرمانج لە لاپەڕە ١٣٢ دا هێناویەتیەوە. " بەعسی فاشیست، دەنێوی بردن، لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان تالانی کردن ". ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە ئەگەر پارتە کوردییەکان نەبوونایە، نە ئێران هەڵەبجەی پێ دەگیردرا نە عێراقیش ژاری کیمیایی بەسەردا دەڕژاند. هەڵەبجە کاغەزێکی سەرمێزی قومار بوو، میللەت دۆڕانی و لەنێو چوو، ڕابەرانی پارتەکان بردیانەوە و پێی دەوڵەمەند بوون و ناسران و نێویان پێ دەرکرد!.

گفتوگۆ لە نێوان کوردان و ڕژێمەکانی عێراقدا.

کاک کرمانج گەلێک خۆی لەگەڵ ئەم بەشەدا ماندوو کردووە، باسی گفتوگۆ کردنی ڕابەرانی شۆڕشەکانی کورد، لەگەڵ داگیرکەراندا دەکات. لە میر محەمەدی کۆرەوە بگرە تا دەگاتە ( رحله الشتاء والصیف) ەکانی مام جەلال و ئەوانی تر.

لە لاپەڕە ١٥١ دا باسی پیلانی کوشتنی بارزانیی کردووە کە لە ڕۆژی ٢٩ /٩ ١٩٧١ دا ڕووی دا. لە ڕاستیدا ئەم پیلانە سوودی ڕاستەوخۆی بۆ بەعس نەبوو، بەڵام ( خێر و بەرەکەتەکەی ) کەوتە دەستی کوڕەکانی بارزانی و ئەو لێپرسراوە مقەوایانەی کە بە دەورویەریاندا دەپلکانەوە و بە دەزووی نەبینراو دەجووڵانەوە و دەخولانەوە. چونکە خوالێخۆشبوو بارزانی لەو ڕووداوە بە دواوە نیمچە زیندانێک کرا و دەستی لە کۆنترۆلی شۆڕش هەڵگیرا و هەرکە سەری وەدەر بهێنایە، دەیانگوت " ئەها خۆت نوقم کە بەعسییەکان دەتکوژن " بۆ ئەوەی خۆشیان دڵسۆزتر پیشان بدەن دەیانگوت " کە تۆش کوژرای شۆڕش دەتاوێتەوە ". لەڕاستیدا بەئارەزووی خۆیان دەیاندڕی و دەیاندووری و کەسیش نەبوو ژمارە و پێوانییان لەگەڵدا بکات. ڕێگاشیان لە دۆستانی دڵسۆز و ڕاستەقینەی بارزانی بڕیبوو کە بڕۆن چاویان پێی بکەوێ، ئەوەکوو هەواڵی تاوانی زۆر و ستەمەکانی ئەمانیان پێ بگەیەنن. لە لاپەڕەی ١٥٥ داگوتەیەکی (صدام حسین) ی هێناوەتەوە کە دەڵێ "

الأحزاب الكرديه إذا بيهم خير خلى يتفقون بيناتهم ". ئەگەر ڕابەران هەست و هۆشیان هەبێت، ئەم وتەیە لە بۆمبای ژاراوی ژاراویترە و تاڵترە. لە لاپەڕەی ١٥٦ دا گوتەیەکی مام جەلالی هێناوەتەوە کە دەڵێ :

" ئێمە وەکو سۆنەمان لێهاتوە، لە هەزار ئاو دەدەین و تەڕ نابین " هەر واشە، کەس وەکو خۆی خۆی نەناسیوە.. هەر ئەویشە کە دەڵێ : " تاکو من مابم کورد ڕزگاری نابێت " ئەگەر چی ئەندامانی پارتەکەی هەزار و یەک مانایان بۆ ئەم گوتەیەی پەیدا کردووە. دەڵێن " مەبەستی ئەوە بووە کە کێشەی کورد درێژە دەکێشێ ". بەڵام ڕاستییەکەی هەر ئەوەیە کە خۆی گوتوویەتی : تا ئەو و تاقمەکەی و هاوڕێکانی تری لە سەرەک پارتەکان مابن، نایەڵن کورد ڕزگاری بێت و هەمیشە بەردی بەربێی پێشکەوتنی کوردن ... بەڵام سەرم لێ شێواوە و نازانم ئێمەی کورد کەی کلکی ئەمانە بەردەدەین و کەی ( حەقیقەتیان) دەزانین؟.

لە لاپەڕە ١٧٦ دا دیسان دەربارەی تاڵەبانی پرسیارێک ئاراستەی خوێنەران دەکات سەبارەت بە پێوەندی جەلال لەگەڵ ئەمریکا و بەراوردی دەکات لەگەڵ پەیوەندی بارزانی و هەمان ئەمریکا کە شایانی خوێندنەوەیە.

لە بارەی بەرەوە :
کاک کرمانج وەک زۆر کەسی تر باوەڕی بەوە نییە کە ئەم تازە بەرەیەش، وەک کۆنە بەرەکان، شتێک بۆ کورد بە دەست بهێنێت ، بۆیە دەڵێ : « بەرەی کوردستانی سروشتی بەرەیەکی ڕاستەقینەی نییە، ئیتر لەوە دەچێ سەرانی پارتەکان بۆ خۆ گرتنەوە دایانمەزراندبێ ». وشەی خۆگرتنەوە کردەوەی ئەو بازرگان و کۆمپانیا زلانە دەهێنێتەوە یاد کە تا بەهێزن بەربەرەکانیی یەکتر دەکەن، هەر کە لاوازیش بوون دوو دوو و سێ سێ تێکەڵ بە یەک دەبن و بە هاوبەشی دەکەونە کار تا دیسان هەندێکیان قەبە دەبن و بەم جۆرە....

کاک کرمانج لە لاپەڕە ١٧١ دا لە چەند وشەیەکدا دەڵێ : « ئەو شۆڕشەی تەکیەی بە جەماوەر و هێزی کاری خۆی نەکا ..... جگە لە شۆڕشێکی سەرگەردان و چەواشە و ئەنجام ڕەش، ناکرێ هیچ تاریفێکی تری بۆ بکرێ ».
خاڵێکی تری سەرنج ڕاکێشەری ئەم باسە ئەوەیە کە لە لاپەڕە ١٨١ دا دەڵێ : بەرەی کوردستانی لە بەیاننامەکەی خۆیدا پشتگیریی لە خەباتی گەلی فەلەستین و بزاڤی لوبنان و تەواوی گەلانی جیهان دەکات، بەڵام بە تاکە وشەیەکیش باسی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانا ناکات!». پاشان دەڵێ « هەر لێرە.... نیشتمانپەروەری کورد لە حەقیقەتی ئەو بەرەیە دەکەوێتە گومان ». بێگومان هەر وایە.
لە بەشی کورد لە نێوان مافی ڕۆشنبیری و سەربەخۆییدا، لە دێڕەکانی سەرەتادا گەیشتووەتە ڕاستییەک، خۆزگە ڕێبەرانیش پێی بگەیشتنایە. کاک کرمانج دەڵێ : « هەر هەموویان ( وڵاتانی داگیرکەری کوردستان) لە یەک نوختە یەکتری دەگرنەوە، ئەوەش تواندنەوەی نەتەوەی کوردە لە بۆتەی نەتەوەکانی خۆیاندا».
لە کۆتایی نووسینەکەیدا گوندی دەگاتە ئەنجامێکی ڕێک و پێک و بە کەڵک و دەڵێ :
١- ئەمڕۆ لە جیهانی ڕامیاریدا حسێبێکی زۆر بۆ هێز دەکرێ، ئەو هێزەش یەکێتییە.ئەمجا خۆناسینە، دۆست و دژمن ناسینە... کە بە داخەوە ئێمە لەوانە بێ بەهرەین.
٢- سەرانی کورد بە بیری گوند و ئاکاری دێوەخان ڕێبەرایەتیی بزاڤەکە دەکەن، کارێکی وایان کردووە، بزاڤەکە لەناو تەوەرێکی بۆشدا خول بخواتەوە.... خۆیان هیچ کاتێک پێ لەم ڕاستییە نانێن و باسکردنیشی لە لایەن خەڵکی ترەوە بەتاوان دادەنێن و بە خۆفرۆش و پیاوی ئەم و ئەویان نێو زڕاو دەکەن و ئەگەر بۆیان بلوێ لە کوشتنیشیان ناسلەمێنەوە.

لە کۆتاییدا داوای سەرکەوتن بۆ کاک ئاسی و کاک کرمانج دەکەم. ئەمڕۆ ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە ڕووناکبیرانی کورد بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەرنجی مێژووی سیاسیی گەلەکەیان بدەن.

یووسف زەنگەنە

لە ساڵی ١٩٥٥ لە کەرکووک لە دایک بووم. خوێندنی ئامادەییم هەر لەوێ تەواو کردووە. قۆناخی زانکۆم لە ئێران و بریتانیا تەواو کردووە. لە منداڵییەوە حەزم لە چیرۆک و شیعر و نووسین کردووە. تا ئێستا چەند کتێبێکم بڵاوکردۆتەوە. لە سەرەتای هەفتاکاندا گۆڤاری دەنگی ئافرەتم لە دەزگ بڵاو دەکردەوە. هەروەها گۆڤاری کۆمەڵایەتیم لە کوردستانی ڕزگارکراو دەردەکرد و سەرپەرشتیی ڕۆژنامەی دەنگی قوتابیانم دەکرد. ئێستا لە لەندەن دەژیم.

# شارەکەی حوسێن عارف

## شیرین بۆز ئەرسلان

حوسەین عارف : شار ( ڕۆمان )، بەرگی یەکەم،
لەچاپکراوەکانی گۆڤاری کاروان ١٩٨٦، ٢٨٦ لاپەرە

ڕۆمانا شار یا حوسێن عارف د سالا (١٩٨٦)دە ل بەغدایێ دەرچوویە. بەرگێ یەکەم نێزی ٣٩٠ ڕووپەلە. هەر ئەو بەرگە من خوەندییە و ئەز دخوازم ب خوەندەڤانان بدم ناسین.

ڕۆمان ب زاراڤێ سۆرانی و ب تیپێن عەرەبییە. بابەتێن وێ دسالا ١٩٤٢ دە دەست پێ دکە. جی، باژارەکا کوردستانا ژێرینە. داخوازا نڤیسکار ب گشتی ئەوە کو ڤالا ژیانا کوردان یا ل باژارەک بکە. گەلحەسێن کو ژیانا ل باژاران ب خوەرە تینە، پر ب هاوایەکا ئەشکەرە تێن بەرچاڤ. ئەو گەلێ، گەلحەسێن ناڤبەرا (نوو) و (کەڤن)، گەلحەسێن ناڤبەرا گوندیتی و باژارێتییە. نڤیسکار قاسێ کو ڤالا بیر و باوەڕییێن کەڤن دکە، قاسێ کو ڤالا عورف و عادەتێن کو ب سەد سالانن د ناڤ کورداندە ب جی بوونە دکە، ئەوقاسژی ڤالا بیر و باوەڕییێن کو ژیانا مودەرن ب مەکتەب و نەخوەشخانە و کار و هـ. و. د. ب خوەرە تینە، دکە. هەروەها داخوازا ڕزگارییا کوردستانێ و خەباتێن سیاسی ب هاوایەک گرتی بە ژی تێ ڤال کرن و ل هەمبەر ڤێ یەکێ ژی ڕەژیما عیراقێ دیسان ب هاوایەک گرتی د ڕۆمانێدە جی دگرە.

تشتەکا دی کو ب جارەکدا بالا خوەندەڤان دکێشە ئەوە کو نڤیسکار گەلەک جی دایە ژیانا کەچ و ژنان، داخوازێن وان بۆ پێشدەمێ، پێوەندییێن وان و مێران و ڕۆلا وان یا د مالێ و د جڤاتێدە. هەروەها مەرڤ دکارە بێژە کو ڕۆمان ڕۆمانا گەنجانە. پڕانییا قەهرەمانێن ڕۆمانێ گەنجن. دزانن کو پێشدەم یا وانە. بەرپرسیارییەک مەزن ل سەر ملێن وانە. ل ئالییەک پرۆبلەم و تەشخەلێن کو هەنە، ل ئالییەک دن خەون و خیالێن بۆ پێشدەمێ. ل ئالییەک کار و خەباتێن تێکۆشینێ، ل ئالییەک دنژی مشکلێن کو ڕەژیم ب ڕێیا پۆلیس و جاسووسێن خوە دەردخە پێش وان. ب گۆتنەک دن، ڤال کرنا ژیانا گەنجان کو د ناڤبەرا ڕاستیا دژوار و داخوازێن بۆ پێشدەمێدە دحەرکە دچە، گرنگترین مەخسەدە کو نڤیسکار د ڕۆمانێدە تینە بەر چاڤان.

حادیسێن ڕۆمانێ د سالا ١٩٤٢ دە دەسپێدکە. ئێڤارەک، مەرڤەک ب ناڤێ سابیرێ حەمال ل خانییەک ئۆدەک کرێ دکە. ل ئۆدا خوە دفکرە و ب وێ فکراندنا خوە، خوە ب خوەندەڤان ددە ناس کرن. هەڤدە سال بەرێ گوندێ خوە هێشتییە و هاتییە شار. هاتن ئەو هاتن. ژ بەر کو یەکێ پڕ بوودەلە و تراله، هەڤدە ساله ل شار دگەڕە. خوەدییێ خانی میمکە (نەنێ)، یەکا گەلەک سەروەخت و سەردەستە. دبینە کو سابیر یەکێ گێژ و بێکێرە، ڕۆژەک کار بکە سێ ڕۆژان ڕادزە. میمکە ددە سەر کو بچە کار بکە و پەرە بینە. ل خانی کرێچییەکا ژنەبی ب ناڤێ خاوەر هەیە. میمکە، خاوەر و سابیر ب هەڤرە دزەوجینە و ژ وێ زەواجێ قەهرەمانا ڕۆمانێ یا ڕۆلا یەکەمین، مریەم تێ دنێ. مریەم کو دبە پێنج سالی، خاوەر دمرە. میمکە خوەدی کرنا مریەمێ دگرە سەر خوە. لێ ئیدی نێزی هەفتێ سالییە دترسە کو بمرە و مریەم بکەڤە بەر دەستان. وساژی دبە. مریەم هێن نەهـ سالییە، میمکە دمرە. خەین ژ باڤەکە بودەلە ئیدی تو کەسەکێ مریەمێ تنە و ڕۆژ ب ڕۆژ بەر ب تراژەدییەکێ دچە.

سابیر ژ بۆ چەندیک مریەمێ ددە جەم مالا ناسەکێ خوە. مریەم ل ور سڤکا بەردەستێ خانمییە. لێ ژ حالێ خوە ڕازییە. کەچا مالێ گەلاوێژە، یەکا تێکۆشەر و ڕەوشەنبیرە و مامۆستایە. ژ مریەمێرە دبە وەک خوشکەک، وێ فێرێ خوەندن و نڤیسینێ دکە، وێ دگینە. لێ سابیر، مریەمێ ژ جەم وێ مالێ دبە. مەرڤەک ب ناڤێ حەمە کەریمێ دەرویش، مریەمێ دخوازە. یەکێ چلوپێنج سالییە و ل شار ب ناڤێ دەرویشێ دڕندە (جناور) تێ ناس کرن. تەولی کو سابیر وی ناس ناکە، نزانە چ کەسە، دیسانژی مریەما پانزدە سالی ب پێنجی دیناری ددە دەرویش. دەرویش یەکێ زالم و وەحشییە. بەریژی دوو ژن کرییە کو تەمەنێ وان دوانزدە، سێزدە سالی بوونە، لێ ب هەوایەک خوە ژ دەستێ وی خەلاس کرنە. خویشکا وی خورشە ل بەر دەستێ وی وەک ئێسیرەکە. وێ ژ مێرێ وێ دایە بەردان و ژ ترسا ڕحێ خوە، خورشە گوتنەک وی ناکە دەو. شەڤا زەواجا مریەمێ، کو دەرویش ژ هوندر دەردکەڤە و خورشە دچە جەم مریەمێ، دبێژە قەی دەرویش وێ کوشتییە. دەست و دەڤێ وێ گرێ دای، د ناڤ خوینێدە و بهێشە. هەتا ڕۆژا دن هەشێ مریەمێ نایە سەری. لێ کو شیار دبە، وسا

ترسەک د دلدیە کو ، بڕیارا خوە دایە جارەک دنژی خوە ب دەستێ دەرویشرە بەرنەدە. جارێ کو دەرویش نێزی دچە، ب قەلەمبازی دبەزە ناڤ حەوشێ و دبە هەوار هەوارا وێ. باوەڕی تینە کو دێ دین دبە.

خوەشترین ڕوویەلێن ڕۆمانێ ئەون کو بەحسا تیکۆشینا مریەما یانزدە سالی دکن. هەرچقاس دەری کلیت کرییە و کلیت ل بەر پشتا خورشەیە، دیسانژی مریەم کو کەیس دکەڤە دەستان، خوە ب پرتاو دگینە باڤێ خوە. خوە داڤێژە بەختێ وی کو وێ ژ دەست دڕندە خەلاس بکە. سابیرێ بودەلە شاش دبە کو چاوا ژنەک ژ مێرێ خوە بترسە. پڕ دەرباز نابە دەرویش کێرەک د دەستاندە ل نوو مریەمێ دکەڤ هوندر. هەرچقاس سابیر لێ حیرس دەبە کو ب کێرێ وێ نەترسینە، هێن زارۆکە، دیسان ژ دەستێ مریەمێ دگرە ددە پیش دەرویش و دبێژە کو بنەقل بەر ل مالا خوە روونە.

مریەم هێڤییێ ژ باڤێ دبڕە. لێ جیران هەنە و بڕیارا وێ بڕیارا کو خوە ژ دەستێ دەرویش خەلاس بکە. دەرویش ب ڕۆژان وێ گرێ ددە، ددێ سوندێ و تۆبە پێ ددە کرن کو ئیدی ژ مالێ نەڕەڤە. کو ونڤە دکە، مریەما زارۆک تۆبە و هەر تشتێ ژ بیر دکە و د ناڤ مالێدە دبەزە و دبە زارەزارا وێ هەتاکو جیران تێن ئالیکاریا وێ. جارناژی خوە ژسەر خانییانرە داڤێژە مالێ جیران هەتاکو دەرویش تێ وێ ژ ور دبە. وسا دبە کو جیران ژ بەر وان تێن ئەمانێ و لەعنەت ل دەرویش و خورشە تەڤ تینن. مریەم دبینە کو جیران عاجز دبن، ئیجا کونا ڕۆنی ل جەم گەلاوێژ دبینە. د کەیسەکدە هەماهەما ب چار پەرکان، ب گرین و نالین خوە دگینە مالا گەلاوێژ. گەلاوێژا ڕەوشەنبیر دێ وباڤێ رادکە سەر پییان و ب هاوایەک مریەمێ ڤەدشێرن. ئیدی دمینن سابیر و دەرویش. دەرویش ژیانا وی دکە ژەهری کو کا مریەم ل کویە. سابیر ب خوەژی نزانە کو کەچا وی ل کویە. هەرجارا کو دەرویش ب سەردە تێ وەک زارۆکەک دترسە و دلەرزە.

ل ڤر ئیدی خوەندەڤان شۆپا مریەمێ وندا دکە هەتا کو داوییا ڕۆمانێدە ب دەردەک دن، ئیجا ب دەردێ ئەڤینێ، دەردکەڤە پێش خوەندەڤان. د شووندە گەلەک قەهرەمانێن دن دەردکەڤن پێش. خورشید و ئەوڕەحمان کو هەڤالێ هەڤ یێن پڕ نێزن، تیکۆشەر و خەباتکارن، ئەختەر کو خوەندەکارە و ئەو و خورشید ژ هەڤ حەز دکن، خوشکا خورشید ئاسکۆڵ کو ژ ئەوڕەحمان حەز دکە، وەستا تایەر کو خوەدی چایخانەکە و گەلەک حادیسە و سوحبەتێن ڕۆمانێ ل چایخانا وی دەرباز دبن، برایێ خورشید، زۆراب، کو ل

بەر دەستێ وەستا کار دکە و وەستا کەچا خوە نازێ ددە وی، حەمەشین، فەرهاد، ئەوزاد، خولەیێ جاسووس، زایەرێ جاسووس کو برایێ وەستا تایەرە، مەجییێ برێ ئەختەر کو هەڤالبەندێ ڕەژیمێیە و گەلێک کەسێن دن. گەلەک ناڤبەر ژیانا کەڤنار و ژیانا مۆدەرن، هەروەها گەلەک ناڤبەر دلسۆزی، کوردیتی و تەعداییێن ڕەژیمێ و جاسووسی پڕتر د ئەڤینا ناڤبەر ئەختەر و خورشیددە خویا دکە. خورشید کارکەرە و ئەختەر خوەندکارە. پڕ ژ هەڤ حەز دکەن، ئەختەر بڕیار دایە کو یان ژ خورشیدرە یە یان ژ ئاخیرە. لێ دخوازە ببە دوختۆر و هەتا کو خوەندنێ خلاس نەکە دێ ب خورشیدرە نەزەوجە. هەرو، پشتی کو ئەختەر ژ خوەندنگەهێ دەردکەڤە هەڤ دبینن. گەلەک جارا ل مالا ئەوڕەحمان. قسە دکن، دەستێ هەڤ دگرن، هەڤ ماچ دکن، خیالێ پێشدەهێ و زەواجێ دکن. لێ مشکیلەک ل پیش وانە، ئەوژی برایێ ئەختەر مەجییە. مەجبوورن ئەڤینا خوە ڤەشێرن. دیسانژی مەجی ب وان دحەسە. ب کەسێن هەڤالبەندێ ڕەژیمێ، خورشید ددە بریندار کرن و ئەختەرژی مەجبوور دکە کو دەڤ ژ خوەندنێ بەردە و ب یەکێ هەڤالێ ویرە بزەوجە. مەجی باوەڕییا وی وسایە کو خوشکا وییە و مافێ وییە وێ ب یەکێ کو ئەو دخوازەرە بزەوجینە. ئەختەر ژ مالێ دڕەڤە. ئامادەیە کو دەڤ ژ خوەندنێ بەردە و ب خورشیدرە بڕەڤە بچن بەغدایێ، ل ور بزەوجن. لێ مین کو کەیس نەدینە، مەجی ب ئالیکارییا زایەرێ جاسووس خورشید ددە گرتن. ئیجا ئەختەر وەک مریەمێ پەنابەرێ دبە جەم گەلاوێژ. هەروەها ئەو گەلج د ئەڤینا ناڤبەر ئەوڕەحمان و خوشکا خورشید ئاسکۆڵدە ژی هەیە. زایەر کو خوەدی مال و زارۆکە، چاڤ بەر ددە ئاسکۆڵێ. دیبا ئاسکۆڵێ دبێژە وی کو کەچا خوە ب سەر هەوییێرە نادە. ئیجا ئەوڕەحمان و ئاسکۆڵ لەز دکن نیشان دبن و حەزرا داوەتێ دکن، لێ کەیس ناکەڤە دەستێ وان. ژبەرکو زایەر ب دەکەک ئەوڕەحمان ب خولەیێ جاسووس ددە گرتن. ئەوڕەحمان سالەک حەفس رادزە. خەباتا سیاسی و تیکۆشەریژی د ڕۆمانیدە تێ ڤال کرن. ئەوزاد، فەرهاد، خورشید، ئەوڕەحمان، زۆراب، گەلاوێژ ڤانا هەموو ئەندامێ خەباتەکن، گەلەک جاران لە هەڤ دجڤن. د راکرنا جەنازێ شێخ مەحمووددە ئەڤ ئۆرگانیزا وانا سیاسی ڕۆلەک مەزن دلەیزە. دەرحال ل هەڤ دجڤن، دکەڤن دەوێ کو وسا بکن کو هین زەرارەک نەگیشە گەل مینژی ب هاوایەک ڕێک و پێک تەرمێ شێخ هەلین. چیژی دکن نکارن پێشی ژێ بگرن کو مەراسما جەنازە نەبە ڕاپەڕینەکە گەلی ل دژێ ڕەژیمێ. د ڕاپەڕینێدە چەند کەس

تێن کوشتن. گەلەک کەسێن کو بریندارێ دبن هەول ددن کو نەچن نەخوەشخانێ و نەکەڤن بەر دەستێ حکوومەتێ. ل ڤر مەخسەدا نڤیسکار ئەوە کو نەباوەرێ و ترسا خەلکێ کورد ل هەمبەر ڕەژیمێ نیشان بدە. هەروەها گاڤا ل شار ناسەرەک پر مەزن ڕادبە و گەلەک خانی و دکان خرا دبن، گەلەک کەس دمرن، دیسان ئەو خەباتا ڤان گەنجان یا سیاسی و ڤەشارتی دەردکەڤە پێش. ل هەڤ دجڤن، نەخشە و پلانان چێ دکن کو چاوا ئالیکاریا گەل بکن. لێ جارناڤێ ڤان گەنجان خوە ب ڤێ ئۆرگانیزە کرنێڤە گرێدای دبینن؛ وەک ئەورەحمان. پشتی کو ژ حەفسێ دەرتێ دخوازە حەیفێ ژ زایەر بستینە. لێ فەرهاد کو یەک ژ کەسێن بلندە د خەباتێدە، ب ناڤێ سیاسەتێ ڕێ نادە وی. ل ئالیێ دنێ زایەر بڕیار دایە دیسان تشتەک بینە سەرێ ئەورەحمان کو ئەو و ئاسکۆلێ نەگیشن هەڤ. ئیجا ئەورەحمان د ناڤبەرێدە دمینە. یا دێ وەک خوە بکە و حەیف بستینە، یا ژی دێ ب ئا فەرهاد و سیاسەتا خوە بکە.

داوییا ڕۆمانێدە دیسان مریەم دەردەکەڤە پێش. ئیدی پانزدە ـ شانزدە سالییە. یەکا ڕند ونازکە. لە مالا خالێ گەلاوێژ، وەهاب، دمینە. دەروێش گەلیک لێ گەڕییە. گەلەکژی تەدا ل باڤێ وێ سابیر کرییە، هەتا کو ڕۆژەک ل چایخانا تایەر ل وەستا ب خوە خستییە. ئیجا سابیرێ بودەلە بۆ یەکەم جار د ژیانا خوەدە هاتییە غەزەبێ، ڕاژتییە بێرا ل تەنیشت ئۆجاخ، هەتا کو کوشتییە لێ خستییە. ژ بەر ڤێ یەکێژی ل بەغدایێ کەتییە حەفسێ و دەه سال دانە وی.

وەهاب بەرە بەرە مریەمێژی دخە خەباتا سیاسی و بۆ ڤێ یەکێ جارنا وێ دشینە جەم فەرهاد. د ناڤبەرا وێ و فەرهاددا حەزکرنەک دەس پێ دکە و وەهابژی د دل خوەدە وا داتینە کو وان بزەوجینە. دەردێ کو ڤێ جارێ دەردکەڤە پێش مریەم، یا کو هەر تشتێ کربوو کو ژ دەستێ دڕندە خلاس بکە، گەلاوێژ ب خوەیە. ژ بەر کو گەلاوێژێ دلی کەتییە فەرهاد. گەلاوێژ و فەرهاد، تەمەنێ وان نێز بیست و پێنج سالە و هەردووژی ژ زووڤە د خەباتا سیاسیدەنە، هەردووژی ژیر و زانانە. لێ فەرهاد ژ مریەمێ حەز دکە. ژ بەر ڤێ یەکێژی گەلاوێژا کو ژ بۆ ڕزگاریا مریەمێ هەر تشتی کربوو، نها وسا کینەکا بێنەمان دکەڤە دلێ وێ، کو دکە کو دەستی بگرە، وێ ژ مالا خالێ خوە باڤێژە دەر. بێژە وێ کو ژ کوڤە هاتبوو دیسان هەڕە وێ. ل ڤر جیێ ژنان د جڤاتێدە پڕ باش دەردکەڤە پێش. هەرچڤاس زانایە، تەکۆشەرە و مامۆستایە، دخوازە ل فەرهاد ڤەبیە و حسێن خوە ژێرە بێژە، پێشنیازا زەواجێ لێ بکە، لێ نکارە. فەرهاد و مریەم و وەهابژی تێدگیشن کو گەلاوێژ ژ فەرهاد حەز دکە. مریەم نزانە دێ چ بکە. ناخوازە فەرهاد ژ دەست بەردە، لێ ل ئالییەک دنژی گەلاوێژ ژیانا وێ خلاس کرییە. ب فەرهادرە بزەوجە دێ چاوان ئیدی کاریە ل ڕووێ وێ مێزە بکە.

ڕووپەلا داوی یا ڕۆمانێدە ڕادیۆ حەوادیسا دەربێ ل بەغدایێ ددە. ئیدی دمینن خوەندەڤان و گەلەک پرسیار. ژ مریەم و گەلاوێژ کی دێ ب فەرهادرە بزەوجە؟ خورشید دێ ژ حەفسێ دەرکەڤە و بگیشە ئەختەرێ، مەجی دێ وی ببینە و ب زۆر ب یەکێ دنرە بزەوجینە، هەکو وسابە ئەختەر وەکو سۆزند خوارییە دێ خوە بکوژە؟ ئەورەحمان دێ حەیفێ ژ زایەر بستینە؟ و ڕەژیما نوو دێ ژ وانرا و ژ خەلکێ کوردرا چاوابە؟ بەرسڤێن وان پرسیاران دێ د بەرگا دوویاندە هەبە کو ئەز هێڤیدارم دەرکەتییە ئانژی وێ دەرکەڤە.

ڕۆمانا شار یەک ژ ڕۆمانێن خوەشترینە کو من چ ب کوردی و چ ب ترکی و سوێدی خوەندییە. گاڤا من ئەڤ ڕۆمان خوەند ئەز باشتر تێگیشتم کو ئەدەبیاتا کوردی ب زاراڤێ سۆرانی گەلەک دەولەمەندە و پێویستە ئەم کوردێن کوردستانا ژۆرین سۆرانی ڤێر بن و کاربن بەشدارێ ڤێ دەولەمەندییێ ببن.

١٩٩٢ / ٨/ ٣١

شیرین بۆزئارسلان :

١٩٦١ ل دیاریەکر لە دایک بووم، ١٩٧٩ هاتم بۆ سوێد. لێرە ل زانستگە ستاتستیک، مێژووی ئیکۆنۆمی و ئارشیڤم خوێند. ئێستا زمانی کوردی دەخوێنم.

... شەوێکیان ٧.٦ گەنجی کوردی ئوردونی منیان لە مەجلیسی کاملاَن دابڕی، هەر لە سەعات نۆوە هەتا یەکی پاش نیوەشەو لە گەڵیان دوام... پرسیارێکی زەقیان کرد گرتیان، چۆنت ڕا لە گەنجی کوردە؟ گوتم هەتا سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو بە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردیدا نەسەپێنن هەمووتان چیلکەی ئاگرن...

مەسعوود محەمەد

گەشتی ژیانم ،ل ٥٥٩

# کتێبخانەی

## مامۆستای کورد

هەر بەرهەمێک ( کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە) بە دیاری بۆ ئەم گۆڤارە نەنێردرابێ، بە ئەرکی خۆمانی نازانین لەم بەشەدا تۆماری بکەین.

کتێب :

* جوگرافیای سوێد، حەمە سەعید حەسەن لە سوێدییەوە کردوویە بە کوردی، دەزگای کاروباری خوێندنگەکانی سوێد، ستۆکهۆلم ١٩٩٢، ٨١ ل.

* فاتیح ڕەسووڵ: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان (بەرگی یەکەم)، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد ١٩٩١، ٤٠٤ ل.

* خالد خالد کۆچی: مستەفا بارزانی لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا، کورتە وەڵامێک لە سەر کتێبی فازیل ئەلبەڕاک، ستۆکهۆلم ١٩٩٢، ٥٢ ل.

* فەرهاد پیربال: Exil (ئێکسیل = تاراوگە)، شیعر ئەنستیتووتی کورد لە پاریس١٩٩٢، ١٦٣ ل.

* ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەی نۆهەم، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەفرانباری ١٣٧٠ ( دیسامبەری ١٩٩١ )، ٧٨ ل.

* بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پەسەندکراوی کۆنگرەی نۆهەم، کۆمیسیۆنی تەبلیغاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەفرانباری ١٣٧٠ ( دیسامبەری ١٩٩١ )، ٤١ ل.

* طارق جەمباز: چل کەزی ( کۆمەڵە هەقایەتێکی کوردییە )، ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ١٩٩٠، ٢١٦ ل.

* ئەنوەر ئازیار خوسرەو جاف (ئامادەکردن و داڕشتنەوە) : دەڵە دێوەکەی سوڵتان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٩٢، ١٥٢ ل.

* بابا مردوخ روحانی ( شیوا ) : تاریخ مشاهیر کرد، بخش دوم، جلد سوم، به کوشش ماجد مردوخ روحانی، سروش، تهران ١٣٧١، ٦٩١ ص.

* ئیسماعیل ڕەسووڵ : پەرستگەی دڵداری (ڕۆمان)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٩٠، ١٨٠ ل.

* ب. ڕەشنەحەمەی : بەرخۆلە (چیرۆک بۆ منالان)، ئینتشاراتی گۆڕان (کوردستانی ئێران)، ١٣٦٩ (١٩٩٠)، ٣٠ ل.

* یاسین قادر بەرزنجی (وەرگێڕ) : کۆچ بۆ دارستان (چیرۆک بۆ مندالان)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ـ١٩٨٨، ٩٦ ل.

* پەشێو مەریوانی : مام ڕێوی (چیرۆک بۆ مندالان ـ بەشی دووهەم)، بنکەی سارا ـ ستۆکهۆلم ـ١٩٩٢، ٣٨ ل.

* خونچەکان (کۆمەڵە بابەتێکی ئەدەبی و هونەرییە بۆ مندالان)، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد ـ لەندەن ١٩٩٢، ٢٠ ل.

* عـەزیـزی مـەلای ڕەش : بـۆرە ( ڕۆمـان بـۆ مـێرد منداڵان)، بەغدا ١٩٩١، ١١٢ ل.

* ڕادیۆکانی بێگانە و داگیرکردنی بیری ، وەرگێڕ: هادی عەلی، یەکێتیی ئیسلامیی جیهانیی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران، ١٩٩٢ (١٤١٢ی کۆچی)، ١٣ ل.

* الجنرال إحسان نوري پاشا : إنتفاضه آگري ١٩٢٦ - ١٩٣٠ (مذكرات)، ترجمه : صلاح بروارى، بيروت - لبنان ١٩٩٠، ١٤٨ ص.

* دادگەریی یەزدانی - وانەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی ٢، دامەزراوەی ئەلبەلاغ - ئێران - تاران ١٩٩١، ٦٤ ل.

* ئەحمەد کاکە مەحموود : ئاشتی لە ئیسلامدا، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئەلنەفیر ( النفير)، بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ١٩٩٢ ( ١٤١٢ک) ، ١٥٨ ل.

* شەهید عەبدوڵڵا عەززام : بگە بە کاروان، وەرگێرانی : عەبدولڕەحمان طاها فەتحوڵویین، ئەلنەفیر - ب. ئی ک. ع، ١٩٩٢ (١٤١٢ک)، ٩٤ ل.

* ئەحمەد کاکە مەحموود : ڕێزی بەیعەت لە ئیسلامدا، ئەلنەفیر - ب. ئی . ک. ع، ١٩٩٢ (١٤١٢ک )، ٦٢ ل.

* شـەهـید مـەروان حـەدید : بـانـگـەوازێک بـۆ زانـا تێـشـکـەرەکـان، مـوسـڵمـانـە دڵسـۆزەکـان، کـۆمـەڵە ئیسلامییەکان، وەرگێرانی : ڕێبوار عابد موحەممەد، ئەلنەفیر - ب. ئی . ک. ع، ١٩٩٢ (١٤١٢ک)، ٥٤ ل.

* الشيخ عمر غريب : موجز تأريخي عن بدايه ظهور القضيه الكرديه، من مطبوعات الحزب الأسلامى الكردستاني، ١٩٩٢ (١٤١٢ هـ)، ٥٢ص.

* الشيخ عمر غريب: القضيه الكرديه بين الأفراط والتفريط، الحزب الإسلامي الكردستاني، ١٩٩٢(١٤١٢ هـ)،١١٤ص.

* خليل فتاح قاضى : سالهاى إضطراب (خاطرات) مركز نشر فرهنگ وأدبيات كردى - كردستان إيران ١٣٧٠ (١٩٩١)، ١١٨ + ٥ + ١٣ + ٤ ( ١٤٠ص).

* پەرویز جیهانی : ڤیربوونا ڕێنڤیسا کوردی ب دو شێوەیان، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی - ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی - ورمێ ١٣٧٠ (١٩٩١)، ٥١ ل.

* سۆران سـنـەیـی : ڕیـسـالـەی عـیـشـق لـە مەولەویناسیدا، سەلاحەددینی ئەییووبی - ورمێ ١٣٧٠ (١٩٩١)، ٥٨٥ ل.

* سـەیید محـەمـەد طـاهـیر سـەیید زادە هـاشـمی : هەوارگـەی دڵان( دیوانـی ئـەشـعـار)، سـەلاحـەددینی ئەییووبی ١٣٧٠ (١٩٩١)، ٢٥١ ل.

* شـەونم (وەرگێڕاوی سـەر غـەزەلی حافز)، وەرگێڕ : مـامـۆسـتـا حـەقـیـقـی، سـەلاحـەددیـنـی ئـەیـیـووبـی، ١٣٧٠(١٩٩١)، ١٥٤ ل.

* محەمەد فەریق حەسەن : دووربین (کۆمەڵە چیرۆک)، ئاپێک، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ١٣٦ ل.

* حەمە سەعید حەسەن : ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا، ئاپێک - ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ١٦٨ ل.

* حەمە سەعید حەسەن : سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی و چەند مەسەلەیەکی ئەدەبیی دیکە ( ڕەخنەی ئەدەبی)، ئاپێک - ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ١٥٦ ل.

* جۆرج ئۆروێل : مـەزرای حـەیـوانـەکـان (ڕۆمـان)، وەرگێڕانـی ئـازاد مـسـتـەفـا و مـوحـەمـمـەد شـاکـەلی، پێداچوونەوەی عوسمان خۆشناو، هەولێر - کوردستان ١٩٩٢، ٧٧ ل.

* ڕێبوار سیوەیلی : مەستوورە لە ڕوانگەیەکی ترەوە ( لێکۆڵینەوەیەکە لە ئێرۆتیکای شیعری نالی)، دانمارک ١٩٩٢، ١٠٨ ل.

* تـەیـفـوور : گـەلاوێژ ( سـیـنـاریـۆ - چـیرۆک)، وێرای وەرگێڕانی بۆ کرمانجی : بارزان شاسوار، ستۆکهۆڵم ١٩٩٢، ٦٦ + ٩٢ ل.

* مـەهـمـەد ئـۆزوون : دەسـتـپـێکا ئـەدەبیاتا کوردی ( لێکۆلین)، وەشانێن بەیبوون - ئانکارا ١٩٩٢، ١٠٨ ل.

Zowjout Ansari : Sanningen viskar (dikter), PMB Bokkonsult AB, Stockholm 1992, 60 s.

Mirella Galletti : Sviluppi del problema curdo Negli Anni 80 (Primma parte), extract from: Oriente Moderno, N. 7–12 (1990), pp. 157– 182.

Goran : List og Tar, Pydandi : Jon far Palmholti, Hringskuggar, Island 1991, 56 s.

Policromia Kurda ( Artisti : Asso Sdik, Ata Kazzaz, Amed Sharif, Baktiar Sur, Baldin Ahmad, Fuad, Nawzad Sulaiman, Omed Shali, Smko Tawfik, Sardar Ali, Yousif), Siena ( Italia) 1992.

Maria T . O' shea (editor) : Kurdistan, Political and economic Potential, GRC, SOAS (Londen) 1992, 76 p.

Necmettin Buyukkaya : Kalemimden Sayfalar, Apec – Tryck & Förlag, Stockholm 1992, 504 s.

Stephan C. Pelletiere : The Kurds and their Agas : An Assessment of the Situation in Northern Iraq, strategic studies institute, U.S. Army war College, September 1991, 34 p.

Martin Van Bruinessen : Kurdistan Uzerine Yazilar, Iletişim Yayinlari, Istanbul 1992, 373 s.

Martin Van Bruinessen and Hendrik Boeschoten: Evliya Celebi in Diyarbakir, E. J. Brill (Holand) 1988, 270p.

* ڕۆهات : د چاڤکانی بێن سوێدیدا مۆتیڤێن کوردی، وەشانخانا ڤەژین، ستۆکهۆلم ۱۹۹۱، ل.

* ح. گەوهەری : ڕاپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان، ستۆکهۆڵم ۱۹۹۲، ۲۱۲ ل

* ئارام کاکەی فەلاح : چاوەڕوانی (ڕۆمان)، ستۆکهۆڵم - سوێد ۱۹۹۲، ۹۸ ل.

## ڕۆژنامە و گۆڤار

* کوردستان : ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران. ژمارە : ۱۸٤، ۱۸٥، ۱۸٦، ۱۸۷، ۱۸۸ ( ئاپریل – نووت ) ۱۹۹۲.

* پەیڤ : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی وەرزیی گشتییە، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن بڵاوی دەکاتەوە، ژمارە : ١٦ ، ئۆگوستی ۱۹۹۲.

* مەڵبەند : بڵاوکراوەیەکی مانگانەی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردە لە لەندەن، ژمارە : ۲۸، ۲۹، ۳۱، ۳۲، ( مای – ئۆگست) ۱۹۹۲.

* ڕووناکی ( ئیسلامی، سیاسی، گشتی) ئۆرگانی حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد، ژمارە : ۲ ، ساڵی یەکەم، شەووال ١٤١٢ کۆچی.

* سپیدە : گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە، سەرپەرشتی گشتی : عەبدولڕەحمان پاشا، ژمارە (۱)، هاوینی ۱۹۹۲.

* شەهادە : (ڕۆژنامەی ئیسلامی، ڕامیاری، هەفتەیی) : ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیی عێراقە، ژمارە : ۳۹٦ ، ۳۹۸ ، ٤٠١ ، ٤٠۷ ، ٤١١ ، ٤١۳ ، ٤١٥ ، ٤١٦ .

* هەڵەبجە : گۆڤارێکی ئیسلامیی سەربەخۆیە، دوو مانگ جارێک لە لایەن یەکێتیی ئیسلامیی کوردییەوە لە سکاندیناڤیا دەردەچێت، ژمارە : ۸، ساڵی چوارەم، ئاب

١٩٩٢ (سەفەر ١٤١٣ك).

* دیدار : گۆڤاری یەکێتیی لاوانی کورد لە سوید، ژمارە : ١ ( ئاپریل)، ژمارە : ٢ ( یوولی ) ، ژمارە : ٣ (سێپتەمبر ١٩٩٢.

* ڕەوشەن : کۆڤارا ناڤەندا چاندا مەزۆپۆتامیا (ئەستەنبوول)، هەژمار : ٥ ، تیرمەهـ ١٩٩٢.

* ڕۆژا نوو : گۆڤارا هونەری، چاندی و ئەدەبی، کۆمکار – سوید، هەژمار : ٣٤ ، تیرمەهـ ١٩٩٢.

* كردستان المسلمه : إسلامیه، دوریه، جامعه، یصدرها الإتحاد الإسلامی الکردستانی، العدد الأول، السنه الأولی، نیسان ١٩٩٢.

* كردستان المجاهده : مجله سیاسیه جامعه، یصدرها الحزب الإسلامی الکردستانی، العدد الثانی، آیار (مایو) ١٩٩٢.

* بانگی هەق (نداء الحق) : مجله إسلامیه شامله ، تصدرها الرابطه الإسلامیه الکردیه ، العدد الرابع (فیبرایر) ، العدد الخامس (أیار) ١٩٩٢.

* النفیر : تصدر عن الحرکه الإسلامیه في کردستان العراق ، العدد التاسع ، آذار ١٩٩٢.

* پێشڕەو : ئۆرگانی سازمانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە ، ژمارە ٣٨ ، دەوری دووهەم ، ڕەشەمەی ١٣٧٠ (مارسی ١٩٩٢).

* خەبات : ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان – عێراق ، ژمارە : ٦١٨ ، ئازاری ١٩٩٢.

* ئاوێنە : ئەدەبی ، فەرهەنگی ، کۆمەلایەتی ، ( تاران – ئێران)، ژمارە : ١٠ ، ساڵی ١٣٧١ (١٩٩٢).

* ئاوارە : گۆڤاری ئەدەبی و هونەریی کۆڕی ئاوارەیە ، ژمارە : ١ ، زستانی ١٩٩١.

* کوردنامە : دەنگی کۆمیتەی کاک (لەندەن) ، ژمارە : ٢١ ، حوزەیرانی ١٩٩٢.

* سروە : گۆڤاری فەرهەنگی ئەدەبی ، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ، ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی ، ورمێ – کوردستانی ئێران، ژمارە : ٦٥ ، ٦٦ ، ٦٧ ، سەرماوەز ، بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٧٠.

* الثقافه الکردیه : مجله ثقافیه عامه یصدرها المرکز الثقافي الکردي في لندن، العدد ٣ ، شباط ١٩٩٢.

* دلانپار : دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان (لە فینلاند) ، ژمارە : ١ ، ٢ (١٩٩٢).

* جیهاد : دەنگی بزووتنەوەی ئیسلامیی عێراق (مانگنامە)، ژمارە : ١٩٨ ، ١٩٩ ، ٢٠٠ ، ٢٠٢ ، (١٩٩٢).

* نوودەم : کۆڤارا هونەری ، ئەدەبی و چاندی. خودی و بەرپرسیاری گشتی : فرات جەوەری ( سوید) ، نومرۆ : ١ ، ٢، ٣ (١٩٩٢).

* یەکگرتن : گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی تیۆرییە، بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە. سەرنووسەر : هەڵکەوت عەبدوڵڵا. ژمارە : ١٥ (١٩٩٢).

* شەبەنگ : ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە نۆرویژ ، ژمارە : ٢ ، ساڵی دووەم ، ئاپریلی ١٩٩٢.

* ڕووناکبیری : گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید. ژمارە : ١ ، مارتی ١٩٩٢.

* مەم : گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە ، نووسەرانی شەقڵاوە دەری دەکەن. ژمارە : ٢ ، کانوونی یەکەم ١٩٩١.

* گزنگ : گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی ئیسلامییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت. ژمارە : ٦ ، ٧ (ساڵی دووەم) ، بەفرانبار ١٣٧٠ ، ئادار ١٩٩٢.

* گۆڤاری کەلەپووری کورد ، گۆڤارێکی وەرزییە، کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی دەری دەکات. ژمارە ١ : (نیسانی ١٩٩٢).



* خەرمانە : گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبیی ڕۆشنبیرییە لە سوێد بلاو دەکرێتەوە. سەرنووسەر : حەمەسەعید حەسەن. ژمارە : ٥ - ٦ ، هاوینی ١٩٩٢.

* جودی : مجله شهریه تصدرها اللجنه الإعلامیه في پارتیا إسلامیا کردستاني (دوریه موقته)، العدد : ٢ ، السنه :١٢ ، تموز ١٩٩٢.

Kurdistan in the media : Publication of Kurdish National Congress of North America. Vol.3, January – March 1992.

Newsletter, Kurdish National Congress , Vol. 4 , No. 3, May 1992.

Bollettario : quadrimestrale di scrittura ecritica, n. 5/ 6, Anno 2 / Magio/ Seb–temre1991.

( لەم ژمارە تایبەتییەدا بەرهەمی چواردە شاعیری کورد کراوە بە ئیتالیایی و خاتوو میرێلا گالیتی ، کە کوردناسێکی ئیتالیاییە، لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر شیعری کوردی نووسیوە).

National Geographic:official Journal of Society, the National Geographic Washington, D.c. Vol. 182 , No.2 August 1992.

(لەم ژمارەیەدا ڕیپۆرتاژێکی دوورودرێژ لە بارەی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە: ل ٣٢ - ٦١)

Kurdish life : A publication of the Kurdish Library (Newyork), Number Two , winter 1992.

# هەژین

شێرکۆ بێکەس

تەمووزی ١٩٩١

بە باڵەبانی چ ژانێک بتژەنم؟
بتنێم بە لالیوی کام شوانی حەسرەت و گوناهەمەوە؟
تا بیستتم بە بارانی ئەم دۆزەخە شیرینە
گوڵ گوڵی و تەڕ و پاراو بی؟
بە کام ڕەنگی تێرئاو بە ئازار، پڕوپێت شێت بکەم ؟
بۆ ئەوەی لە خاچی ئەم باڵا سوورەی ئاسۆمەوە
بناڵێن ؟
لە پێدەشتی ئەم گومانە زەرد و بەرینەدا
کام ئەسپی یەقین بناژوێنم ؟
بۆ ئەوەی بگەمە هەواری خۆڵەمێشت ؟

ناتوانم بتژەنم و بتکەم بە باڵی ئەفسانەی ڕوانینم
هەتا دڕ بە ئابلۆقەی ئەم وەرزە نێزە بە دەستانە
نەدەم،
ئابلۆقەی : هەوەسە زێڕینەکان.
ئابلۆقەی : دەمامک.
ئابلۆقەی : کتێبە چەکمە لە پێیەکان
ئەم بەیانییە دەستی خۆم
لە کۆتی شانی خۆم ئازاد کرد و
پێم وت : بچۆ
« با » لەسەر « ئاو » بنووسەرەوە
گەردەلوول بخوێنەرەوە
ساکاریی بکە بە تەم و مژ.
شەوەزەنگ هەڵهێنجە
بۆ هەڵتەکاندنی بورجی سیای فەرهەنگەکان
بوومەلەرزە بە.
سیحری شیعر بەو سرووشت تەوق کە.
ڕێی نەهاتێ بگرە کە وتیان پیا مەڕۆ.

لە ڕواڵەتی بە بریق و باقی گەڵاکان گەڕێ و
بەرەو بنج داگەڕێ.

پێم وت : بڕۆ و گوێ مەدەرە « سەرەم.
« سەر » م : ئەو سوڵتانەی تا ئەم چرکەیەش
هەر خۆی لە کفنی تاریکستانەوە پێچاوە و
بە دڵنیایی‌یەکی گەوجانەوە هەتا ئێستەیش
لە نێو تابووتی پەندە بۆیرشەکاندا ڕاکشاوە.

بڕیارم دا، ئەم بەیانییە، وا بتژەنم.
بڕیارم دا، دەست بکەمە گەردنی مەحاڵی ئەودیو
سنوورەکان
چوارچێوەکان فەرامۆش کەم
گەردوون بێنمە نێو چاوانمەوە
بە باڵی فڕینێکی بێ کۆتایی ئەوینت بکەم بە ئاسمان.

پەنجەکانم بەرەڵاکرد :
بۆ ئەوەی شار و شارۆچکەی ئەم « زمانە » بهەژێنن
ئەو دیوارە نەفرەتییانە برووخێنن
کە قامووسی تاریکی و وشەی نۆکەریی دەست لەسەر
خەنجەر
سەقامگیری کردوون.
قەڵەم بەدەوری کاغەزدا کەوتە حیلە :
دواتر بوومە یاوەری و بە جووتە
ملی بن بیقە ترسناکەکانی ئەوینمان گرت.
باڵە خویناوییەکانی قەڵەمم داگیرسان
ئەو باڵانەی وەک باسکی داستانەکان
سرەوتیان بۆ نەبوو.

لەو هاوارانە ئەچوون کە لە دووریانی
ئەمری و بزربووندا ،
بە مەحاڵی بەخشندە،
بە ترسی ئێسک سووک،
بە مردنی بە شۆڕش ڕازاوە،
ئەگەن و ماچیان ئەکەن.
مێژووش خێڵی تۆڵە بوو.
دەمی بڕندەی ئەو یاسا بەردینانە بوو
کە هەموو ڕۆژێ لە سەر سەکۆی خوایەکی دڵڕەق
وەکوو ئاسکێکی پەراگەندە و لانەواز، سەریان ئەبڕیم.
بەڵام من دوای هەموو سەربڕینێ
هەڵئەستامەوە سەرپێ
دیسانەوە ڕووم ئەکردەوە : ڕووگەیەکی تازەی تۆ.
گیانی نوێخوازم.. گیانی گەڕیدەی ڕەجم کراوم
وەکوو « سەمەندەر »
دیسانەوە بە خەون و گۆرانی و سەما
هەڵئەگیرسایەوە، دائەمرکایەوە، هەڵئەگیرسایەوە،
ڕێگەم
ڕێگەی ئەوینی ڕووت و ڕەجاڵم :
بۆ ئاوی تینوو،
بۆ گوڵە گەنمی برسی،
بۆ پرشنگی وێڵی بێ ئەنوا.. ئەکردەوە.
هیوام
ڕافزییەکی عاشقی بێ پشت و پەنایە
سۆزەکانی « حەللاج » ناوکیان بڕیوە.
من سەرەتای ئەو یاخی بوونەی مەرگی خۆم ..
سەرەتای ئەو شێت بوونەی دەستم لەبیرە :
کاتێ پەنجەم لە سەر گرێۆڵکەیەکی شەوەزەنگی زمان
کەوتە قاسپەقاسپ و خوێندنی ڕەنگاوڕەنگی
بە گوێچکە ناناشنا و بە چاو نامۆ .
لەوساوە ئیتر یەکەمین هێڵی کازیوە
لە مناڵدانی « ڕستەیەکی نوێدا »
سەری لە قەڵەم جووقا و بەنەفرەت کرا.
ئەوسا منیش نەفرەتم
لە یەکەمین لەدایکبوونی شێوێنراوی خۆم کرد.
بەفری ڕوانینێکی نوا باریوم
پێشکەشی بوونم کرد :
کە لە گەرووی سێدارەکانمدا زابوون.
« ئەو سێدارانەی هەموو شەوێ
لە ژوورەکەمدا ڕیز ئەبن »
لە فرمێسکی ئەو گوڵە نامۆیانەدا
« کە لەسەر مێزەکەم .. هەڵئەقوڵێن »
لەو نیشتمانە گرمۆڵەیەدا
« کە سەری لە گوێ قەبری چرپاکەم ئەلەرزێ »
جارێکی تریش گوڕم بەستەوە
گوڕبەستنەوەی شەیتانێکی دڵ نەرمی بازۆڵە ئەستوور.
بێباک بووم، بێ دەربەست.. لە چاوی
ئەو وشە - چاسووسانەی
شوێن پێی شەپۆلیان هەڵگرتبووم.
بێباک بووم، بێ دەربەست لە دوای
ئەو « زاراوانەی » بۆ خەیاڵم ترابوونەوە.
ئیتر ئەوسا
« قەناعەت » م وەک بلیتی « یانسیب » ێکی دۆڕاو لەت
و پەت کرد.
زەمانم وەک سەعاتە ژەنگ گرتووەکەم شکاند.
بە هەوێنی تیشکی ئەم بەیانییەیش
نانم بۆ خۆشەویستییەکی هەژار و بێ داڵدە و
نیشتمانێکی ئاوارە کردەوە.
ئەو دەستەیش کە بەڵێنی
هەژێن و بوومەلەرزەی بە « زمان » داوە
بارانی خەون، لە هەرەتی تێکشکان و هەرەسدا
لە سەر تەم تووەمان ئەنووسێتەوە.

# چەتە

کوردان

زستانی ١٩٩١

یادێک لە تێکۆشەری زانا و دڵسۆز شەهید قەرەنی کەریمی.

ئەوەندە دوور نەبوو کە بۆی ئەکەونە بەر نیزەی تفەنگ و بە یەک دوو فیشەکان نەتوانێ لە پەسیو گابەردەکەدا ساردیان کاتەوە. کەس لە دەست و تفەنگ و سێرەگرتنەکەشی دوودڵ و دڵ بەگومان نەبوو، چونکە ئەنگێوە بوونەکەی وەک دەگوترا دەگەڵ ژەک و شیری دایکی بە ئەوکیدا کرابوو. لە باوک و باوکەوە هەر بەم جۆرە بوون وەهەر بەم چەشنە بوون. بنە و بنەچەکیان لە هۆزی قەڵخانیدا بوو بە تفەنگ چاویان پشکووتبوو و چەک بە شانەوە دەمردن. ئەو خۆیشی لەو دەمەوە کە خۆی ناسیبوو، جگە لە شەڕی عەشیرەتی و تەق و ڕەوی هۆزایەتی کە خاراندبووی، بە دەیان و سەدان جار لە مەیانی تیر و لە گۆڕەپانی مەشقی سەربازگە و لە شەڕگەی چیاکانی سەر سنوورانیشدا بەتاقی کرابۆوە و بە چاو بینرابوو. ئازایەتییەکەیشی قسەی لەسەر نەبوو؛ بەوری چیا چی لە توانایە، ئەو کردبووی و نەپرینگابوویەوە. هەر لەو دەمەوە کە جلکی سەربازیی لەبەر کرابوو، چەند جاران میدالیای ئازایەتی و ئەنگێوەیی لە سنگ درابوو. دە ساڵ لەمەوبەر، سەرداری سوپای ئەرتەش لە بەشی ڕۆژئاوای وڵاتەوە، بە بۆنەی ئازایەتی و پاڵەوانیتیی « زۆراب کوردە » لە دامرکاندنەوەی هەرای چەتە و ڕێگرەکانی مەڵبەندی موکریاندا، لە بەرانبەر سەدان چەک بەشانی ئەرتەش، نیشانی بەرزی « هومایوونی » ی لە سنگی چەسپاندبوو و ناو تەوێڵە زەق و ڕەقەکەی ماچ کردبوو. هەر نەک نیشانی بەرزی هومایوونی، بەڵکە دوو مانگی هاوینیش بۆ ڕابواردن ناردبوویە داوێن و ڕۆخی نەرم و گەرمی دەریای « خەزەر » و هەر لەوێندەرێ بەهەشتێکیان بۆ تەرتیب دابوو، کە دینی دینداران لەق دەکرد. هەر لە گەرمەی گەرمای هەمێزی پەریزادەکانی ئەم بەهەشتە ڕەنگینەشدا بە گوێیاندا خوێندبوو کە دەبێ چاوکراوەتر و وریاتر بێ و موو لە ماست دەربکێشێ، دەنا لەوانەیە ئاژاوەچی و چەتە و ڕێگر شەو بە کێوەکانی ماڵ لە چیا بیشێوێنن و ئەم بەهەشتە ڕەنگینەی لە دەست دەربێنن.

لە پەسیو بەردەکەوە ملێکی بەرز کردەوە و سەیرێکی نێوان قەڵشی گابەردەکەی بەرانبەری کرد. لێی بێ شک بوو کە هەردوو چەکدارەکان لە پشت گابەردەکەدا ماونەتەوە و ڕێی دەرچوونیان براوە. ئەو دیویان هەڵدێرێکی ڕژدە، ڕێی سەرەوەیان زەرد و ماهێکی حەستەمی ڕووتەنە، داوێنی خوارەوەیان لەبەر تیژەی تفەنگی سێ ژاندارمی خوارووتردایەو باڵدار ناتوانێ لەبەری دەرچێ، کەوایە هەر وەک بەچکە کەو نێچیری باڵ و پەڕ بەستراون و درەنگ یان زوو دەکەونە بەر گوللە و کاریان بە ئاخر دەگا. بە نیگای تیژی چاوەکانی سەیرێکی وردی سەرووژێرانی کرد و لەپڕ هەروەک بەوری چالاک، لە بن بەرد خزی و خۆی هاویشتە باوەش دەوەن و پۆلە شیلانەکانی سەرووتر و بە سنگەخزە هەتا پشت تاوێرەبەردێکی ژێر زەرد و ماهان هەڵکشا. دوو فیشەکی بەسەر سێ ژاندارمەکانی خوارووودا هەڵتۆقاند و لە پەسیوە تاوێرەبەردەکەشەوە چاوێکی لێ کردن. ژاندارمەکان هەر لەو شوێنە دامەزرابوون و جووڵەیان نەبوو. سەیرێکی حەشارگەی دوو چەکدارەکانیشی کرد، تفەنگ و جانتایەکی لە قەڵشی بەردەکەدا بینی. بە لای خۆیەوە گوتی « من دوو کەس و دوو چەکم لێ بڕدان و ئەمهێشت بەرەوخوار بچن و لەداوی دەسرێژی فەرماندەی مەزن بکەون. چوارەکانی ترم بە چاو بینی کە کوژران و تەرمەکانیشیان هەر لەو شوێنە جێ مان؛ ئەی ئەم چەک و جانتایە دەبێ هی کێ بێ و لەم کەلێنەدا بەبێ خاوەنی بۆچ دەبێ مابنەوە؟ نەکا ئەم زەنگۆڵە حەشارگە و مێنگەیان بێ و پڕ بێ لە چەک و چۆڵ؟... ئەودەم چی بکەم و چی بێ هەڵوێستم؟».

ئەودەم کە چەندییەک لە گوندییەکان هاتنە لای سەرۆکی بنکەی ژاندارمی دێ و پێیان گوت کە تیم و تاقمێکیان لە قەوغاترین پیرە لێرەوارەکەی خوار گەرووی سپی کێودا هەست پێ کردووە، سەرۆک بەبێ ساوەساو، گوندییەکانی دەسبەسەر کرد و ڕێی هاتن و چوونی گوندەکەشی بڕی. ئەوسا فەرمانی ئامادەبوونی دەرکرد و هەر خود بۆ خۆی لەگەڵ ناوەندی تیپی ژاندارمی « سیاکەل » پێوەندی گرت و بۆی لە تەل دان. ناوەندی تیپی سیاکەل ـ یش، بۆ ئامر بەتالیۆنەکانی دەورووبەری لەتەل دا و مەڵبەند بە گشتی ئامادە کرا. لە « لاییجان » ەوە هێلیکۆپتەر فڕین و هێزی کۆماندۆی تایبەتییان لە سیاکەل هەڵڕشت. فەرماندەی مەزن کە دەیانگوت خودای شەڕی چیا و چۆڵانە و دەرسی ئەم بەزمەی لە ئەمریکا خوێندووە و لە ڕۆژهەڵاتی دوور، دژ بە « ڤیەت کۆنگ » ی بەتاقی کردۆتەوە، نەخشەی نیزامیی لەسەر مێزیان کردەوە و بە نووکی

داره باریک و سپی و لووسەکەی ، مەڵبەندی شەڕی بۆ سەرپەلەکان دەستنیشان کرد. مەڵبەندی چالاکی و چنینەوەیان وەک توورەکەیەکی سەربەرەژوور، کە زارک و گەرووەکەی دەکەوتە تەرک و بنەبای دۆڵ ، لەسەر کاغەز ڕەسم کرا و گەلاڵەی هێرش و گەڕانەوە و تێکەوپێچان دارێژرا. فەرماندەی مەزن، هەر خۆی بۆ خۆیشی تاقمێکی دەکەسی هەڵبژارد و کاتژمێری نۆی بەیانی دەستیان پێکرد. زۆراب کوردە، قارەمانی شەڕی مەڵبەندی موکریان و بەلووچ و بەختیاریش هاوەتەرێزی فەرماندەی مەزن بوو.

لە پەنا تاشەبەردەکەوە دیسان سەرێکی تری هەڵبڕی و سەیرێکی تری خواروەی کرد. تیشکی خۆری ئێوارەدەسان کەوتبوویە سەرپشتی گابەردەکە و قەڵش و کەلەبەرەکەی نێوانی، سێبەری کەوتبوویە. چەک و جانتاکەش کەوتبوونە بەر سێبەر و زۆر بە جوانی لەبەر سێرەی چاویدابوون. تەنانەت فیشەکخۆری چەکەکەشی لێ دیار بوو. دەکرا بە فیشەکێک، فیشەکخۆری چەکەکە بتەقێنرێتەوە و چی زیندەوەری تێدایە، ساردکرێتەوە. چەکەکەی گرتە سەر دەست و بە سنگەخزە کەموسکێکی تریشیان بۆ داخزی . لەم شوێنەوە ئیتر دەکرا بە هەڵمەتێکی کوتوپڕ، خۆیان دەپاڵ بهاوێژێ و بە ئارەزووی دڵ بگا. هەر لەوێوە چاوێکی وردی لە داوێنی شاخەکە کرد. لە قەدی هەرەخوارووی شاخەکەوە، دارستانی لێڕەوار، سەرەیان بەستبوو و دۆڵ و دەرەیان تەنیبوو. لە سنووری لێڕەوار بەرەوسەر، کورتەڵە داری ئێزگیل و پنج و دەوەنی زریشک و تاڵکە چەقالەی لێ دیار بوو. لە مەتەرێزەکەی خۆی و دوو چەکدارەکەی بن گابەردانیشەوە بۆ سەر ڕووتەنێکی تەقتەقی بەردەلان، هەر وەک کڵاو بەسەر چیا ڕۆ کرابوو. لە سنووری پنج و دەوەنەکاندا، سێ ژاندارمی هاوسەنگەری دامەزرابوون و گەرووی چەکەکانیان یەک ڕوو بە ڕۆژهەلات و دووی تریان بۆ لای ڕۆژئاوا ڕاگیرا بوو. سێ ژاندارمەکان بۆ بەشە ڕاو و ڕووت بەم تیرەگەدا هەڵکشابوون. لێیان یە قین بوو کە زۆراب کوردە بۆ ڕاو و ڕووت ئەم چەپە بەندەنەی گرتۆتە بەر و دەیەوێ بە تەنێ دەست بەسەر باغەڵ و جزبک و گیرفانی چەتەکاندا بگرێ و پشکی کەس نەدا. ئەم تیرگە لە نەخشەو پلانی چالاکییەکاندا نەبوو.

نەخشە و پلانەکەی فەرماندەی مەزن زۆر زانایانە داڕژاو و گەلێ ئازایانە دەکار کرا. کاتژمێر هێشتا شتێکی وای لە دەی بەیانی لای نەدابوو کە هێزی خۆشبەزی ژاندارم و پۆلیس حەشارگەکەیان دۆزییەوە و لەسەر بەرە و خوار دایانپەڕاندن. زۆربەی هەرەزۆری هێزی فەرماندەی مەزن لەسەرەوەی بستووی پڕ لە دار و درەخت دامەزرابوون و ئەرکی هەرەگرنگیان تەق و ڕەوی پێ وچان و داپەڕاندن لە سەر بۆ خوار بوو. تەقە دەستی پێ کرد. دەنگی خشە و خشپەی گەڵا بە دەم شنە، چریوەی پۆلی مەلان، باعە و باڵەی کارماز و کارژۆڵەکانیان و دەنگی جەنگەڵ کەوتە بەر خرمەی تاق و ڕێزی تفەنگ و سریوە بڕا. چی لە جەرگی زەمەند و خەستایی ی لێڕەکەدا بوو، بە دوو لاشانی داوێنی پڕ لە دار و درەختدا بڵاو بوونەوە. لەسەر بستووی دوولاشانی داوێنانیشەوە تەقە دەستی پێ کرد و ڕێی نەجات و ڕزگاریی کاتی، هەر بەس بەرەو خوار تەرک و بنەبانی دۆڵی قووڵدا کرایەوە.

زۆراب و سێ ژاندارمی دی، لە خواروەی دارستانەکەوە زارکی دۆڵێکی بچووکیان پێ ئەسپێردرابوو . دوویان لەم بەر و دووی تریان لەوبەرەوە دامەزرابوون و دەبوو ڕێی پێداهەڵچوونەوەی چیایان لێ بگرن و پاش دەسرێژ، پاشماوەکەیان بەرەو خوار داپەڕێنن. فەرماندەی مەزن و شەش کۆماندۆی تریش لە ئاخر قۆناخی داوەکەدا ، بە مەبەستی ئاخر چنینەوە و ڕنینەوە، بە ئەرخەیانی بەشی هەرەخوارووی بەرەکەیان گرتبوو.

تەقە دەستی پێ کردبوو. شنەی بەیانان، دەنگی خرمژنی هەزاران فیشەکە شێتەی بە دۆڵدا دەکێشایە خوار. جارانیش بەدایم، بە بارستاییی هەموو مێژووی تەمەنی زەوی، بەیانیان ئەم شنەیە لە بەرزاییی چیاکان بەرەو خوار دەهات و بەرامەی فێنکی بە ژێر داری دارستاندا دەکێشا و بەرەو پێدەشتەکان دەچوو. هەر بەدەم ئەم شنە فێنکەشەوە، جاران، دەنگی جریوەی مەل و باڵەو باعەی کارو کارماز به دۆڵدا دادەکشا. بەڵام ئەمڕۆ دەنگی تاق و ڕێزی فیشەک بە دۆڵدا دێ. زۆراب بە وردی گوێچکەکانی بەرەو دەنگ ڕاداشتبوو. ئەو بەم تەق و تۆقە ڕاهاتبوو. ئەگەر هەموو جیهان پڕی دەنگی تەقە بووایە، گوێی نەدەبزووت. ئەو لە نێو ئاخنی دەنگی تەقەدا گوێی لە زایەڵەی دەنگێک ڕاداشتبوو، کە جارجار زۆر بە کزی دەهات و دەخەوتەوە. بەڵام خرمژن و زرمەی بێ ئامانی چەکی سووک و قورس، ڕێی بە شنە نەدەدا کە ئەم زایەڵەی بە گوێ بگەیەنێت.

بەرەبەری سەعاتی دوانزدە بوو کە دەنگی خرمژن و شریخەی سەر تیشەکان سرەوایەوە و شەڕە تفەنگ لە جەرگی جەنگەڵدا دەستی پێ کرد. ئیتر شنەی بەیانانی لێڕەوار دامرکابوو و گەرمای شێداری ناو دار و درەخت بەسەر جلک وبەرگدا قورسایی ی دەکرد. زایەڵەکەش دەمێک بوو خەوتبۆوە و جگە لە دەنگی شەڕە تفەنگ، هیچ دەنگێکی تر بۆ بیستن نەبوو کە بیبیسترێ ، لە پڕ، لە

نزیکەوە دەنگی پۆلێ کوڕی لێز بە دارستاندا گەڕا. دەنگەکەیان زوڵاڵ بوو. دەنگی سروودی پێشمەرگەی جەنگاڵ بوو. سروودەکە پەنجەرەیەکی بچکۆلانە بوو بە ڕووی ڕووناکیدا دەکرایەوە. تاقە مۆمێک بوو بە شۆقی کەمەوە، هەر وەک مۆمەکەی ڕەزهوانی سەردەشتی، لە تاریکایی‌ی جەنگەڵدا دەنایسا و دەورووبەرێکی ڕووناک دەکردەوە. دەنگی کۆڕی سروودی لاوان بوو کە ڕوون و ڕەوانتر لە ئاوی کانیاوی کوێستان، بە جەنگەڵدا دەگەڕا

« ئەی هاوڕێیان ! قارەمانان

ئێوەن پێشەنگی کاروانی ڕێی تێکۆشان

..............................

..............................»

زۆراب دەنگەکەی بە دڵ وەرگرت. لەجێ هەستا و لە مەتەریز هاتە دەر. هاوسەنگەرەکەی پێی گوت :

– زۆراب دانیشە ! کاتی هەستان و پیاسەکردن نییە. مەگەر نابینی تەقە نزیکتر بۆتەوە و چی نەماوە ئێمەش دەس پێ بکەین؟

– من پێم وایە کەس بەم دۆڵە کوێرەدا نایە. ئەوان ئەوا لێوارەولێوار بە کەنار چەمەکەی ژێرەماندا دەڕۆن و ئێمە چی نابینین و چیمان دەست ناکەوێ.

– مەسەلە دەسکەوتی من و تۆ نییە. مەسەلە فەوتاندن و ڕیشەکێش کردنی چەتە و ڕێگرەکانە. گەر یەکیان لێ دەرچێ، سبەی من ژیانم پێ نامێنێ و نان و دوم دەبڕێ. تۆ ئێرەیی نیت و سبەی لێرە دەڕۆی. تۆ ئەمانە ناناسیت. ئەوە منم کە دەبێ لە سێبەری خۆم بترسم و شەو بۆ ئێشی دەر لە بینینی نیسێی مێشەکوێرە زراوم بچێت.

– مەترسە لالۆ ! بەم داوە پڕ گوللە و دەرمانەی کە فەرماندەی مەزن لە ڕێی ئەم چەند کەسەدا دایناوەتەوە، ئەرخەیان بە شەو بە کەیفی خۆت لە دەر بۆی دادەنیشی و تەپۆش لێت نانیشێ. گەر منیش بچمە سەر بەرەگەیان، کەسم لەبەر تیر ناخەڵەسێ... ئەوەی لە چنگ منیش دەرچوو، بەشی ئێوە و فەرماندەی مەزن بێ.

زۆراب بەسەری پڕ خەیاڵەوە هاتە خوار. کەمووسکێک بە دۆڵدا هەڵکشا و پشتی هاوسەنگەرەکانی خۆی گرت. دانیشت و بە لای خۆیەوە گوتی :« هەرچی تۆ دەتگوت هەرهەمووی ڕاست بوو. من هەڵە بووم. من خۆم فرۆشت و دەستی پانی ناپیاوەتیم پانتر کردەوە، بەڵام ئێتر چوو؛ چوو گەڕانەوەی بۆ نییە. تۆ پیاوانە لە ڕێی شەرەفدا چووی و ئەگەر تا بە ئێستا لە زینداندا زیندەبەگۆڕ نەکرابی، لە پێناو ئەو بیرو باوەڕە بەرزەتدا بەندەکەت گەلێ گرانە.

بەڵام من چی؟ من هەر وەک سەگ بە شوێن سەوڵەدا هاتووم و لێرە دە گیانی ئەمانە بەربراوم کە هی وەک فەرماندەی مەزن، چەتە و ڕێگریان پێ دەبێژێ... هەر ئەو دەم کە لە کوشتارەکەی موکریان گەڕامەوە وپێم گوتی چەندەهام چەتە و ڕێگر کوشتووە و چۆنم وڵات ئەهوەن کردۆتەوە، تۆی برای بڕبڕەی پشتم بێت گوتم کە چی کردەوەیەکی پڕ لە شوورەییم کردووە و چۆنم دار لە گیانی خەڵک داوە. بەڵام ئەودەم سواری ئەسپەشێنی خۆخوازی ببووم و بە دەستدا هاتمەوە و گوێم نەدایەی. ویستت چاوم بکەیتەوە، بە قسەم نەکردی. پێت گوتم کە بە دەست و چەکم ، بە غیرەت و ئازایەتیم و بە پارە و پوولێکی کە لە بری کوشتنی هیوا و هومێدی خەڵک پێیان داوم، لەخۆ بایی بووم؛ ڕاستت دەگوت و من وەتۆ بووم کە بووم... فەیزە ! ... تۆ، بە تەمەن چوار ساڵێک لەمن ژێڕاتر بووی، بەڵام ڕادەی فامی تۆ لە ئاسمان بوو و هی من لە ناخی چاڵی هەرە تاریکی نەزانیندا. ناچی لە بیرم فەیزە... لەبیرم ناچی فەیزە کە پێت گوتم : « ... ئەرێ لەو گشتە چەتە و ڕێگرەی کە تا بە ئێستێ کوشتووتن، تاکێکیانت بە ڕەنگ لە نزیکەوە بە چاو بینیوە؟ دوو قسەت لە گەڵا کردوون؟ ... بینین و قسە لەگەڵ کردنەکەیان خەڵاتی چاوەکانت بێ برا، ئەرێ هەر وەکی ڕەوشت و ئاکاری خۆتانە، قەت جۆرک و گیرفانی کوژراوەکانت پشکنیوە کە بزانی لەم چەتەیی و جەردەکاری و ڕێگرییەدا، چەندیان پێ براوە و چییان لە باخەڵدایە؟» ... نە»، فەیزە ... نەخێر برا، قەت تاکێکیانم نە بە زیندوویی بە چاو بینی کە دەمیان دەگەڵ ببزێوم و نە بە مردوویی، کە جلک و بەرگی بەریان بپشکنم و بزانم چییان لە باردایە. بەڵام هەر ئێستا براگیان، ئەوا دەنگی دڵێریانم بە گوێ دەگا. دەنگ و سەداکەیان ئاوەزێڕی میدالیای هومایوونیی لاسنگم کاڵ دەکەنەوە و ڕووی دەڵب و قەڵبی هومایوونییەکانم بۆ دەردەخەن. تۆیش ئەنگێوە بووی و ئازا، بەڵام ئازایەتی و ئەنگێوە بوونەکەی تۆ بە فیڕۆ نەچوو. تۆ لە ڕێی خەڵکدا چووی و من لە ڕێی سوورکردنەوەی کوڵمی سووری هەزار بنەماڵەی تاس و لووسکراوی لە ڕەنج بێخەبەر ...

خەڵفەساوای ژێر سێبەری سەرەوەی ڕوانگەی بەتوندی بزووتن و خشپە و هانکەی چەند پەڕەوازەی بەپەلە، ڕایەڵی خەونواندنەکەیان پساند. هەر لەو شوێنە کە لێی دانیشتبوو، لە پەسار کۆتەرە دارێکدا پەنای گرت و بە وردی چاوی تێ بڕین. خەڵفەساوا و لاولاوە و پنجەگیای شان کوێرە ڕێیەکەی بەر نیگای چاوی، ئاوسان و لەبەر یەک کشانەوە و زارکیان کردەوە و شەش ڕۆڵەیان لە داوێن هاتە دەر. چەک و گوللە و شەڕ و کوشتنی لەبیر چۆوە.

ئیتر ئەو لەو دەمەدا زۆرابە کوردەی ناو مەتەریزی چیاکانی موکریان و بەختیاری و سیاکەل نەبوو. قارەمانی بەکرێگیراوی چۆڵگە و بیرووتی وڵاتی بەلووچەکانیش نەبوو. ئەو لەو دەمەدا فەیزە بوو و دەیویست ڕێگر و ڕێبینان لە یەک هەڵاوێرێ.

بە کوێرە ڕێیەکەدا هاتن. دوویان لەبەرەوە و یەکیان لەدواوە دەڕۆیشت و بە وردەی ڕێی پێش و پاشیان دەپشکنی. دووی تریان لە نێوانی چاودێرانی بەرەو دواوە، لەژێر باڵی هاوڕێی پێکاویاندا کووڕ ببوونەوە. هاتن و بە بەردەم ئەودا تێپەڕین. ئەو چی نەکرد و هەر وەک ئاواتەخوازێکی تاسە لە دڵ شکاوی لەپڕ بە ئارەزوو گەیشتوو، تامەزرۆیانە و نائارام چاوی تێ بڕین. هەر شەشیان گەنج بوون. ئەوەی بەرەوەیان گوتی :

ـئازاد چیی بەسەر هات؟

ـ ئەوەی دواوە وەڵامی دایەوە :

ـ خۆی خستە ناو چەم و چەم بردی ... لە هەردوو قاچ چی بۆ نەمابۆوە کە خۆی پێ بەرێ بە ڕێدا.

هاوڕێی پێکاویان هاواری کرد :

ـ منیش بدەنە دەم چەمە خوڕینەکەی ناو دۆڵی قووڵ، لەوانەیە بە زیندوویی بگەمە پێدەشتەکان ؛ بە زیندووییش نەگەمێ، لەوانەیە تەرمەکەم، جانتاکەم، نووسراوەکانم بگاتە دەستی دنیای دەرەوەی جەنگەڵ و ڕێمان کوێر نەبێتەوە.

بە بەردەمیدا هاتن و هاوڕێی پێکاویان کێشا و ڕۆیشتن . تاسا، لە خۆی و لە دەست و تفەنگەکەی شەرمی کرد. چاوی لێ نەنووقاندن و بە چاو بەڕێی کردن. لە دڵدا گوتی : « هاوڕێکانی فەیزە ! من چەتەم. من ڕێگرم. من ڕووڕەشم. ئێوە بڕۆن بە خودام سپاردن. ».

بە ئەسپا هەستا و بە دوایاندا ڕۆیی. تفەنگ و شەڕ و شەڕگەی لە بیر چووبۆوە. دەنگوت بە شەقامدا دێتە خوار. لە پڕ لە زارکی دۆڵە بچووکەکەی ڕوو بە چیاکانەوە فیشەک بێ ئەژمار هاتنە دەر. دووی بەرەوەیان یەک جێ بەسەر یەکدا گلان. زۆراب ئیمانی خۆی. هەموو گیانی بوو بە کین و غەزەبی ڕوو بەهۆڵ، دژ بە هاوسەنگەرەکانی دامەزرا و بەسەریدا هەڵتۆقاندن. چوارەکەی تریان کەوتنە سەر سنگ و دەستیان وەشاندەوە. دەستیان کردەوە و بە سنگەخزە ڕۆیشتن و هاوڕێی پێکاویشیان ڕەکێش کرد. کە لەم بۆسەیەش دەرچوون، هەر تەنێ دوویان مابوون، هەردووکیان گەنج بوون و چوست و چالاک. هەردووکیان جانتا لە شان و چەک لەسەر دەست بوون. لە خوارووتری دارستان چییان ئەدەزانی و لە ئاخر داوی فەرماندەی مەزن بێخەبەر مابوونەوە. بە هیوای دۆزینەوەی ڕێی ڕزگاری، باوی هەنگاویان خۆش کرد و ڕۆیشتن. زۆراب پێشەبڕەی لێدانەوە و بەسەریانیدا هەڵتۆقاند. ئەوانیش شەڕیان لەگەڵ کرد و بە تیرمگی پشت دۆڵە بچکۆلانەکەدا هەڵگەڕان. ئەوان بۆ سەرهەڵگەڕان و زۆرابیش بە شوێنیاندا چوو. لە حەشارگەکەیدا بۆ ئاخرجار سەرێکی تری هەڵبڕی و دوو فیشەکی دیشی بەسەر سێ ژاندرمەکاندا هەڵتۆقاند. بە سنگەخزە هەندێکی تر لە گابەردەکە نزیک بۆوە و هەر لەو شوێنەی کە خۆی دیاریی کردبوو، لە پڕ هەستا و خۆی دەپاڵ هاوێشتن. بە دەم خۆدەپاڵ هاوێشتنیشەوە، هاواری کرد :

ـ « دەس ڕاگرن من لە خۆتانم ! »

تازە لە بەرزایی یەوە کەوتبووە ناو کەلەبەری گابەردەکە و هێستا دەمی لە پەیامی برایەتی نەببۆوە، کە یەکێک نێو قەدی گرت و ئامبازی بوو. زۆراب بەتواناتر و هەڵسووڕاوتر بوو. مەچەکەکانی گرت و سووڕاندی و خستی :

ـ گوتم لە خۆتانم، دەس ڕاگرە ! ... ئەی ئەوی تر چی بەسەر هات؟

ـ کوا، کەی تۆ لە ئێمە بووی؟ تۆ لە بەرەی دوژمنانی ئێمەی. تۆ ژاندارمی.

ـ هەتا چوار مانگ لەمەوبەر ژاندارم بووم. لەو ڕۆژەوە کە خۆمم ناسی، ئیتر ژاندارم نەماوم. ئەوا ئێمڕۆ ئیتر من زۆراب نیم فەیزەم.

ـ لێت تێ ناگەم نازانم مەبەستت چییە.

ـ پێویست ناکا لێم تێ بگەن. هاوڕێ چی لێ هات.

ـ ئەو بەردەوان بوو. من خۆم ڕەوانەم کرد. بەم ڕەوەزانەدا هەڵکشا و ڕۆیی. هەر چەک و جانتاکەی ماوەتەوە.

ـ تۆش بڕۆ ! من لە بری تۆ، بە چەکی خۆم و بە چەکی تۆ و بەچەکی هاوڕێ شەڕ دەکەم. کەسم پێ ناوەستێ. من پەروەردەی چەک و چیای کوردستانم ... تۆ بڕۆ و لەگەڵ خەڵکەکان بە و خەڵک بشڵەقێنە. پێشمەرگەکانی بەری ئێمە لەناو دڵی خەڵکدان، هەر بۆیە هەڵکەندن و فەوتاندنیان لە ئارای کەسدا نییە. بڕۆ بەڵام منیش لەبیر نەکەی، منیش خەڵکێکم.

سبەی بەیانی تەرمی لەبەر یەک هەڵوەشاوی زۆرابە کوردە، قارەمانی شەڕی چیاوچۆڵان، لە سەربازگەی لاییجاندا میداڵیای هۆمایوونیی لەسەرسنگ دانرا.

# کرێوە

فەرهاد شاکەلی


لە خەون و لە بێداریمدا هەر دێمەوە بەندەری ئاشنایێت،
تۆزی ڕێگەی ڕەقەنی سالانی بێبارانی
لە کاکۆڵم بتەکێنی .
خوێنی وشکەوەبووی سەر باڵی ئەسپەکەم دەپرووێنم،
با کەس بە ڕازی سەرهەڵگرتنەکەم نەزانێ.
تۆ پەی بەم دەردە بێئامانەم دەبەیت ؛
ڕەنگزەردییەکەم
لێت ڕوونە، خۆ، کە دووریی ئازیزە.
تینوێتی سەرەتای وەرزی گەڕانەوەم بوو، لە سەر سنووری وڵاتی شەو
تاجی پشکۆڕەنگی ترسم داگرت.
لە هەناسەی گوڵڕەنگی بەربەیانا نێرگسەجاڕێ دەشناوە، تاسەی
دیدارت بوو. بێدەنگیم دەکەوتە گروگاڵ، سایەی مەرگم لێ دەبووە
هەورێکی باراناوی، لە گەڵ هەڵکشان و داکشانی‌شەپۆلی
چاوەڕوانیمدا دەبوومە ڕووباری ڕۆژگار و دەبوومە
زەریایێ زەمان.
دەنگم لە دووی دوایین هەواری زایەڵەیەکی کۆچەری دەبێتە
بنجکێکی خزلاوی، لە گوێ ڕێگەیەکی کوێرەوەبوودا ڕەگ
دادەکوتێ، دەبێتە زەنگۆڵەیەکی ژەنگاوی لە باوەشی خامۆشیدا،
وردە وردە گۆرانیی مەرگی لە سەر زارە و خۆی دەســووتێنێ.

لە دوورەوە دەتبینم، هالاوی ڕەنگاوڕەنگی
دەشتێکی شۆرەکاتی
– لە نێوان (ئەزەل) و (ئەبەد) دا بەردەبازە–
ورێنجەت دێ.
ئەم تاریکییە شێدارەی هەموو وەرزێکم
بە کرێوەی زستانان دەڕەنگێنێ، بووار نادا...
بووار نادا دەستێکی گزنگ بێت و
دەرووییەک لەم قەفەسی ئادڵستانە بکاتەوە.

لەندەن ١٩٩٢/٣/٨

ISSN 1102 - 2000

# Mamostay Kurd



15

Antumn 1992